# کچانی چاکەکار

نووسینی

د. جمال ماضي

وەرگێڕانی

عبدالجبار قەرەداغی

چاپی یەکەم

(١٤٣٨)هـ (٢٠١٧)م (٢٧١٧)ك

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ


**ناسنامەی کتێب:**

- ناوی کتێب: کچانی چاکەکار
- نووسینی: د. جمال ماضي
- وەرگێڕانی: عبدالجبار قەرەداغی
- نۆبەی چاپ: یەکەم چاپ
- ساڵی چاپ: (١٤٣٨)هـ
- نەخشەسازی کتێب: عبدالجبار قەرەداغی
- چاپخانە: ناوەندی سارا
- نەخشەسازیی بەرگ: ڕێبین حسن قەرەداغی
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٧٧٦)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.



مافی چاپی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

## تێبینیو ڕونکردنەوە:

بۆ وەرگێڕان بۆ زمانی کوردیو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پڕ نرخو بەهایە، بە پێویستم زانی کە نامەیەکی تایبەت بنێرم بۆ نووسەری بەڕێز: (جمال ماضي) کە مۆڵەتم پێ بدات بۆ کارەکە، سوپاس بۆ خوا زۆر بە ڕێزەوە وەڵامی ئەرێنی پێدامو زۆر خۆشحاڵی خۆیشی لەسەر کارەکە دەربڕی وتی: شەرەفێکی گەورەیە بۆ من.

## ژیانی چاکەکارەکان

کچانی چاکەکار

کچی پێغەمبەران

کچی هاوەڵان

کچی شوێنکەوتووان

کچانی بانگخواز

کچانی زانا

کچانی تێکۆشەر

## پێشکەشە بە:

**دایکمان (حەوا)**

**(یەکەم کچی چاکەکار لەسەر زەویدا)**

دایکە حەوامان، ئایا منداڵێکی بچکۆلە نەبووە، پاشان بووە کچێکی جوانو ئاکار جوان، پاشان بوویە هاوسەرو پاشان بوو بە دایك، لەسەر ئەمەدا دایکمان حەوا یەکەم کچی چاکەکار بووە لەسەر زەویدا، لە بەهەشتدا ژیا لەناو ناز نیعمەتدا، پاشان باوەڕی بە قسەی ئیبلیسی نەفرەت لێکراو کردو هەڵی خەڵەتاندو سەری لێتێکدا، ئەوە هۆکار بوو بۆ دەرکردنی لە بەهەشتو بوو بە کچی سەر زەویو، حەوا یەکەم کچ بوو کە تەوبەکار بوو لای خوای گەورە، خوای گەورەیش تەوبە ڕاستەکەی لێ قبوڵ کرد و، گەیشتەوە بە باوکە ئادەم لە کێوی عارەفات، ئینجا ژیان بە شیرینیو تاڵیو جوانیو ڕەقییەکانییەوە دەستی پێ کردەوە. دایکە حەوا بەختەوەر بووە بە خواناسییەکەیو گوێڕایەڵیو پەرستشی بۆ خوای گەورەو بەشداری کردنی لەگەڵ هاوسەرەکەیو پەروەردەکردنی منداڵەکانیو هەڵگرتنی قورسیو نارەحەتییەکان. چونکە بەراستی لەسەر چاکەکاری پەروەردە بوو بوو، کچی چاکەکار ئەو کەسەیە کە ژیانێکی سەرکەوتوو دروست دەکات.

ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە دایکی خۆمو دایکانی ئێوەو دایکانی کچانی چاکەکار.

و یەکەم کچی سەر زەویش کە دایکە حەوایە. جمال ماضي

# کچانی چاکەکار بۆچی؟

کچان دایکانی داهاتوونو هۆکاری دروستبوونی پیاوانو پەروەرشیاری نەوەکانن، کاتێك ویستت ئاگادار بیت لە داهاتوی نەتەوەیەك، ئەوا سەرنج بدە لە کچەکانی، کاتێك کچانی هۆشیارو پێگەیشتوو ژیرو باوەڕدارو چاکەکارت بینی، ئەوا ئاگاداری ئەم ئوممەتە دەبێت بە داهاتوویەکی پرشنگدارو ڕووناك.

کاتێك کچێك دەبینیت لە ژیانیدا پێشەنگی نەتەوەکەیەتی، بەڕاستی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکەی بووە بە پیاوانو ژنانییەوە، نەك تەنها لەسەر هاوڕەگەزەکانی خۆی، لە دەروازەیەك نزیك دەبێتەوە بەرەو ڕەفتاری چاكو کردەوەی زۆر جوان. بەڕاستی هەر کچە چاکەکارێك تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، وای لێ کردووە پێوەی دەربکەوێتو ئامۆژگاری کچان بکات پێی، پاڵنەرە بۆی، پاش ئەوەی کە چیرۆكو قسەکەی کورتو پوخت کردۆتەوە لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا بە ناونیشانی: (لە یادت بێت).

ئەو کچانەی کە هەڵبژێراونو ژیانیان دیاری کراوەو تایبەتمەندییان باسکراوە، کێن؟

## ١- کچانی پێغەمبەران:

- فاتیمەی کچی محمد (صلی الله علیه وسلم)، (دایکی باوکی).

- صافورای کچی شعیب (داوێنپاکی بەشەرمو شکۆ).

- لیای کچی یعقوب (وەفادارو ئارامگر).

٢- کچانی هاوەڵە بەڕێزەکان:

- عائیشەی کچی أبی بکر (خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویست).

- عائیشەی کچی سعدی کوڕی أبی وقاص (دوا کۆچکردوو).

- (أسماء)ی کچی زید (وتاربێژی ئافرەتان).

٣- کچانی شوێنکەوتووان:

- (معاذة)ی کچی عبدالله (مامۆستای ئارامگر).

- (حفصة)ی کچی عبدالرحمن (هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو، هەرچەندە بە تۆپزی بوو).

- (نائلة)ی هاوسەری (عثمان ی کوڕی عفان)(وەفادارە کاریگەرەکە).

٤- کچانی زانا:

- (عمرة)ی کچی عبدالرحمن (زانایەکی فەقیهـ).

- (صفية)ی کچی أبي عبيد (زانایەکی پێشەنگ).

- ست الركب العسقلاني (كچە ئەرێنییەكە).

٥- كچانی بانگخواز:

- (سودة)ی كچی (عمارة) (وتاربێژو ئەدیب).

- فاتیمەی كچی علی (كچێكی پاكی كۆچەری).

- (حفصة)ی كچی سیرین (بانگخوازێكی قورئانی).

بەو شێوازە كۆمەڵێك پێشەنگی چاكەكار لەبەردەم كچاندا بوون، هەریەكەیان بە تایبەتمەندی ژیانی خۆیەوە، تا ببنە چرایەكی ڕووناكیدەر بۆ كچانی چاكەكار لە دواتر، تكاكارم لە خوای گەورە كە سەركەوتوو بووبم‌و، فەزڵ‌و چاكەو بەخشش تەنها لە خوای گەورەوەیە، هەموو كارو فەرمانێك هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

داواكارم لێتان كە دوعای خێرو سەركەوتنم بۆ بكەن، هەركات كە هاوەڵی كچانی چاكەكارتان كرد لە هەر كات بە درێژایی زەمان.

واخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين.

جمال ماضي

# کچانی پێغەمبەران

١- فاتیمەی کچی محمد (صلی الله علیه وسلم) (دایکی باوکی)

٢- صافورای کچی شعیب (داوێنپاکی بەشەرمو شکۆ)

٣- لییای کچی یعقوب (وەفادارو ئارامگر)

# فاتیمەی کچی محمد (صلى الله علیه وسلم) (دایکی باوکی).

## ١- کچی نوورو ڕووناکی:

لەناو ماڵی ڕووناکیدا لەدایکبووە، ئەو باوکی گەورەو سەروەری دروستکراوانی خوایەو، دایکیشی (خدیجەی کچی خویلد)ەو گەورەو سەروەری ئافرەتانی جیهانە، پێنج ساڵ پێش هاتنی پەیامی پێغەمبەرایەتی لەدایك بووە، کە بچوکترین کچی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بووەو، چاوی بەسەر پەیامی پێغەمبەردا هەڵهێناوەو، دایکی یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بە باوکی کرد کە بوو بەپێغەمبەرو نێردراو، هەروەها خوشکە پاکەکانی فاتیمەیش باوەڕیان بە باوکیان هێنا کە (زینب‌و ڕوقیەو أم کلثوم) بوون.

فاتیمە هاوەڵیی باوکی دەکرد لە ڕۆیشتن‌و گەڕانەوەیداو، جارێکیان هەڵوێستێکی لە (عقبەی کوڕی أبي معیط) بینی کە هەرگیز لەبیری ئەو مندالە پاکەدا ناسڕێتەوە، بەڕاستی ئەو بیستی کە کەسێك دەیوت: کێ هەڵدەستی کە ئەم ناوسك‌و پاشە ڕۆی ئاژەڵە بکات بەسەر پشتی (محمد)دا کاتێك کە لە سوجدەدا بوو؟

(عقبة) هەستاو لەسەر پشتی پیرۆزی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) داینا کە لە سوجدەدا بوو، لەناو پێکەنین‌و گاڵتەجاڕی قەومەکەدا. ئینجا فاتیمە بە دەستە بچووك‌و پاکەکانی بەخێرایی چوو تا ئەو پیسی‌و ناوسکە لەسەر جەستەی باوکی دوور بخاتەوەو فڕێی بدات، پاشان بەو منداڵی‌و پاکییەی

خۆی ڕووی کردە ئەو بێباوەڕە کەللەڕەقانەو قسەی پێ وتن.

چ هەستو مەشاعیرێك ڕەگو ڕیشەی داکوتاوە لە دەروونی ئەو کچە بچکۆلە پاکەدا، کە ڕوودەکاتە نەفامانی ئەو قەومە کە نوورو ڕوناکییان ڕەتکردۆتەوە، کە ئەو لە دەروونی خۆیدا ئەو نوورو ڕوناکییەی هەڵگرتبوو، هەروەها لە دایکیشیدا دەیبینیو، هەستیشی پێ دەکرد لەناو خێزانەکەیدا. بەو شێوازە کچە چاکەکارەکە بەرگری لە حەقو ڕاستی دەکاتو، ڕووبەڕووی هەڵەی هەڵەکاران دەبێتەوە بە بوێریو ئازایەتییەوە، بەبێ لاوازی یان تێکشکان.

## ٢- کچێك، ناڕەحەتی دروستی دەکات

منداڵی فاتیمە لە تێڕوانینی خۆیدا نەبوو بە ئازار، کە ئەوە هەندێك جار تووشی موسڵمانان دەهات، بەڵکو ئەو لەو تەمەنە بچووکەدا کەوتە بەر ناڕەحەتی لە دوای ناڕەحەتی، کە ئەوەیش هۆکارێکی ڕەببانی بوو لە دروستکردنی گەورە ئافرەتی جیهانداو، یەکەمینی ئەم ناڕەحەتیانەیش ئەو گەمارۆیە بوو کە دوژمنانی ئیسلام دایاننا بۆ ڕێگری لە کڕینو فرۆشتنو قسە لەگەڵ کردنو تێکەلاو بوون، بەجۆرێك بوو کە فاتیمە گوێی لە قیژەو هاواری منداڵانو نرکەو ناڵەی دایکان بوو، فاتیمە یەکێك بوو لەو کچانەی کە تەندروستی ناڕەحەت بوو، تا زۆر ناڵاندنی بە دەست ئەوەوە تا ئەو کاتەی کە وەفاتی کرد کە هێشتا هەر گەنج بوو.

ناڕەحەتی دووەم لە دوای ئەم گەمارۆیە بوو کە بریتی بوو لە مردنی دایکی، واتە: (خەدیجە) کە لەوپەڕی پێویستیدا بوو دایکێکی هەبێت هاندەرو پاڵنەری بێت، بە خۆشەویستیو چاودێری کردنو گەرمو گوڕی،

بەڵێ، پاپەند بوو بە باوکییەوەو لای ئەو سۆزو بەزەییو میهرەبانی بینی، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان دایکێکی زۆر بە ڕەحمو بەزەیی کە هیچ کارێکی نییە، تەنها سەرپەرشتی کچەکانی نەبێتو، لە نێوان باوکێکی بەڕەحمو بەزەیی، بەڵام سەرقاڵ بە بانگەوازو کاری پەیامدارییەوە، بەڵام لە هەموو نارەحەتییەکدا بەخششێك هەیە، بەڕاستی خوای گەورە بۆ فاتیمەی وا نووسیبوو کە لەگەڵ گەشتی ژیاندا ڕێ بکات لەگەڵ باوکیدا کە پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم)و بەشداری بکات لە کارە قورسەکانی ئیسلامدا کە لە مەککەدا سەری هەڵداوەو، شارەزایی کرداریو مەعریفەی زانستی بەدەست هێنا، وای لێ کرد کە بەڕاستی لە حەقی ئەودا بڵێین: بەڕاستی کچێکی چاکەکارە، کە نارەحەتییەکان دروستی کردبوو، تا ئەو کاتەی خوای گەورە مۆڵەتی دا بە کۆچ بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، کە هێشتا تەمەنی لە شانزەساڵان تێپەڕ نەبووبوو.

## ٣- بووکی شانزە ساڵ

پاش دوو ساڵ لە کۆچکردن بۆ شاری مەدینەو، دوای جەنگی بەدری گەورە کە موسڵمانەکان تیایدا سەرکەوتن، (علي کوڕی أبي طالب)ی ئامۆزای هات بۆ خوازبێنی کردنی، کە چوار ساڵ لەو گەورە تر بوو، واتە تەمەنی (٢٢) ساڵان بوو، لەکاتێکدا کە بووکەکەمان تەمەنی هەژدە ساڵان بوو.

(علي کوڕی أبي طالب)(خوا لێی ڕازی بێت) چیرۆکی هاوسەرگیرییەکەی دەگێڕێتەوە بۆمان، دەڵێت: (فَلَمَّا جَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ أُلْجِمْتُ حَتَّى مَا اسْتَطَعْتُ الْكَلاَمَ فَقَالَ: هَلْ لَكَ مِنْ حَاجَةٍ. فَسَكَتُّ فَقَالَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ قَالَ: لَعَلَّكَ جِئْتَ تُخْطُبُ فَاطِمَةَ. قُلْتُ: نَعَمْ، يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: هَلْ عِنْدَكَ مِنْ شَىْءٍ تَسْتَحِلُّهَا بِهِ. قَالَ قُلْتُ: لاَ، وَاللَّهِ يَا

رَسُولِ اللَّهِ، قَالَ: فَمَا فَعَلَتِ الدِّرْعُ الَّتِى كُنْتُ سَلَّحْتُكَهَا؟ قَالَ عَلِىٌّ: وَاللَّهِ إِنَّهَا لَدِرْعٌ حُطَمِيَّةٌ مَا ثَمَنُهَا إِلاَّ أَرْبَعُمِائَةِ دِرْهَمٍ، قَالَ: اذْهَبْ فَقَدْ زَوَّجْتُكَهَا وَابْعَثْ بِهَا إِلَيْهَا فَاسْتَحِلَّهَا بِهِ)(رواه البيهقي).

واتە: (چوومە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، کاتێك لە بەردەمیدا دانیشتم قسەم بۆ نەکرا، سوێند بە خوا نەمتوانی لە شکۆداری پێغەمبەرو لەترسدا قسە بکەم. ئینجا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (چی تۆی هێناوە، ئایا کارو پێویستییەکت هەیە؟) (علي)(خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: بیدەنگ بووم. ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ڕەنگە تۆ هاتبیت خوازبێنی فاتیمە بکەیت؟) وتم: بەڵێ. ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئایا شتێکت هەیە بیکەیت بە مارەیی؟) وتم: نەو، ئەی پێغەمبەری خوا. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئەو زرێیەت چی لێکرد کە دابووم پێت وەك چەکی جەنگ؟) وتم: ئەوەم لایە، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە تەنها نرخی چوار درهەمە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئەوا من کردم بە هاوسەری تۆ ئەوەی بۆ بکە بە مارەییو خێزانی خۆت بێت. ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووی کردە فاتیمەو فەرمووی: (بەڕاستی (علي) باسی تۆ دەکات)، ئەویش بێ دەنگ بوو، واتە ڕازی بوو، کردی بە هاوسەری).

بەم ئاسانکارییە خاتوو فاتیمە ڕازی بوو کە ببێتە هاوسەری (علي)(خوا لێیان ڕازی بێت). ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان لەوپەڕی سادەییدا بوو، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دوعای خێری بۆ کردن و. (حەمزە)ی مامی فاتیمە بە ڕێکخستنی سفرەو خوان ڕاسپێردراو، لە خۆشییەکی زۆردا

فاتیمە چوو بۆ ماڵی هاوسەری بەنرخ‌و بەها، ئەویش لە بەهاداریدا نەك لە شێوەدا، بەڕاستی لە چڵەپۆپەی بەختەوەریدا بوو کە لە ناخییەوە هەڵقوڵا بوو، لە بوونی فەرش‌و ڕاخەرو کەل‌وپەلی ناوماڵ، یان ماڵەوەدا نەبوو، ماڵەکەی ئەو پێکهاتبوو لە: پشتی‌و ڕاخەرێك کە ناوەخنەکەی لفکەو ڕیشاڵ بوو، جامێکی ئاوخواردنەوەو دوو گۆزەو دەستاڕێك بۆ دروستکردنی ئاردو، ماڵەکەیشی لە ناوەڕاستی شارەکەدا نەبوو، یان لە نزیکی ماڵی باوکی بێت، بەڵکو لە کەناری شارەکە بوو، دوور بوو لە ماڵی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیە وسلم).

هەروەها ئەم بووکە هەژدە ساڵانەیە مەرجی دانەنا بۆ هاوسەرگیرییەکەی‌و، ڕازی بوو بە (علي) گەنج، کە گەنجێکی ئیسلام بوو، کە بە گیانی خۆی قوربانیدا لە شەوی کۆچکردندا بۆ ئەوەی خۆی فیدای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) بکات، ئەمەیش باشترین خۆ ئامادەکردنەو، فاتیمەیش ڕازی بوو بە ماڵێکی هاوسەری سادەو لە خۆبردەو دوور لە ماڵی باوکی، تەنها ڕەزامەندی خوای بەسە، ئایا خوای گەورە دەست لە کەسێك بەردەدات کە ڕووی تێ کردبێت؟

نەخێر، کچانی چاکەکار خوای گەورەیان لەگەڵدایە، ئەمەیش تەنها ماوەیەکی کەمەو (حارثەی کوڕی نعمان) دێت‌و ماڵێکی نزیك بۆ فاتیمە نمایش دەکات، دەڵێت: (بەڕاستی من خۆم‌و ماڵم بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی) پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) پێی دەفەرموێت: (ڕاستت کرد، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە خۆت‌و ماڵ‌و سامانتەوە).

بەردەوام ئەم کچە چاکەکارە لەگەڵ پەروەردگاریدا بوو، بەڕاستی خوای گەورەیش دڵەکان‌و حاڵ‌و بارو دۆخەکان‌و خەڵکی بۆ ئەو ڕام دەکات)

با كچان دڵنیاو دڵئارام بن، ئەوەیان بەسە كە ڕازی بن بە ماڵو بارو دۆخو بەشی خوا، چونكە تەنها بە دەستی خوای گەورەیە كە حاڵو بارو دۆخەكان بەرەو باشترین بەرێت.

## ٤- وەك فاتیمە بن:

## لە بەشداری كردنیدا:

لە ماڵەوە كاری هەویرو ئاردو نانی دەكرد تا ئەوە كاریگەری لەسەر دەستەكانی دروست كردو، (علي)یش (خوای لێ ڕازی بێت) ئاوی لە بیر دەردەهێناو دەیهێنایەوە، تا هاواری لەتاو سنگی كرد، كاتێك ئەوە قورسو نارەحەت بوو لەسەر فاتیمە، (علي) داوای لێ كرد كە بچێت بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) داوای خزمەتكار بكات، بەڵام كاتێك لەبەردەم باوكیدا ڕاوەستاو باوكی پرسیاری لێ كرد: چی تۆی هێناوەو كارو پێویستیت چییە ئەی كچەكەم؟ نەیتوانی قسە بكات یان داوای شتێك بكات.

ئینجا (علي) هانیداو بە دوودڵییەوە لەگەڵی ڕۆیشت، ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموون: (واللهِ لَا أُعْطِيكُمْ وَأَدَعُ أَهْلَ الصُّفَّةِ).

واتە: (سوێند بەخوا ناتاندەمێو واز لە (أَهْلَ الصُّفَّةِ) دێنم).

پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هات بۆ لایانو پێی فەرموون: (أَلا أُخْبِرُكُمَا بِخَيْرٍ مِمَّا سَأَلْتُمَانِي؟ قَالَا: بَلَى، فَقَالَ: كَلِمَاتٌ عَلَّمَنِيهِنَّ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، فَقَالَ: تُسَبِّحَانِ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ عَشْرًا وَتَحْمَدَانِ عَشْرًا وَتُكَبِّرَانِ عَشْرًا وَإِذَا أَوَيْتُمَا إِلَى فِرَاشِكُمَا فَسَبِّحَا ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ وَاحْمَدَا ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ وَكَبِّرَا أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ)(رواه البخاري).

واتە: (ئایا هەواڵتان بدەمێ بە کارێکی باشتر لەوەی کە داواتان کرد لە من؟) هەردووکیان وتیان: بەڵێ، فەرمووی: (وتنی دە جار وشەیەکە کە جوبرائیل فێری کردووم، دوای هەموو نوێژێك دە جار (سبحان الله) بکەن‌و، دە جار (الحمد لله) بکەن‌و، دە جار (الله أکبر) بکەن‌و کاتێکیش چوونە ناو جێگەی خەوتنتان، سی‌وسێ جار (سبحان الله)و سی‌وسێ جار (الحمد لله)و سی‌وسێ جار (الله أکبر) بکەن.

ئا بەم کارە فاتیمە نەخشە ڕێگای کێشا بۆ کچانی چاکەکار کە ئەم توێشووە ڕەببانییە هەڵبژێرن کە بە درێژایی هەموو تەمەنی سوودی پێ گەیاند، ئایا کامیان باشترە بۆ کچان: کەسایەتییەکی ڕەببانی بمێنێتەوەو بەردەوام بێت، یان ماددی بڕوات‌و بشاردرێتەوە؟!.

## لە جیهادو تێکۆشانیدا:

ئەو خووگربوو بە پێغەمبەرەوە (صلى الله علیه وسلم) پەروەردەکراوی دەستی خۆی بوو، لە هەموو جەنگ‌و هەڵوێستەکاندا، بۆ ساتێك لێی دوا نەدەکەوت:

### ١- لە جەنگی ئوحوددا:

(جُرِحَ وَجْهُ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) وَكُسِرَتْ رَبَاعِيَتُهُ وَهُشِمَتْ الْبَيْضَةُ عَلَى رَأْسِهِ فَكَانَتْ فَاطِمَةُ عَلَيْهَا السَّلَام تَغْسِلُ الدَّمَ وَعَلِيٌّ يُمْسِكُ فَلَمَّا رَأَتْ أَنَّ الدَّمَ لَا يَزِيدُ إِلَّا كَثْرَةً أَخَذَتْ حَصِيرًا فَأَحْرَقَتْهُ حَتَّى صَارَ رَمَادًا ثُمَّ أَلْزَقَتْهُ فَاسْتَمْسَكَ الدَّمُ) (رواه البخاري).

پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ڕوخساری بریندار بوو، یەکێك لە ددانە پیرۆزەکانی شکاو زرێکەی سەریشی شکا بە خووڕ خوێنی پیرۆزی بە

ڕوخساریدا هاتەخوارەوە، فاتیمە باوەشی پیاکرد، بە ئاو خوێنەکەی لە ڕوخساری دەسڕیو پاکی دەکردەوە، (کاتێك فاتیمە بینی کە ئاوەکە تەنها خوێنەکە زیاد دەکات، پارچەیەك حەسیری هێناو سوتاندی، تا بوو بە خۆڵەمێش ئینجا نای بە برینەکەوەو، خوێنەکە ڕاوەستایەوە).

## ٢- لە فەتحدا

فاتیمە ڕەدی کردەوە کە پەنای (أبا سفيان) بدات، کاتێ (أبا سفيان) داوای لێ کرد کە تکای بۆ بکات لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەیش کاتێ کە پێی وت: ئایا تۆ دەتوانیت پەنام بدەیت لە نێوان خوڵکیدا؟

ئەویش لە وەڵامیدا وتی: بێگومان من ئافرەتم، ڕەدی کردەوە.

کاتێك لە ڕۆژی فەتحدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆی شۆرد، خاتوو فاتیمە بە تەنیشتییەوە بوو بە جلەکانی خۆی دایدەپۆشی لە چاوی خەڵکی.

## ٣- لە خەیبەردا

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەشتاو پێنج بار گەنمی (خيبر)ی بۆ بەش کرد، لەبەر تێکۆشانیو بەشداری کردنی لە جیهادو تێکۆشاندا، هەروەها لە هەموو بارو دۆخێکی ناڕەحەتو قورسیدا لەگەڵ باوکیدا بووە، کە پرسیار کرا لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): (أي الناس أحب اليك؟ قال: فاطمة) (متفق عليه).

واتە: (چ کەسێك لات خۆشەویستترین کەسە؟، فەرموی: فاتیمە).

## لە عەفوو لێبوردنیدا:

باسکرا کە بەڕاستی (علي) ویستویەتی خوازبێنی کچی (أبو جهل) بکات، فاتیمە ئەمەی بیست، هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وتی: (يَزْعُمُ قَوْمُكَ أَنَّكَ لَا تَغْضَبُ لِبَنَاتِكَ وَهَذَا عَلِيٌّ نَاكِحٌ بِنْتَ أَبِي جَهْلٍ)(رواه البخاري).

واتە: (قەومەکەت وای لێکدەدەنەوە کە تۆ لەبەر خاتری کچەکانت تورە نابیت، ئەوە (علي)یەو دەیەوێت کچەکەی (أبو جهل) مارە بکات).

ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەستاو فەرمووی: (إِنَّ فَاطِمَةَ بَضْعَةٌ مِنِّي وَإِنِّي أَكْرَهُ أَنْ يَسُوءَهَا وَاللَّهِ لَا تَجْتَمِعُ بِنْتُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَبِنْتُ عَدُوِّ اللَّهِ عِنْدَ رَجُلٍ وَاحِدٍ)(رواه البخاري).

واتە: (بەڕاستی فاتیمە بەشێکە لەمن‌و پێم ناخۆشە سوکایەتی پێ بکرێت‌و، سوێند بە خوا نابێت کچی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کۆ ببێتەوە لەگەڵ کچی دوژمنی خوادا لای پیاوێك).

ئینجا (علي)(خوای لێ ڕازی بێت) وازی لە خوازبێنی کچەکەی (أبي جهل) هێنا، لەبەر خاترو چاودێری فاتیمە، کە چەندێك لەگەڵ (علي) بووەو ماوەتەوە هەر دەست‌و داوێن پاك بووە بەرامبەریو، کاتێك (علي) هات داوای لێبوردنی لە فاتیمە کرد، ئیتر کەشتی ژیانی هاوسەری بە ئاسایی ڕێگەی خۆی گرتەوە بەرو، ئیتر بەختەوەری گەڕایەوە هەموو لایەکانی ماڵەکە، بە داوای لێبوردن‌و چاوپۆشییەوە. کچانی چاکەکار زاڵ دەبن بەسەر دڵ‌و دەروونی خۆیانداو لێبوردە دەبن لەپێناو بەردەوام بوونی ژیاندا، بەبێ تاڵی یان لێڵی.

## لە بەرەکەتیدا:

ئەم بەرەکەتەیش تەنها بەهۆی گوێڕایەڵییەوە بوو بۆ پەروەردگاریو ڕازی بوونی بوو بە بەشی خوای گەورە. بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کاتێك لە سەفەر بمایەتەوە، سەرەتا دەچووە مزگەوتو دوو ڕکات نوێژی دەخوێند، پاشان دەهاتە لای فاتیمەو، پاشان دەچوو بۆ لای خێزانەکانی.

لە بەرەکەتەکانی خاتوو فاتیمە: بەڕاستی خوای گەورە ڕێزی لێ گرتبوو بەزۆر بوونی خواردن لە ماڵەکەیدا، کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری لێ کرد، لە وەڵامیدا فەرموی: (ئەی باوکی بەڕێزو خۆشەویستم ئەو ڕزقو ڕۆزییە لەلایەن خوای گەورەوەیە، بەڕاستی خوای گەورە ڕزقو رۆزی دەدات بەهەر کەسێك کە خۆی ویستی بێتو بیەوێت بەبێ حیساب).

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دوعای خێری بۆ کردو لە پەروەردگاری بۆی پاڕایەوە، فەرمووی: (کە فاتیمە تێر بێتو برسی نەبێت)و فاتیمەیش دەڵێت: (ئیتر هەرگیز برسی نەبووم).

بەرەکەتی شایەتیدانی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) بەس دەبێت کە فەرموی: (يا بنية أما ترضين أنك سيدة نساء العالمين؟).

واتە: (کچی ڕێزدارو خۆشەویستم ئایا تۆ ڕازی نابیت کە بەڕاستی تۆ گەورە سەروەری ئافرەتانی جیهانیت؟).

## ٥- فاتیمەو ساتە كۆتاییەكانی لەگەڵ باوكیدا (صلی الله علیه وسلم).

فاتیمە وتی: (وا كرب أباه) ئەم وشەیەی لە ساتە كۆتاییەكانی تەمەنی باوكیدا دەربڕی، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرمو: (لیس علی أبیك كرب بعد هذا الیوم)).

واتە: (دوای ئەمڕۆ ئیتر ناڕەحەتی لەسەر باوكت نییە).

كاتێكیش كە چوو بۆ لای (الرفیق الأعلی). فاتیمە وتی: (يَا أَبَتَاهُ أَجَابَ رَبًّا دَعَاهْ، يَا أَبَتَاهْ فِي جَنَّةِ الْفِرْدَوْسِ مَأْوَاهْ، يَا أَبَتَاهْ إِلَى جِبْرِيلَ نَنْعَاهْ)(رواه البخاري).

واتە: (بابە گیان وەڵامی پەروەردگارت دایەوە كە بانگی كردیت، بابە گیان بەهەشتی فیردەوس جێگاتە، بابە گیان پرسەو سەرەخۆشی بۆ لای جوبرەئیل دەبەین).

پاشان فاتیمە بە (أنس)ی وت: ئەی (أنس) چۆن دەروونتان پاك ئەبێتەوە كە خۆڵ دەكەن بەسەر پێغەمبەری خوادا (واتە لە ژێر خۆڵدا دەیشارنەوە؟!).

(أبن ألأثیر) دەڵێت: لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەمبینی فاتیمە پێبكەنێت، تا گەیشتەوە بە خوای گەورە. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە وتەیەكی دڵی فاتیمەی خۆش كرد، كاتێك ئایەتی: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١﴾النصر: ١ دابەزی، پێی فەرمو: كە بەڕاستی كاتی وەفاتی نزیك بۆتەوە، فاتیمە دەستی كرد بەگریان، ئینجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموی ((مەگری، تۆ یەكەم كەس دەبیت لە كەسو كارم كە بەمن دەگەیت). ئینجا دەستی كرد بە پێكەنین.

پاش وەفاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەخۆشی لەسەر خاتوو فاتیمە قورس بوو، (أبوبكر) مۆڵەتی لە (علي) وەرگرت بۆ سەردانی، فاتیمە مۆڵەتی پێداو، داوای کرد کە خێزانەکەی (أبي بكر) بیشوات. فاتیمە لە شەوی سێشەممەدا وەفاتی کرد، لە (٣)ی (رمضان)ی ساڵی (١١)ی کۆچیدا، کە تەمەنی گەیشتبوویە بیست‌و نۆ ساڵ، دوای شەش مانگ لە وەفاتی باوکی خۆشەویستی.

مێردەکەی ڕاوەستاو وتی:

وإن افتقادي فاطماً بعد أحمد  دليل على أن لا يدوم خليلُ

## ٦- گەورەترینی ئافرەتانی ناو بەهەشتە:

ئەمەیش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی فەرمویەتی، کاتێك لەسەر زەوییەکە چوار هێڵی کێشا، پاشان فەرمووی: (تَدْرُونَ مَا هَذَا؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): أَفْضَلُ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ: خَدِيجَةُ بنتُ خُوَيْلِدٍ، فَاطِمَةُ بنتُ مُحَمَّدٍ، مَرْيَمُ بنتُ عِمْرَانَ، آسِيَةُ بنتُ مُزَاحِمٍ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ)(رواه أحمد).

واتە: (ئایا دەزانن ئەم هێڵانە چین؟) هاوەڵان فەرمویان: خوداو پێغەمبەرەکەی دەزانن، ئینجا فەرموی: (گەورەترینی ئافرەتانی ناو بەهەشت بریتین لە: خەدیجەی کچی خویلدو فاتیمەی کچی محمدو مەریەمی کچی عیمران‌و (ئاسیەی کچی مزاحم)ی ژنی فیرعەون).

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم). دەربارەی دەیفەرمو: (أما ترضين أن تكون سيدة نساو أهل الجنة)(البخاري).

واتە: (ئایا ڕازی نابیت کە تۆ گەورەی ئافرەتانی بەهەشت بیت؟)، بەڵکو ئەم موژدەیەی بڵاودەکردەوە: (أَتَى النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) مَلَكٌ وَقَالَ إِنَّ فَاطِمَةَ سَيِّدَةَ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ).

واتە: (فریشتە دابەزی بۆ لای پێغەمبەرو موژدەیان پێ دا کە بەڕاستی فاتیمە گەورەی ئافرەتانی ناو بەهەشتە).

## ٧- یاد بکەرەوە:

١- کچی چاکەکار ئەو کەسەیە کە چاك بێت لەگەڵ خێزانەکەیو لەگەڵ باوکی، لە هەموو هەڵوێستو ڕوداوەکاندا.

٢- کچی چاکەکار ئەو کچەیە هاوسەرێکی ئارامگرو خواپەرستو گوێڕایەڵ بێتو بەشدار بێت لەگەڵ مێردەکەیدا.

٣- کچی چاکەکار ئەو کچەیە پەیوەست بێت بە پەروەردگارییەوەو ڕازی بێت بە بڕیاری خواو خوایش دەیپارێزێتو بەرەکەتی بەسەردا دەڕژێت.

٤- کچی چاکەکار ئەو کچەیە بناسرێت بە لێبوردەو چاوپۆشیو، پشتیوانی کەس نەکات لەبەر خۆی یان تۆڵە بکاتەوە یان شتێکی پێ چاك بێت لەبەر غەیری خۆی.

٥- کچی چاکەکار ئەو کچەیە کە ڕووبەڕوو ببێتەوە لەگەڵ قورسیو ناڕەحەتییەکانداو بەرگەی تەنگژەو قەیرانەکان بگرێت بە ئارامگریو هێزو ئیرادەوە.

٦- کچی چاکەکار ئەو کچەیە کە تەنها لە خوا دەترسێتو حەقو

ڕاستی ئاشکرا دەکاتو ڕێ دەگرێت لە کاری گەندەڵکارانو خراپەکاران.

## پەیڤی فاتیمە:

ئەی خۆشەویستم هەموو ساتێك لە کاتەکانت بقۆزەرەوە، من لە تەمەنی کورتم لە دونیادا چەندین ڕووداوو هەڵوێستم دروست کرد، کە کچ بوومو هاوسەربوومو دایك بوومو، بوومە هەڵگری نازناوی (سيدة نساء العالمين)و مۆژدەم پێدرا بە نازناوی: (أفضل نساء أهل الجنة).

# ٢- صافورای کچی شوعەیب

## (دەستو داوێن پاكو بەشەرمو شكۆ)

### ١- كچێكی كارا:

یەكێك بوو لە كچەكانی شوعەیب پێغەمبەری خوا (علیه السلام) لە (مدین) ژیاوە، كە شارێكی بازرگانی بووەو كەوتۆتە نێوان شاری مەدینەی پیرۆزو شامی ئەو كاتەوەو، ئەو بیرەی لێیە كە موسا پێغەمبەر (علیه السلام) ئاوی لێ دەرهێنا بۆ ماڵاتەكەی شوعەیب. نێوان (مدین)و (مصر) هەشت ڕۆژە پیادە ڕێیە، وەك (الطبري) لە (تأریخ)ەكەیدا گێڕاویەتییەوە، پاش ئەوەی كە موسا (علیه السلام) هەڵهات لە (مصر)و لە (مدین) نیشتەجێ بوو، دوور لە دەستو زۆرو ستەمی فیرعەون، لای بیرەكەدا دانیشت، كەسە غەریبەكان وەك عادەتو نەریتی شارەكە لای ئەو بیرەدا كۆ دەبوونەوە، تا كەسێك لە خەڵكی ئەو شوێنە بیانكاتە میوانی خۆی.

موسا لای بیرەكەدا لە تەنیشتی خەڵكەكەوە دوو كچی بینی، كە بەریان لە ماڵاتەكەیان گرتبوو بچنە سەر ئاوەكە، تا ئەو كاتەی كە خەڵكەكە لە ئاودانی ماڵاتەكەیان بوونەوە، ئینجا كچەكان دەستیان دەكرد بە ئاودانی ماڵاتەكەیان، ئەم دوو كچە گەورەكەیان ناوی (لیا) بوو، بچوكەكەیان ناوی (صافورا) بوو، ئەمە هاتو چۆو گەشی ڕۆژانەو كاریان بوو، بۆیە خۆیان دوادەخست لە ئاودانی ماڵاتەكەیان، تەنها لەبەر لاوازییان بوو، هەروەها بوونی كەسانی لەوان بەهێزتر لەسەر بیرە ئاوەكەو پێیان ناخۆش بوو كە تێكەڵاوی پیاوان بن، تەنها ئەوەیش لە ماڵ دەری دەكردن بۆ

کار، کە دەیانوت: بەڕاستی باوکمان پیاوێکی بەتەمەنەو ناتوانێت خۆی کارەکە بکاتو شوانی ماڵاتەکە بکات، لەبەر لاوازی. (صافورا)ی خوشکە بچووك بەشداری (لیا)ی خوشکە گەورەی دەکرد، بەڕاستی ئەم دوو کچە نەخشەڕێگایان کێشا بۆ هەموو کچێکی چاکەکار بە مەرجی بەشداری کردن لە کاردا لە کاتی پێویستدا بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەیان، بەڕاستی قورئان لەسەر زاری خۆیانەوە ئەم مەرجانەی بەڕوونی دەربڕی، کاتێك موسای گەنجو لاو پرسیاری لێ کردن: (ئیوە کارو ئیشتان چییە؟) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يَهْدِيَنِى سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ ۖ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا ۖ قَالَتَا لَا نَسْقِى حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ ۖ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّى لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَىَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾ القصص:٢٢-٢٤

واتە: (کاتێك موسا ڕووی کردە شاری مەدیەن (دووبارە ڕووی کردە پەروەردگاری)و وتی: ئومێدەوارم کە پەروەردگارم ڕێنموییم بکات بۆ شوێنو جێگەیەکی ڕاستو دروست، (دوور لە کێشەو ناخۆشی) کاتێك گەیشتە ئاوەکەی مەدیەن، خەڵکێکی بینی ماڵاتەکانیان ئاودەدا، لەولایشەوە دوو ئافرەتی بینی کە بە خۆیانو مەڕەکانیانەوە دوورە پەرێز وەستابوون، بۆیە لێیان چووە پێشەوەو پرسیو وتی: ئەوە ئیوە بۆچی لێرە وەستاون؟ کێشەتان چییە وا دوورە پەرێزن؟ ئافرەتەکان وتیان: ئیمە ناتوانین ماڵاتەکەمان ئاو بدەین هەتا شوانەکان نەڕۆنو چۆڵی نەکەنو باوکیشمان پیرە مێردێکی بەساڵاچووە. موسا مەردانە شوانەکانی بڕداو ماڵاتەکەیانی ئاوداو بەڕێی کردن، دوایی پشتی تێکردنو چووە ژێر سێبەرەکەو نزای کردو وتی:

پەروەدگارا بەڕاستی تۆ خێرو بێری زۆرت بەسەردا ڕژاندووم، بەڵام هێشتا هەژارمو ئاتاجی بەخششی زیاترم).

## ٢- بەرو بوومی چاکەی کچان:

کاتێك (صافورا)و خوشکەکەی پارێزگارییان کرد لە چاکەی خۆیان، خوای گەورە کوڕێکی گەنجی بەهێزی بۆ دەرخستن، کە خوای گەورە توانایەکی جەستەیی چاکی پێ بەخشی بوو، کە پێغەمبەر موسا (علیه السلام) بوو، کە بەردی سەر بیرەکەی لابرد کە بە چەند پیاوێك ئینجا لادەبراو، مەڕەکانی بۆ ئاودان، کە برسێتی لە سەرفەردا زۆر ناڕەحەتی کردبوو، کاتەکەیش زۆر گەرمو بەتین بووو، بەهۆی لابردنی بەردەکەوە ماندوو بوونەکەی زیادی کردو، مەڕەکانی بۆ ئاودان. هەموو مێژونووسەکان باسی ئەوەیان کردووە کە موسا (علیه السلام) بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ تامی هیچ نەچوو بووە سەر زمانی.

پاش ئەوەی کە ماڵاتەکەی بۆ ئاودان هەر لەسەر ئەو حاڵە بوو، ئینجا موسا (علیه السلام) چووە ژێر سێبەری دارێکی نزیك لە بیرەکەوە، قورئان دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ ﴾القصص:٢٤(ماناکراوە).

## ٣- ڕاستیو ئاشکرایی کچان:

کاتێك (صافورا) لەگەڵ خوشکەکەیدا گەڕانەوە بۆ لای باوکیان، ئەم گەڕانەوە زوووەختە سەیر بوو لای باوکیان ئاسایی نەبوو، باوکیان پرسیاری لێ کردن: ئەمڕۆ خێرا گەڕانەوە وەك نەریتی جارانتان نەبوو، خێر چ کارێك بووە؟!

بەڕاستیو ئاشکراییو ئارامی، ڕاستگۆیی دەبێتە پێشەنگ، ڕاستگۆیی ڕزگارکارەو هەموو دەرگاکانی خێرو چاکە دەکاتەوە، بەڕاستیو ڕوونی باسی کاری ئەو پیاوەیان کرد کە مەڕەکانی بۆ ئاودابوون، بەبێ فێڵو گزی یان پێچو پەنا، بە ئارامیو دڵنیایی بوو، بەهۆی ڕاستگۆیی کچەکانەوەو ڕوونیو ئاشکراییان لە کارەکەدا، باوك دەڵێت: (سوپاسو ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان).

پاشان (صافورا) بە باوکی وت:

(ئەی باوکە وا دەردەکەوت کە ئەو کوڕە گەنجە بەڕێزە لە شوێنێکی دوورەوە هاتبێت، من وا دێت بە بیرمدا کە بەڕاستی برسی بێت). باوکی بە (صافورا)ی وت: ئەی کچە خۆشەویستو بەڕێزەکەم بچۆ بۆ لایو بانگی بکە بێت بۆماڵەوەو، پێی بڵێ: ﴿إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ﴾ واتە: (باوکم بانگت دەکات تا پاداشتت بداتەوە). ﴿أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا﴾ لەسەر ئەو کاری ئاودانەی کە ئەنجامتدا بۆمان).

بەڕاستی ڕاستگۆیی (صافورا) لەگەڵ باوکیدا یەکی گرتەوە، لەگەڵ دووعای موسای گەنجدا، کاتێك لە پەروەردگاری پاڕایەوەو وتی: ﴿رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾.

خوای گەورە تەوفیقی موسای داو ڕێسازی بۆکرا بۆ لای کەسێك کە بیکاتە میوانو پێویستییەکانی بۆ پڕبکاتەوەو، کاتێك چوو بۆ لای موسا، هەر لە شوێنەکەی خۆیدا مابوو، زانایان (الماوردي)و (أبن الأثير) باسی ئەمەیان کردوە.

## ٤- چاوپێكەوتنێكی بە شەرمو شكۆ:

خوای گەورە لە كتێبە پیرۆزەكەیدا وێنامان بۆ دەكات كە چۆن (صافورا) هات بۆ لای موسای گەنج، كاتێك لە ماڵ دەرچوو تا بانگی بكات بۆ لای باوكی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ ﴾القصص:٢٥

واتە: (دوای تاوێك یەكێك لە كچەكان هات بۆ لای موسا، زۆر بە شەرمو حەیاوە دەڕۆیشت بە ڕێگادا).

ئەمە یەكەم كچ بووە كە خوای گەورە بە شەرمو حەیا مەدحی بكات، بەڵكو بە شەرمو شكۆ باسی كردووە، بەڕاستی شەرمو حەیا جوانترین كاڵایە كە كچان دەیپۆشنو، مەدحەكەی خوای گەورە بۆ (صافورا) بە وشەی (أستحیاء)،(مبالغة) دەگەیەنێت واتە: (زۆر بە شەرمو حەیا)، ئەمەیش مەدحێكی ڕەببانی ڕێزدار بووە بۆ (صافورا)، كە بەڵگەیە لەسەر پاكیو داوێنپاكیو تەقواو خواناسی. لە شێوازەكانی زۆر بە شەرمو حەیا بوونی كچان، كە (صافورا) ئەنجامیدا:

- ڕۆیشتنەكەی بە شەرمو حەیاوە، (أبو السعود) دەڵێت: بە شانازییەوە نەدەڕۆیشتو خۆی نەدەچەماندەوە.

- قسە كردنەكەیشی بە شەرمو حەیاوە بوو، لە ئەدەبێكی زۆر جواندا، (صافورا) پەیامەكەی باوكی دەگەیەنێت بە موسا، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَبِي يَدۡعُوكَ لِيَجۡزِيَكَ أَجۡرَ مَا سَقَيۡتَ لَنَا ﴾القصص:٢٥

واتە: (بە موسای وت: باوكم بانگت دەكاتو حەز دەكات پاداشتی ئەو

چاکەو ئاودانی ماڵاتەی، کە بۆ ئیمەت ئەنجامداوە، بداتەوە).

- قسەکردنەکەی لەگەڵ موسا ئەدەبو پاکیو داوێنپاکیو ڕوونیو سادەیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، بەبێ زمان تێکەڵ بوونو گومان یان تێکۆشان.

پەروەردەکەی لەسەر شێوازی چاکەو بەهێزیو دامەزراوی بوو، بەڵگە بوو لەسەر فیترەتی ساغی، ئەو دڵنیایە لە خۆی لە پاکیو داوێنپاکییەکەی، بەڕاستی پێغەمبەر خوا (صلى الله عليه وسلم) پەروەردەی جوانی کچانی کردۆتە هۆکارێك بۆ چوونە بەهەشتو ڕزگاربوون لە ڕۆژی قیامەتدا، دەفەرموێت: (مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ. وَضَمَّ أَصَابِعَهُ) (رواه مسلم).

واتە: (هەر کەسێك دوو خزمەتکار –واتە دوو کچ– بە چاکی سەرپەرشتی بکاتو بەخێو بکات، تا پێدەگەن، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت، منو ئەو وا دەبین –ئینجا پەنجەکانی کۆکردەوە– واتە نزیك دەبین لە یەکەوە وەك پەنجەکان).

- بانگکرنەکەی نیسبەت دایە پاڵ باوکیو، مەبەستی بانگکردنەکەی ڕوون کردەوە، تا بە گومانەوە کارەکەی ئەنجام نەدات. ئەوە یەکەم چاوپێکەوتنو بەیەکگەیشتن بوو لە نێوان موساو (صافورا)دا، کە موسا ئەوی بە هاوسەری خۆی هەڵبژارد، هۆکاری ئەوەیش تەنها (شەرمو حەیا) بوو.

## ٥- شەرمو حەیای كچەكە لەگەڵ دەستو داوێن پاكی كوڕە گەنجەكە:

بێگومان پاداشتی چاكەكردن هەر بەچاكە دەبێت، شەرمو حەیای (صافورا) موگناتیسێك بوو كە بوو بەهۆی ڕاكێشانی پاكی موسای گەنج، كاتێك موسا وەڵامی داواكەی باوكی دایەوە، كە پیاوچاكێك بوو. پاشان (صافورا) هاوەڵیی موسای كردو ڕێنمایی كرد بۆ ماڵی باوكی، لە كاتێكدا كە سێیەمیان خوای گەورە بوو، داوێنپاكی لەلای موساوە دەجوڵاو هەنگاوی دەنا، (صافورا) پێش هەنگاوەكانی موسا دەكەوت، موسا لە سەرەتای ڕۆیشتنەكەوە بە (صافورا)ی وت: (ئەی كچەكە) تۆ لە دوای من بڕۆو، ڕێنومایيم بكە بۆ ڕێگاكە بە لای ڕاستو چەپدا)(وەك القرطبي وتویەتی).

لە بەرەكەتی ئەم پاكیو داوێنپاكییە، خوای گەورە ئاسانكاری كرد بۆ موسا تا گفتوگۆ لەگەڵ باوكی كچەكە بكات: ﴿فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيۡهِ ٱلۡقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفۡۖ نَجَوۡتَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥﴾ القصص:٢٥

واتە: (كاتێك موسا گەیشتە لای باوكیان، دوای حەوانەوە هەموو بەسەرهاتەكەی خۆی بۆ گێڕایەوە، باوكی كچەكان وتی: مەترسە تۆ ئیتر ڕزگارت بووە لە دەست قەومی ستەمكاران.

بەم شێوازە موسا ئەمین بوو ترسی نەما لە زۆرو ستەمی فیرعەون، بە جۆرێك كە مەدیەن نەدەكەوتە ژێر دەستەڵاتی فیرعەونەوە.

## ٦- كچان لە مێردی داهاتوو چییان دەوێت؟

ئەمەی كە (صافورا) ڕوونیو ئاشكرایی دا دەربارەی، بریتییە لە فێركردنی

كچان كە ئەو سيفەتانە چى دەبێت كە كچان هەڵى دەبژێرن بۆ هاوسەرو شەريكى ژيانيان:

ئايا لە جوانىو شۆخو شەنگيدايە؟

يان لە ماڵو سامانو نەسەبدايە؟

يان لە ئەخلاقو ئاكارو ڕەفتارديە؟

واز لە (صافورا) دێنين، وەك قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە، ئايا چى بە باوكى وت، خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ ٢٦﴾القصص:٢٦

واتە: (يەكێك لە كچەكانى وتى: بابە بۆ بە كرێى ناگريت، چونكە ڕاستى چاكترين كەسێك كە تۆ بە كرێى بگريت، ئەم پياوە بەهێزو ئەمينو دەستو دەروون پاكەيە).

ئەوەى هەڵبژارد كە لە ژێريدا هەموو سيفاتو چاكەى پياوانى تيا كۆدەبێتەوە، بەهێزىو ئەمەنات پارێزييە، ئەگەر ئەم دووانە لە پياودا كۆ ببێتەوە، ئەوا پياوێكى نموونەيىو پەسەند دەبێت.

بەڕاستى زانايان (صافورا)يان بە خاوەن دانايىو حيكمەت باس كردووە لە هەڵبژاردنەكەيدا، هەروەها بە سەرناس، لە هەوڵدان بە داهاتويەكى پرشنگدار لەگەڵ مێردەكەيدا، لە تەفسيرى (أبن كثير)دا (عبدالله ى كوڕى مسعود) دەڵێت: ئەو كەسانەى كە باشترين سەرناسن سىَ كەسن: عەزيزى ميسر كە يوسفى كڕىو بە ژنەكەيى وت: ﴿أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ﴾يوسف:٢١

واتە: (زۆر ڕێزى لىَ بگرە).

(صافورا) كاتێك وتی: ﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾القصص:٢٦(ماناكرا).و (أبوبكر) كاتێك (عمری كوڕی خطاب) ی كرده جێنیشین.

بەم دوو سیفەتە لە هەڵبژاردنی مێردی داهاتوودا، (صافورا) پاكیو دەروون پاكی لە پێشدا بەدەستهێنا بوو، (القاسمي) لە تەفسیرەكەیدا دەڵێت: (ئەوەیش بە هۆی مەرجی (صافورا) بوو بۆ موسا بە دوو سیفەت بەدەر لە سیفەتی تر، ئەویش پاراستنی حەیاو شەرمی خۆی بووە، ئەمەیش جوانترین شتە لە مەدح كردنی ئافرەتان بۆ پیاوان لە مەدح كردنی تایبەت، كە هەندێك كات مەدحی تایبەت چەند وشەیەكی تێكەڵ دەبێت كە ناگونجێت لەگەڵ ڕێزو پاكی كچاندا.

ئومێدەوارین كە جوان سەرنج بدەینو ڕامێنین كە كارەكان چۆن دەڕۆنو چیان لێ دێت، كاتێك (صافورا) ئەم پێشنیارەی لای باوكیدا خستە ڕوو!

## ٧- هاوسەرگیرییەكی ئاسانو خێرا

خێراترین هاوسەرگیری ئەمە بوو كە لە نێوان (صافورا)و موسادا بوو، بۆ ئەمە نەبێت؟ پاش ئەوەی كە هەموو مەرجە سەركەوتووەكانی تیا بەدی هاتبوو، كاتێك كە باوكی كچەكان پێشنیاری هاوسەرگیری خستە بەردەم موسا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَۖ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أَشُقَّ عَلَيۡكَۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾القصص:٢٧

واتە: (باوكی كچەكان پێشنیارەكەی پێ باش بوو، بۆیە وتی: من پێم چاكە بتكەم بە كوڕی خۆم، بە زاوای خۆم، یەكێك لەم دوو كچەت لێ

مارە بکەم بە مەرجی ئەوەی هەشت ساڵ لای من کار بکەیت، خۆ ئەگەر دە ساڵیشت بردە سەر، ئەوە چاکەی خۆتە، منیش نامەوێت بێزارت بکەمو زۆرت بۆ بهێنم، دەمبینیت ئەگەر خوا بیەویت لە چاکان دەبم).

موسا (علیه السلام) ڕێك کەوتو، ڕازی بوو بە مەرجەکانی باوکی کچەکانو، هەموو ڕەزامەندی خۆیی ڕاگەیاند، وەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ قَالَ ذَٰلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَىَّ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٢٨﴾ ﴾ القصص:٢٨

واتە: (موسا پێشنیارەکەی لا پەسەند بوو، بۆیە وتی: ئەمە پەیمانە لە نێوان من تۆدایە، من پێی ڕازیم، بەڵام هەرکات لەو ماوانەم بۆ تەواو کرا، با ستەمم لێ نەکرێتو ئازاد بم، خوای گەورەیش شایەتو ئاگایە بەوەی کە دەیڵێینو بڕیاری لەسەر دەدەین).

لە تەواوی ڕەزامەندییەوە بووە، بەڕاستی موسا ماوە درێژەکەیانی تەواو کرد، کاتێك پرسیارکرا لە (أبن عباس): موسا کام ماوەیەیانی تەواو کرد؟ فەرموی: (زیاترەکەیانو باشترەکەیان، بەڕاستی پێغەمبەری خوا قسەیەك بکات جێبەجێ دەکات).

## ٨- (صافورا) باشترین هاوڕێ بوو بۆ مێردەکەی:

پاش ئەو ماوەیەی کە موسا بەسەری برد لە کارەکە بۆ ماوەی دە ساڵ، ویستی بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانو کەسو کارەکەی خۆی لە میسر، فەرمانی کرد بە صافورا کە کەلو پەلی سەفەر ئامادە بکات، ئەویش هەرچیان پێویست بێت ئامادەی کرد لەگەڵ دوو منداڵەکەی، هەروەها سکپڕیش بوو، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر خێرا وەڵامدانەوەی ئەم هاوسەرە چاکەکارە

بۆ داوای مێردەکەی.

لە (سیناء)و، لە کاتی تاریکی شەوداو، ساتێکی زۆر نارەحەت بوو، قورئان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ﴿إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ ٧﴾ النمل:٧

واتە: (یادیان بهێنە کاتێك موسا (لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ میسر) بە هاوسەرەکەیی وت: (ئێوە لێرەدا بمێننەوە)، بەڕاستی من ئاگرێکم بەدی کردووەو دڵم پێی خۆشە، لەوێوە هەواڵێکتان بۆ دەهێنم، یان سەلکە بزوتکێکتان بۆ دەهێنم، بۆ ئەوەی خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە).

ئا لەوێدا موسا لە ئاگرەکە نزیك بوویەوە، هێشتا بە تەواوی نزیك نەبوو بوو لێی، لەو کاتەدا لە پەروەردگاری بەرزو باڵاوە بانگی لێ کرا: ﴿أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ النمل:٨

واتە: (جا کاتێك گەیشتە لای ئەوەی بە ئاگری زانی (بینی نوورو ڕووناکییەکی بێ وێنەیە) بانگی لێ کرا: پیرۆزە ئەو کەسەی کە لەپاڵ ئاگرەکەدایەو ئەو فریشتانەیش کە لە جێی ئاگرە تایبەتییەکەدا هەن، پاکیو بێگەردی بۆ خوایە، کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە).

ئینجا موسا خۆی گرتو پاشان نزیك بوویەوە تا بەشێك لە ئاگرەکە ببات بۆ صافوراو دوو منداڵەکەی، ئا لەو کاتەدا پەروەردگاری بانگی لێ کرد: ﴿يَٰمُوسَىٰٓ ١١ إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى﴾ طه:١١-١٢

واتە: (ئەی موسا.. دڵنیا بە من پەروەردگاری تۆم، کەواتە پێڵاوەکانت دابکەنە، چونکە بێگومان تۆ لە دۆڵی پیرۆزی (طوى) دایت).

خوای گەورە موسای بە هەڵگرتنی پەیام ڕاسپاردو، صافورایش هەر لە خێمەو شوێنەکەی خۆیدا بوو، چاوەڕوانی گەڕانەوەی موسای دەکرد، بەجۆرێك کە خوای گەورە دڵی ڕاگیرو دامەزراو کرد بوو، تا ئەو کاتەی کە موسای مێردی گەڕایەوەو، موژدەی پێغەمبەرایەتیو پەیامداریی پێدا، بەڕاستی باشترین هاوەڵ بوو بۆ مێردەکەی لە گەشتەکانی ژیانیدا.

## ٩- یاد بکەرەوە:

١- کچی چاکەکار ئەو کچەیە لە کاتی گرنگو پێویستدا لە ماڵ دەردەچێت بۆ کار، بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەی، بەتایبەت بارو دۆخی باوکی لە توانای کارکردن دوور بێتو نەتوانێت.

٢- کچی چاکەکار کاتێك پابەند دەبێت بە پاکیو دەروون پاکییەوەو خۆی تێکەڵاوی پیاوان ناکات، ئەوا خوای گەورە کەسێکی بۆ ئامادەساز دەکات کە یارمەتی بداتو، لە ژیاندا لە پلەو پایەی بەرز بکاتەوە.

٣- کچی چاکەکار ئەو کچەیە کە ڕاستو ڕوون بێت لەگەڵ خێزانەکەی، لە هەڵوێستەکانیدا ڕاستگۆ بێتو، بە جۆرێك کە خۆشیو ئاسودەیی بێت بۆ سۆماو دیدەی چاوەکانیو بەختەوەر بێت.

٤- کچی چاکەکار ئەو کچەیە کە پابەند بێت بە شەرمو حەیای خۆیەوە، ئیتر بارو دۆخەکە هەرچۆنێك بێت، لە گفتوگۆو قسەو ڕۆیشتنیو ناسینی بۆ پیاوانو، شەرمو حەیای کچ بریتییە لە دەرگای بەختەوەربوونی.

٥- کچی چاکەکار بە پاکییەکەی مێردی داهاتووی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، کە خواناسو دڵو دەروون پاك بێت، کە بیپارێزێتو چاودێری

بكاتو سەرپەرشتی بكات.

٦- كچی چاكەكار ئەو كچەیە كە سیفەتی بەرزو باڵا لە هاوبەشیی ژیانیدا هەڵدەبژێرێت، كە نمونە بێت لە هێزو ئامانەتداریدا، ئەوەیش نهێنی داهاتویەكی جوانە بۆ هەموو هاوسەرانی چاكەكار.

٧- كچی چاكەكار ئەو كچەیە ڕازی دەبێت لە هاوسەرگیرییەكەیداو، خۆشحاڵ دەبێت بە هەڵبژاردنی خێزانەكەی بۆی، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەكانیان چاكەیە بۆی.

٨- كچی چاكەكار ئەو كچەیە باشترین هاوڕێ بێت بۆ مێردەكەی لە گەشتو گەڕانیداو بە ڕەزامەندییەوە یارمەتی بدات، بە خۆشەویستییەوە هاوكاری بكاتو، نارەحەتییەكانی سەفەرەكەی لەسەر سووك بكات.

## پەیڤی صافورا:

خوشكی خۆشەویستم: ئەگەر بارو دۆخ ناچاری كردیت بۆ دەرچوون لە ماڵەوە بۆ كاركردن، ئەوا پاپەندبە بە شەرمو حەیاو دەروونو داوێن پاكییەوە لەگەڵ خۆتداو، ئاشكراو ڕوونو ڕاستبە لەگەڵ خێزانەكەتداو، لە هەڵبژاردنی هاوبەشی داهاتووت، با سیفەتی بەهێزیو ئەمینی بێت، كە یارمەتیت دەدەن، چاودێریت دەكەنو، ئیتر براوە دەبن بە بەختەوەریو، سەركەوتوو دەبن لە ژیاندا.

# لیای کچی یەعقوب (وەفادارو ئارامگر)

## ١- دەوڵەمەندی سوپاسگوزار بوو:

باوکی ئەم کچە پێغەمبەر یەعقوبە، نەوەی ئیبراهیم پێغەمبەرە (علیه السلام)، کە یەعقوبیش (علیه السلام) پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەر بووە، کە یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی خۆشەویستی خوایە، (لیا) بوویە هاوسەری یەکێك لە دەوڵەمەندە پێغەمبەرەکان، کە لە خۆشیو بەختەوەریدا ژییا، لە وڵاتی شام، کە پێغەمبەری خوا ئەیوب بوو (علیه السلام)، لیا باوەڕی هێنا بە بانگەوازەکەی، بە جۆرێك کە یەکێك بوو لەو سێ کەسەی کە لە سەرەتاوە باوەڕیان هێنا بە ئەیوب (علیه السلام)، وەك لە (تاریخ الطبري)و (تفسیر القرطبي)دا هاتووە.

لیا لەناو خاکێکی فراوانو بەپیتدا ژییاو، ژمارەیەکی زۆر ئەسپو وشترو مەڕو مانگای تیابوو، بێجگە لەو بەندەو خزمەتکارانەی کە لەناو بیناو باڵەخانەکانیاندا یان لە خاکەکەیاندا خزمەتکار بوونو، سوپاسگوزاری خوا بووو، مافی خوای گەورەی بەجێهێنا بوو.

## ٢- هەژارو ئارامگر بوو

ئەوە ڕویدا ماڵو سامان لە مێردەکەی وەرگیرایەوە، لەگەڵ زەویو ئەو کەلو پەلانەی کە هەیبوو، کەوتە بەر تاقیکردنەوەی هەژاری، بەو شێوازە ژیان ڕۆژێك شیرینو ڕۆژێك تاڵو، ڕۆژێك بۆ تۆیەو ڕۆژێك لەسەرتە، ئایا دەبێت لیا مێردەکەی لە هەژاری ئەو تاقیکردنەوەدا بەجێ بهێڵێت، یان

کانزای بنەڕەتیو ڕەسەنی دەربکەوێت لە ڕاوەستان لە دژی تەنگژەو قەیران لەگەڵ هاوسەرەکەیداو، لەگەڵ تەنگژەدا نەبێت لە دژی مێردەکەی.

لەبەر ئەوە کە لیا لە ڕەچەڵەکی ماڵی پێغەمبەرانەو، لە ماڵەکەیدا چاکەکاری بینیوەو، مێردەکەیشی ئەیوب پێغەمبەرە (علیه السلام)و خواپەرستترین کەسی سەردەمی خۆیەتی، لیا بە جوانترین شێواز ئارامی گرتو خۆڕاگر بوو، کە سکاڵاو ناڕەزایی تیا نەبوو بۆ هیچ کەس‌و، کارو باری خۆی دایە دەست خواو بەوی سپاردو ڕازی بوو بە قەدەرو فەرمانی خوای گەورە، تا نەخشەڕێگا بکێشێت بۆ کچانی چاکەکار، کە چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ قەیرانو تەنگژەکانی زەمانداو، لەگەڵ ناڕەحەتییەکاندا.

## ٣- وەفاداری ڕاستگۆ بوو

پاشان خوای گەورە مێردەکەی تاقیکردەوە بە نەخۆشییەکی قورس‌و نارەحەت، پاش ئەوەی ماڵو سامانو هەرچییەکی هەبوو تیا چوو بوو، هەتا خەڵکی لێدابڕاو، کەسێك نەمایەوە لەگەڵ تەنگژەو قەیرانی تەندروستی ئەیوبدا ڕاوەستێت بێجگە لە لیای هاوسەری.

ئایا ئەوە وەفادارییە وازی لێ بهێنێت، پاش ئەوەی کە ئەو خاوەنی ماڵو سامانو جەستەیەکی ساغ بوو بوو؟!

ئایا ئەوە وەفاداری دەبێت دەستی لێ هەڵگرێت لەم قەیرانو تەنگژەدا، پاش ئەوەی کە ژیانو حاڵێکی زۆر خۆش‌و کامەرانی هەبوو؟ لە نەخۆشکەوتنی مێردەکەیدا چی ماڵو سامانی مابوو ئەویش ڕۆیشتو، لیایش جەستەی لاواز بوو بەهۆی خزمەتکردنی ئەیوبەوە، لەگەڵ شوێنەواری دەروونی بەهۆی ناڕەحەت بوونو دەست داچوونەوە، پاش بەختەوەریو نازو نیعمەت،

بەڕاستی باشترین هاوڕێی ڕاستگۆ بوو لەگەڵ مێردەکەیدا، ئەو دەزانێت کە ئەو کەسانەی تووشی قورسترین نارەحەتیو تاقیکردنەوە دەبن پێغەمبەرانن، پاشان پیاوچاکان، پاشان ئەوی لە دوای ئەوان دێت. پاشان لیا چاکەکاری هەڵبژارد، بەهەمان شێوە کچانی چاکەکار ئارام دەگرنو ڕاستگۆ دەبن لەکاتی تاقیکردنەوەو نارەحەتییەکانداو، ئەجرو پاداشتی خوایی هەڵدەبژرێن لەبەر ئارامگریو دامەزراوییان.

## ٤- ڕووکردنە خوای گەورە

خوای گەورە دەربارەی ئەیوب (علیه السلام) دەفەرموویت: ﴿إِنَّا وَجَدْنَـٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٤٤﴾﴾ص:٤٤

واتە: (ئێمە بینیمان بەڕاستی خۆگرو ئارامگر بوو، بەندەیەکی چاكو ڕێكو پێك بوو، بێگومان ئەو تەوبەکارەو هەمیشە دڵی لای پەروەردگارە).

نهێنییەکە لەم بەشەی ئایەتەکەدا بوو: ﴿وَجَدْنَـٰهُ صَابِرًا﴾، (هیچ گومانی نەبوو ئەوەی کە تووشی هاتووە لە خوای گەورەوەیەو تاقیکردنەوەیە) لیا چوویە لایو پێی وت: (ئەی ئەیوب ئەگەر لە پەروەردگارت بپاڕێیتەوە ئەوا دەروت لێ دەکاتەوەو ڕزگارت دەکات). لە وەڵامدا دەڵێت: (بەڕاستی ماوەی حەفتا ساڵە بە لەشی ساغەوە ژیاوم، ئایا زۆر دەبێت لەبەر خوای گەورە ئەگەرحەفتا ساڵ ئارامی بۆ بگرم؟).

لەگەڵ ئارامگرتنی بەبێ نارەزایی، لە پاڕانەوەکانیدا دەڵێت: (ئەی خودایە، پەروەردگارم، بەڕاستی خۆت زانیوتە کە زمانم پێچەوانەی دڵم نەبووەو، دڵم شوێن چاوم نەکەوتووەو، هیچ کات شتێکم نەخواردووە مەگەر بێ باوکێکم لەگەڵدا بووەو، هیچ کات بە تێری نەماومەتەوەو ڕۆژم نەکردۆتەوەو، پۆشتە

نەبووم کە برسییەك یان ڕووتو بێ بەرگێکم لابووبێت)، خوای گەورە نەخۆشیو نارەحەتییەکەی لەسەر لابرد.

لیا گوێی لەم موناجاتو پاڕانەوەیە دەبێت دڵنیایی زیاتر دەبێت لەوەی کە خوای گەورە بە زوویی دەرووی لێ بکاتەوەو، زۆر خۆی ڕادەگرێت، تا هەڵدەستێت بە خزمەتکردنی لای خەڵکیدا، کاتێك لیایان دوورخستۆتەوە لە ترسی ئەوەی کەلە ڕێی ئەوەوە نەخۆشی مێردەکەی بگوێزرێتەوە بۆ خەڵکی، لیا پرچەکانی خۆی فرۆشت بۆ ئەوەی خواردن دەستەبەر بکات بۆ مێردەکەیو، نزیکبوو کە شەیتان ئەو نەخۆشییەی کە تووشی مێردەکەی بووە بەکاربهێنێت بۆ تاوانو خراپە)، بەڵام بەڕاستی ڕووکردنە خوای گەورە هەردووکیانی پاراست، خوای گەورە لەسەر زمانی ئەیوبەوە دەفەرموێت: ﴿أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ﴾ ص:٤١

واتە: (بێگومان شەیتان تووشی نەخۆشیو ئازاری کردووم).

## ٥- کۆتاییەکی جوان

لیا ئارامی گرتو ڕاستگۆ بوو، ماندوو بوونو چاکەکاری ئەنجامداو خزمەتی پێشکەش کردو، خوای گەورەیش کۆتاییەکی پرشنگدارو زۆر جوانی بۆ تۆمارکرد، ئەو فەرمودەیە هەڵدەبژێرین کە (أبن حبان) لە (أنس ی کوڕی مالك)ەوە گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (إن أيوب نبي الله لبث في بلائه ثمان عشرة سنة فرفضه القريب والبعيد).

واتە: (بەڕاستی ئەیوب پێغەمبەر (عليه السلام) لە نەخۆشیو نارەحەتییەکەیدا هەژدە ساڵ مایەوە، ئیتر کەسی نزیكو دوور ڕەتی دەکردەوە).

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (وكان يخرج لحاجته فإذا قضى حاجته أمسكت أمرأته بيده حتى يبلغ، فلما كان ذات يوم أبطا عليها، فاوحى إلى أيوب (عليه السلام) فى مكانه: ﴿ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴾ص:٤٢ فاستبطته، فتلقته ينظر وأقبل عليها قد أذهب الله تعالى ما به من البلاء وهو أحسن ما كان فلما رأته قالت أى بارك الله فيك هل رأيت نبى الله (عليه السلام) هذا المبتلى والله على ذلك ما رأيت أشبه به منك إذ كان صحيحا. قال: فإنى أنا هو)(رواه ابن حبان).

واتە: (ئەیوب (علیه السلام) دەردەچوو بۆ كارو پێداویستی خۆیو، كاتێك كارو پێویستییەكەی تەواو دەبوو خێزانەكەی دەستی دەگرێت، بەڵام ڕۆژێكیان ئەیوب خاویو هیواشی نواند بۆ لای خێزانەكەی، خوای گەورەیش لە شوێنەكەی خۆیدا وەحی بۆنارد فەرمووی: ﴿ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴾.

واتە: (ئێمەیش دوعاو نزامان گیرا كردو وتمان: هەستە، بە پێی خۆت ڕابكە، ئەوە ئاوێكی ساردە، بۆ خۆشتنو خواردنەوە).

خێزانەكەیشی خاوو خلیچكی نواند بۆ لای ئەیوبو پێی گەیشت، ئەیوب ڕووی كردە خێزانەكەی هەرچی نەخۆشیو ناڕەحەتی بێت نەیمابوو، چاك بوو بوویەوەو، لە باشترین تەندروستیو چاكیدا بوو، كاتێك خێزانەكەی چاوی پێی كەوت وتی: بەرەكەتی خوات لێ بێت، ئایا پێغەمبەرێكی خوات نەبینیوە كە نەخۆشەو لەژێر تاقیكردنەوەی خوادایە؟ لیا وتی: سوێند بەخوا كەسم نەبینیوە لەو بچێت بە هێندەی تۆ ئەگەر چاك بوو بێت. ئەیوب وتی: بێگومان من ئەوم).

بەو شێوازە ئەمە كارێكی كووتوپڕ بوو، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله

علیه وسلم) دەیگێڕێتەوە، كە لیا باوەڕی نەدەكرد ئەو بێت، ئەمەیش ڕاستییە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ وَأَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٨٣ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ﴾الأنبياء:٨٣-٨٤

واتە: (یادی ئەیوبیش بكە كاتێك هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد (دوای ئەوەی ماوەیەكی دوورو درێژ نەخۆش كەوتبوو) وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی من ئازارو نەخۆشیم تووش بووە، تۆیش لە هەموو كەس میهرەبانترو لە هەموو كەس دلۆڤانتریت، جا ئێمەیش نزایمان گیراكردو بە هاوارییەوە چووین‌و هەموو ناخۆشی‌و نەخۆشییەكمان لە كۆڵ كردەوە، هەموو ماڵ‌و منداڵیمان پێ بەخشییەوەو ئەوەندەی تریش لەگەڵیاندا (دەكرێت خوای گەورە هەر هەمان ماڵ‌و منداڵی پێشووی بۆ زیندو كردبێتەوە، یاخوود نەوەی نوێی پێ بەخشیبێت) ئەوە ڕەحمەتێكی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەوە، یادەوەریشە بۆ بەندە خواپەرستەكان (كە ئەگەر ئەوانیش تووشی بەڵاو ناخۆشی بوون وەك ئەم، لەوەودوا نزایان كرد، خوای میهرەبان بە هاناو هاواری ئەوانیشەوە دەچێت).

## ٦- خەڵاتكردنێكی ڕەببانی

ئایا شیاوی لیا نابێت پاش ئەم گەشتەی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا كە خوای گەورە خەڵاتی بكات، بەڕاستی خوای گەورە دووجار خەڵاتی كرد:

یەكەمیان: كاتێك ئەیوب لە نەخۆشییەكەیدا بوو، ئەم دواكەوت لە چوونی بۆ لای، ئینجا ئەیوب سوێندی خوارد، وا ئەمرۆ خوای گەورە شیفاو چارەسەری بۆ ناردووە چی لە سوێندەكەی بكات، خوای گەورە

لیای ئارامگری خەڵات كرد بەوەی كە ئەیوبی مێردی چەپكێك گیا بەدەستی بگرێت لە سەدچڵ پێك هاتبێت‌و كۆی بكاتەوەو بە یەكجار پیایا بكێشێت‌و، سوێندەكەیشی نەشكێنێت، واتە وەفا بە وەعدەكەی بكات.

دووەم: خەڵاتكردنی ڕەببانی، بریتی بوو لە گەڕانەوەی ژیانی بەختەوەرانە بۆ ناو خێزانەكە بە تەواوی‌و، كوڕو كچەكانی بۆ گەڕایەوە، لە سێبەری ژیانێكی خۆشی وەك پێشوو، لە پاداشتی چاكەكردنی لیا لەگەڵ هاوسەرەكەیو، وەفاداری بۆی‌و، ئارام گرتن‌و ڕاستگۆیی.

## ٧- یاد بكەرەوە:

١- كچی چاكەكار كاتێك خوای گەورە نازو نیعمەت‌و دەوڵەمەندی بڕژێت بەسەردا لەگەڵ ژیانی خۆشگوزەرانیدا، ئەوا سوپاسگوزاری خوا دەكات لە سەریان‌و، پارێزگارییان لێ دەكات بە گوێڕایەڵی خوای گەورە.

٢- كچی چاكەكار ئارامگر دەبێت كاتێك كات‌و زەمان بگۆرێت‌و بارو دۆخەكان ئاڵ‌و گۆڕ بكات، كارو فەرمانی دەداتە دەست خواو بەوی دەسپێرێت‌و ڕازی دەبێت بە قەدەرو فەرمانی خوا.

٣- كچی چاكەكار ئەو كچەیە لەگەڵ مێردەكەیدا ڕادەوەستێت لە دژی تەنگژەو قەیرانەكان، ئیتر شێوازیان هەرچۆن بێت، بە تایبەت تەندروستی‌و، تەنها لای خوایش چاوەڕێی پاداشت دەكات.

٤- كچی چاكەكار ئەو كچەیە كە ڕوو دەكاتە خوای گەورە، لە هەموو بارو دۆخێكیدا، تەنها سكاڵا لای ئەو دەردەبڕێت‌و، پشت بەو دەبەستێت‌و، دەپاڕێتەوە لێی‌و داوای دەروو كردنەوە لەو دەكات‌و، دڵنیا

دەبێت لەوەو، وەڵامی فرو فێڵی شەیتان ناداتەوە.

٥- كچی چاكەكار، بە ڕاستگۆیی‌و ئارامگرتنی‌و چاكەكاری‌و دامەزراوی، خوای گەورە خەڵاتی دەكات، بە كۆمەڵە خەڵات‌و بەخششێك كە بە بیرو خەیاڵدا نەهاتووە، لە دونیادا پێش قیامەت.

## پەیڤی لیا

خوشكی خۆشەویستم:

باردو دۆخ هەر چۆنێك بێت كە بناڵێنیت پێوەی، ئەوا بە ئارامگرتن‌و ڕاستگۆیی‌و دامەزراوی‌و ڕووكردنە خوای گەورە، چاوەڕوانی جوانترین كۆتایی بكە، لەگەڵ جوانترین خەڵات لە خوای گەورەوە.

## کچانی هاوەڵان

١- عائیشەی کچی (أبي بکر)(خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویست).

٢- عائیشەی کچی (سعدی کوڕی أبي وقاص)(کۆتا کۆچکردوو).

٣- (أسماءی کچی یزید)(وتاربێژی ئافرەتان).

# عائیشەی کچی (أبي بكر)(خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویست)

## لە ماڵی ڕاستگۆییەوە:

کچان شانازی دەکەن بە خێزانو خانەوادەکەیانەوەو، بەختەوەر دەبن بە ماڵی خۆیانو، شانازی دەکەن بە باوكو دایكو خوشكو براکانیانەوە، ئەمەیش خاتو عائیشەی کچی (أبي بكر)ی ڕاستگۆیەو، دایکیشی (أم رمان)ەو، خوشکەکەیشی (أسماء)ە کە ناسراوە بە (ذات النطاقين)(خاوەن دوو پشتوێن)و برا خۆشەویستەکەیشی (عبدالرحمن)ە، لە شاری مەککە لەدایکبووە لە پێش کۆچدا بە حەوت ساڵ، خۆی دەڵێت: (لَمْ أَعْقِلْ أَبَوَيَّ إِلَّا وَهُمَا يَدِينَانِ الدِّينَ)(رواه البخاري).

واتە: (بە بیرەوەری من دایكو باوکم بەم ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ڕەفتاریان کردووەو، ئەوەتی من لە بیرم بێت ئەوان هەر موسڵمان بوون). خاتو عائیشە هەر لەو کاتەوە کە منداڵ بووەو نینۆکەکانی ناسك بووە هەر بە ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ ناسراوەو، خۆشەویستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووەو، هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە وەحی خوایی بووەو، زۆر جار پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە عائیشەی دەفەرمو: (أُرِيتُكِ فِى الْمَنَامِ ثَلاَثَ لَيَالٍ جَاءَنِى بِكِ الْمَلَكُ فِى سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَيَقُولُ هَذِهِ امْرَأَتُكَ. فَاكْشِفُ عَنْ وَجْهِكِ فَإِذَا أَنْتِ هِىَ فَاَقُولُ إِنْ يَكُ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ)(متفق عليه).

واتە: (سێ شەو لە خەومدا تۆم پێ نیشاندرا، جوبرەئیل وێنەی تۆی لەناو

دەستماڵێکی ئاوریشمدا بۆم دەهێناو دەیفەرمو: ئەمە ژنی تۆیە، منیش ڕوویم هەڵدەدایەوەو تەماشام دەکرد، ئەوا ئێستا دەرکەوت کە خاوەنی ئەم وێنەیە تۆ بوویت! ئەو کاتە دەمگووت: ئەگەر ئەمە لە خوداوە بێت دەیکاو خۆی دەیهێنێتە دی!).

هاوسەرگیری ڕزق‌و بەخششە لە خواوەو، مێردیش بەخششە لە خواوە، بەڵام ڕزقەکە بۆ کێیە؟ ئەی مێردەکە بۆ کێیە؟ بەڵێ بۆ کچانە.. بۆ ئەو کەسانەیە کە هاوشێوەی عائیشەن، کچی ڕاستگۆ کە خێزانەکەی خۆیی خۆش دەوێت‌و شانازی بە دایك‌و باوکییەوە دەکات، کچی چاکەکار خەڵات دەکرێت لەلایەن خواوە بە باشترین پیاو، وەك ئەوەی کە خوای گەورە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) کردە هاوسەری خاتو عائیشە. کە پێغەمبەر ئاماژە دەکات بۆ خۆشەویستی زۆری عائیشە بۆ ماڵەکەی، دەفەرموێت: (بێگومان ئەوە کچی «أبي بكر»ە)(رواه مسلم).

## سەیرترین هاوسەرگیری:

پاش ئەم خەوبینینە بە خاتو عائیشەوە لە پاش وەفاتی دایکمان خاتو خەدیجە هات (خوا لێی ڕازی بێت)، هەر کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەونەکەی دەبینی دەیفەرمو: (إِنْ يَكُ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ)(متفق عليه).

واتە: (ئەگەر لە خواوە بێت ئەوا جێبەجێی دەکات).

پاشان ئامۆژگاری دایکی عائیشە دەکات، دەڵێت: (يا أم رومان استوصي بعائشة خيرا و احفظيني فيها).

واتە: (ئەی (أم رومان) ئامۆژگاری خێرو چاکی عائیشە بکەو من لەلای

ئەو بپارێزە).

ماڵی (أبي بكر) دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ ڕێکخستنی بووك کە خاتو عائیشەیە بۆ مێردەکەی، پاش ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مارەی بڕی بوو، لە دوای کۆچ کەس لە مەککە نەمابویەوە، بێجگە لە (علي کوڕی أبي طالب)و ماڵی (أبي بكر)، لەوانیش عائیشەی تیابوو کە گرنگی پێدانی خوایی دەورەی دابوو، لە گەشتی کۆچکردنەکەدا، باوکی دووربوو لێیو، مێردەکەی دووربوو لێی، بەڵام چاودێریو دەستەڵاتی خوا چاودێری ئەو بوو کە ڕازییەو گوێڕایەڵی دەکرد، ئیتر هەر مەترسییەك گەمارۆی مێردەکەیشی بدایە.

جا کاتێك ساتی کۆچکردنی عائیشە نزیکبوویەوە، کاتێك بوو کە مێردەکەی داوای لێ کرد، لەگەڵ دایکیدا کۆچی کرد، کە ئەویش زۆر سووربوو لەسەر سەلامەتی کچەکەی کە تازە بووکە، لەو کاتەدا ئەوە ڕویدا کە وشترەکەی عائیشە هەڵهاتو ڕایکرد، ئیتر دایکی دەڵێت: ئای کچەکەم! ئای بووکەکەم! لەو کاتەدا کە چاوەکانی ترس دایگرتیوو دڵی دەلەرزیو هەموو گیانی هاتبوویە لەرزین لە ترسی عائیشەی بووك، بەڵام خوای گەورە چاودێری دڵە خاوێنەکان دەکات، کە ویژدانیان پاکە، ئیتر وشترەکە ئارامو هێواش دەبێتەوەو، خوای گەورە سەلامەتی بڕیار دەدات بۆ بووکەکەمان لە کارەساتی ڕێگاو ناڕەحەتی، تا بە سەلامەتیو پشتیوانی خوای گەورە دەگاتە شاری مەدینە.

پاش ئەوەی کە موسڵمانەکان لە جەنگی بەدردا سەرکەوتنو، لە مانگی (شوال)ی هەمان ساڵدا خاتو عائیشە گوێزرایەوە بۆ ماڵی مێردەکەی. کە نیشتەجێ بوو لە ژوورێکدا کە نووسابوو بە مزگەوتەکەی پێغەمبەرەوەو،

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ناوی (دایکی عبدالله)ی لێنا.

## • خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە:

لەبەر بچووکی تەمەنی کاری سەیری هەبوو لەگەڵ پێغەمبەری خوای مێردیدا، بە چەند شتێك یاری دەکرد لەگەڵ کچە بچووکەکانی هاوڕێیدا، ئەو کچانەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەینارد بە دوایاندا تا بێن لەگەڵ عائیشە یاری بکەن.

خاتو عائیشە دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتەلام، من بە بووکە شووشە یاریم دەکرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (ئەمە چییە ئەی عائیشە؟) منیش وتم: ئەسپی سولەیمانەو چەند باڵێکی هەیە، پێغەمبەر دەستی کرد بە پێکەنین).

بەو شێوازە ماڵی هاوسەرێتی بوویە ماڵی خۆشیو شادومانیو گەشانەوە لە هەموو لاکانییەوەو، لە هەموو لایەکەوە دەگەشایەوە، تا ئەوەی کە خاتو عائیشە دڵی مێردەکەیی داگیرکرد.

کاتێك (عمری کوڕی عاص) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کێ خۆشەویسترین کەسە لەلات ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (عائیشە)، وتی: ئەی لە پیاوان؟ فەرمووی: (باوکی). هاوەڵان پاش ڕاستیو ئاشکرایی دڵی پێغەمبەر دەیانزانی کە خۆشەویستی زۆری بۆ عائیشەی خێزانی هەیە.

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: كَانَ النَّاسُ يَتَحَرَّوْنَ بِهَدَايَاهُمْ يَوْمَ عَائِشَةَ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَاجْتَمَعَ صَوَاحِبِي إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ فَقُلْنَ: يَا أُمَّ سَلَمَةَ، وَاللَّهِ، إِنَّ النَّاسَ يَتَحَرَّوْنَ

بِهَدَايَاهُمْ يَوْمَ عَائِشَةَ وَإِنَّا نُرِيدُ الْخَيْرَ كَمَا تُرِيدُهُ عَائِشَةُ، فَمُرِي رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) أَنْ يَأْمُرَ النَّاسَ أَنْ يُهْدُوا إِلَيْهِ حَيْثُ مَا كَانَ أَوْ حَيْثُ مَا دَارَ، قَالَتْ: فَذَكَرَتْ ذَلِكَ أُمُّ سَلَمَةَ لِلنَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَتْ: فَأَعْرَضَ عَنِّي، فَلَمَّا عَادَ إِلَيَّ ذَكَرْتُ لَهُ ذَاكَ فَأَعْرَضَ عَنِّي، فَلَمَّا كَانَ فِي الثَّالِثَةِ ذَكَرْتُ لَهُ، فَقَالَ: يَا أُمَّ سَلَمَةَ لَا تُؤْذِينِي فِي عَائِشَةَ فَإِنَّهُ وَاللَّهِ مَا نَزَلَ عَلَيَّ الْوَحْيُ وَأَنَا فِي لِحَافِ امْرَأَةٍ مِنْكُنَّ غَيْرِهَا)(رواه البخاري والترمذي).

واتە: (عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموی: موسڵمانان كە دیارییەكیان دەبرد بۆ پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەكرد، كە ڕۆژی سەرەی عائیشە بێت، هەتا لەوێ دیارییەكەی بۆ بەرن، چونكە دەیانزانی پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) عائیشەی خۆشدەوێت، جا هاوڕێكانم لەلای (أم سلمة) كۆدەبنەوەو دەڵێن: ئەی (أم سلمة) بەخوا خەڵكەكە كە دیاری دەبەن بۆ پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) هەڵی دەگرن هەتا ڕۆژی سەرەی عائیشە دێت، ئەوسا بۆی دەبەن، ئێمەیش وەك عائیشە دەمانەوێت لەو خێرەمان بەربكەوێت، كەوا بوو تۆ بە پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) بڵی: كە بە خەڵكەكە بفەرموێت كە خۆی تەشریفی لە ماڵی هەركام لە خێزانەكانی بێت، لەوێ دیاریی بۆ بەرنو جیاوازی لە نێوان ماڵی هاوسەرەكانیان نەكەن، (أم سلمة) وتی: كە ئەمەم بە پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) وت، وەڵامی نەدامەوە، بۆ جاری دووەم كە سەرەم هاتەوە حەزرەت هات، دووبارە پێم وتەوە، دیسانەوە وەڵامی نەدامەوە، بەڵام لە جاری سێیەمدا كە پێم وت، فەرموی: (أم سلمة) لەسەر عائیشە ئازارم مەدە، چونكە بەخوا نەبووە كە لە ناو نوێنی ژنێك لە ئێوەدابم سروشم بۆ بێت، جگە لە نوێنی عائیشە).

## • بەخشەكانی ئاسمان:

كچانی چاكەكار دەبێت وەك نمونەی خاتو عائیشە بن، ئەو پەروەردەكراوی دەستی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) كە بۆ ماوەی دە ساڵ لەگەڵیا ژییا، نمونەیەكی چاكە بۆ هەموو كچان، لە تەمەنی دە ساڵییەوە بۆ هەژدە ساڵی، ئەو لە هەموو ئەم تەمەنەدا تەنها سەیری ئاسمانی دەكردو، دەیڕوانی بۆ بەخششە ڕەببانییەكان بۆ خۆی، لە بەخششە ئاسمانییەكان: لە وشەكانی مەدحو ستایشو سوپاس بوون لە مێردەكەیەوە، ئەویش باشترینە كە كچانی چاكەكار دەستیان بكەوێت، پێغەمبەری مێردی دەربارەی دەفەرموێت: (فَضْلُ عَائِشَةَ عَلَى النِّسَاءِ كَفَضْلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ)(متفق علیه).

واتە: (فەزڵو چاكەی عائیشە بەسەر ئافرەتاندا وەك فەزڵی تریت وایە بەسەر گشت خواردنەكاندا).

لە بەخششەكانی ئاسمان بۆ خاتو عائیشە: ئەوە بوو كە فریشتەكان دەیانناسیو، لە ئاسمانەوە بە ناوی خۆیەوە بانگیان دەكرد، تا ئەوەی كە گەورەی فریشتەكان (جوبرەئیل) سەلامی بۆ دەنێرێت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم).

عائیشە خۆی دەگێڕێتەوە كە لە جەنگی (بني قريظة)دا، (جوبرەئیل) سڵاوی پێشكەش دەكات، عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (يَا عَائِشَ هَذَا جِبْرِيلُ يُقْرِئُكِ السَّلاَمَ فَقُلْتُ وَعَلَيْهِ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ تَرَى مَا لا أَرَى تُرِيدُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم))(متفق علیه).

واتە: (ئەی عائیش (بەم ناوە نازی پێ دەدا) ئەمە جوبرەئیلەو سەلامت لێ دەكات)) عائیشە وتی: (وَعَلَيْهِ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) سەلامو ڕەحمەتی

خوای لێ بێت، ئەو دەمانبینیو ئێمە ئەو نابینین ئەی پێغەمبەری خوا).

لەم بارودۆخە خۆشەویستیو حەنانو نازەدا، بوونەوەر ئەم دیمەنە هەستو مەشاعیرییە نیشان دەدات، بە جۆریك کە هەستەکان قسەی تیا دەکاتو نەخشەڕێگای تیا دەکێشێتو دەدوێت.

لەبەر ئەوە لە گەورەترین بەخششەکان بریتی بوو لە: موژدەدانی بەهەشت بە خاتو عائیشە لە زیاتر لە هەڵویستێکدا:

## یەکەم:

جوبرەئیل (علیه السلام) شێوەی خاتو عائیشەی لە دەستماڵێکی ئاوریشمی سەوزدا هێنا بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و فەرموی: (ئەمە خێزانی تۆیە لە دونیاو لە قیامەتیشدا).

## دووەم:

خاتو عائیشە دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کێ لە هاوسەرانی تۆ دەبێت لە بەهەشتدا؟

فەرموی: (بێگومان تۆی تێدا دەبیت).

ئینجا خاتو عائیشە فەرموی: (ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە بێگومان ئەوە وا دەبێت، چونکە بێجگە لەمن کچی مارە نەکردبوو).

## سێیەم:

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (بەڕاستی باری شانم سووكو ئاسان دەبێت کە سپێتی دەستی عائیشەم لە بەهەشتدا بینی)(الفتح الرباني).

## چوارەم:

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چوو بۆ لای خاتو عائیشە لە خۆشیدا دەمو چاوی دەبریسکایەوە.

## • تاقیکردنەوەی خۆشەویستی:

خۆشەویستی لە ژیانی کچاندا، چەند دیمەنو گەڕانێکی هەیە، بەڵام خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەردەوامو هەمیشەیی دەبێت.

لەبەرئەوە خۆشەویستی دەکەوێتە بەر نارەحەتیو تاقیکردنەوەو بە سەرکەتوویی تیایدا دەردەچێت لە جەنگێکی نارەحەتدا لە ژیانی کچانی چاکەکارداو، لە نارەحەتترین ئەوەی کە خاتو عائیشە بە دەستییەوە ناڵاندی، لە کاری دووڕووەکان بوو، کە ویستیان تانەو تەشەر بدەن لە پاکیو ڕێزو داوێنپاکی ئەو، بەوەی لە ئیسلامدا بە (حادثة الأفك)(ڕووداوی بوختان بۆ هەڵبەستن) ناسراوە، کە لە ئاسمانەوە ئایەتی دەربارە دابەزیو ڕاستیو پاکی خاتو عائیشەی ڕوونکردەوە، باسەکە دەسپێرین بە خاتو عائیشە کە خۆی باسی ئەم تاقیکردنەوە قورسەمان بۆ بکات کە پیایدا تێپەڕ بوو، خاتو عائیشە دەربارەی قۆناغەکانی تاقیکردنەوەکە دەڵێت:

## ١- غیرەو کەم لوتفی:

خاتو عائیشە دەڵێت: (فَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، فَاشْتَكَيْتُ حِينَ قَدِمْتُ شَهْرًا، وَالنَّاسُ يُفِيضُونَ فِي قَوْلِ أَصْحَابِ الإِفْكِ لا أَشْعُرُ بِشَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ، وَهُوَ يَرِيبُنِي فِي وَجَعِي أَنِّي لا أَعْرِفُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) اللُّطْفَ الَّذِي كُنْتُ أَرَى مِنْهُ حِينَ أَشْتَكِي، إِنَّمَا يَدْخُلُ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، يَقُولُ: كَيْفَ تِيكُمْ؟، ثُمَّ يَنْصَرِفُ)(رواه البخاري).

واتە: (كاتێك گەیشتینەوە شاری مەدینەی نازدار، وا ڕێكەوت من یەك مانگی ڕەبەق نەخۆش كەوتم، ئیتر لەبەر ئازاری خۆم ئاگام لەو خەڵكە نەبوو كە لەناو خۆیاندا باسی ئەو بوختانە دەكەن، كە دەستەی دووڕووەكان هەڵیان بەستووە بۆ منو، كردبوویان بە بنێشتە خۆشەی خۆیانو، سەرەڕای ئێشو ئازاری نەخۆشییەكەیشم من لە كراسی خۆمدا پاك بوومو، هیچ ئاگام لەم كەینو بەینە نەبوو، بەڵام لەوە دوودڵ بووم كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەو نەخۆشییەمدا وەك نەخۆشی جارانم نازی نەدەگرتمو ئەو میهرەبانییەی جارانی نەمابوو لەگەڵمدا، جارجار دەهاتە بەردەرگای ژوورەكەمو سڵاوی لێ دەكردینو دەیفەرمو بە دایكم كە بۆ چاودێری لەلام بوو: نەخۆشەكەتان چۆنە؟ ئیتر دەڕۆیشت).

## ٢- ساتی ڕاگەیاندنی هەواڵەكە بە خاتو عائیشە:

خاتو عائیشە دەڵێت:

(فَبَيْنَمَا نَحْنُ عَلَى ذَلِكَ دَخَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، فَسَلَّمَ، ثُمَّ جَلَسَ، قَالَتْ: وَلَمْ يَجْلِسْ عِنْدِي مُنْذُ قِيلَ فِيَّ مَا قِيلَ، وَلَقَدْ لَبِثَ شَهْرًا لا يُوحَى إِلَيْهِ فِي شَأْنِي شَيْءٌ، قَالَتْ: فَتَشَهَّدَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حِينَ جَلَسَ، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ يَا عَائِشَةُ، فَإِنَّهُ بَلَغَنِي عَنْكِ كَذَا وَكَذَا، فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً، فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ، وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ، فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ، وَتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبٍ، ثُمَّ تَابَ، تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)(رواه البخاري)..

واتە: (لەم كاتەدا كە لەسەر ئەم حاڵە بووین، تەماشام كرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتەماڵەوە بۆ لامانو سڵاوی كردو دانیشت، لەو ڕۆژەوە كە ئەو قسانە دەربارەی من كرابوون، ئەوە یەكەم جاربوو كە

لەلام دابنیشێت، ئەوا بووبوو بە مانگێكی تەواو كە لەم بارەیەوە نیگای بۆ نەهاتبوو، جا پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لە پاش دانیشتن شایەتومانی هێناو فەرموی: لە پاش سوپاس‌و ستایشی خودا، ئەی عائیشە! دەربارەی تۆ هەندێك قسەی ناشایستەم بیستووە، ئەگەر تۆ پاك بێت‌و لەوانە بەدوور بیت، ئەوا خودا بە زوویی پاكی تۆ ئاشكرا دەكات، ئەگەر قەرەی گوناهیش كەوتوویت، ئەوا تەوبە بكەو داوای لێخۆشبوون لە خودا بكە، چونكە خودا میهرەبانە لەگەڵ بەندەی خۆیدا، هەر كاتێك بەندەیەك گوناهێك بكات‌و تەوبەی لێ بكات‌و پێ لە گوناهی خۆی بنێت، ئیتر خوای گەورە تەوبەو پەشیمانی لێ گیرادەكات).

## ٣- نیگەرانی‌و گریان‌و ئارامگرتن:

خاتو عائیشە دەڵێت: (فقلت لأبى: أجب رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقال: والله ما أدرى ما أقول لرسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقلت لأمى: أجيبى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقالت: والله ما أدرى ما أقول لرسول الله (صلى الله عليه وسلم) وأنا امرأة حديثة السن لم أقرأ كثيرا من القرآن فقلت: إنى والله أعلم أنكم قد سمعتم هذا الحديث حتى استقر فى أنفسكم وصدقتم به فلئن قلت إنى بريئة والله يعلم أنى بريئة لا تصدقوننى وما أجد لى ولكم مثلا إلا أبا يوسف: ﴿ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ ﴾يوسف:١٨).

واتە: (جا بە باوكمم گوت: باوكە! تۆ وەڵامی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بدەرەوە لە باتی من بۆ ئەم قسەیە كە دەیفەرموێت. باوكم فەرموی: بەخوا نازانم وەڵامی بدەمەوە، ئینجا عائیشە خۆی فەرموی: من ئەو كاتە كچێكی منداڵكار بووم‌و زۆریشم لە قورئان نەخوێند بوو) لەبەر ئەوەو لەبەر

پەرێشانی دڵی خۆم ناوی حەزرەتی یەعقوب باوکی حەزرەتی یووسفم لە بیر چوو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خوای گەورە سەری خستم کە بە ڕەوانی وەڵامی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بدەمەوە، بۆیە گوتم: بەخودا من باش دەزانم کە ئێوە ئەوەندە ئەم قسەو باسە چووە بە گوێچکەتاندا، لە دڵتاندا چەسپیوەو باوەڕتان پێ کردووە، جا ئەگەر من پێشتان بڵێم: من پاكو بەریو بێ ئاگام لەم بوختانە، ئیوە باوەر ناکەن، هەرچەندە خودا بۆ خۆی دەزانێتو باش باش ئاگادارە کە من لە گوڵ پاکترمو لە منداڵی ساوا بێتاوانترم، بەڵام ئەگەر بە درۆ پێ بنێم لە کردنی کارێك کە نەمکردووە، ئەوا ئێوە باوەڕم پێ دەکەن، بەڵام سەبوریم بەوە دێت کە خودا بۆ خۆی ئاگادارەو دەزانێت کە من وەك دەنکی تەرزە پاكو بێگەردمو، سوێندم بە خوا لەم هەڵویستە ناسکەداو لە تاو هێرشی بوختان، باشترین داستانێك کە بیکەم بە سەرمەشق فەرمایشتەکەی باوکی حەزرەتی یووسفە کە کاری خۆی سپارد بە خوای گەورەو فەرموی: ﴿ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ ﴾یوسف:١٨.

واتە: (بەشو باری من سەبرو ئارامێکی جوانە، لەبەر باری خوای گەورە، هەر خودایە داوای یارمەتی لێ دەکرێتو دەتوانێت کە سەبووری دڵم بداتو توانابیم پێ ببەخشێت).

## ٤- ڕاگەیاندنی پاکیو بێ تاوانی لە ئاسمانەوە:

خاتو عائیشە دەڵێت: (فَلَمَّا سُرِّيَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلی الله علیه وسلم) وَهُوَ يَضْحَكُ فَكَانَ أَوَّلَ كَلِمَةٍ تَكَلَّمَ بِهَا أَنْ قَالَ لِي: يَا عَائِشَةُ احْمَدِي اللَّهَ فَقَدْ بَرَّأَكِ اللَّهُ، فَقَالَتْ لِي أُمِّي: قُومِي إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صلی الله علیه وسلم) فَقُلْتُ: لَا وَاللَّهِ لَا أَقُومُ إِلَيْهِ وَلَا أَحْمَدُ إِلَّا اللَّهَ،

فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ... وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾النور: ١١-٢٠ (رواه البخاري).

واتە: (جا کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سروش (وەحی) وەرگرتو لەخۆشیاندا پێکەنیو فەرموی: ئەی عائیشە! موژدەبێت، ئەوا خودای گەورەی خاوەن شکۆ دەری خست کە تۆ پاكو دووری لەو تاوانە! جا دایکم وتی: ئەی عائیشە! هەڵسە بچۆ بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە خزمەتیا دانیشە، لە خۆشی ئەم موژدە خۆشە، منیش وتم: بەخودا ناچم بۆ لایو سوپاسی خودا نەبێت سوپاسی کەس ناکەم، کە بە میهرو گەورەیی خۆی ئالای سەربەرزی بۆ من هەڵکرد، ئیتر خوای گەورەو سەروەر ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ..... وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ النور: ١١-٢٠.

## ٥- پاش تاقیکردنەوەکە:

- (خۆشەویستی سەرکەوت) سەرەڕای نارەحەتی ئەو بومەلەرزەیەی کە تووشی ماڵی خاتو عائیشە هات، کە خۆی دەڵێت: (والله ما أعلم أهل بيتٍ دخل عليهم ما دخل على آل أبي بكرٍ في تلك الأيام).

واتە: (سوێند بەخوا ماڵێك شك نابەم ئەوەیان بەسەردا هاتبێت کە بەسەر ماڵی (أبي بكر)دا هات لەو چەند ڕۆژەدا).

- (خۆشەویستی سەرکەوت) سەرەڕای ئەو بەڵا قورسو گرانەی کە دووڕووەکان پێی هەستان لە پیلان گێڕان لەسەر ماڵی هاوسەرییو، ماڵی خۆشەویستی ڕاستەقینە.

- (خۆشەویستی سەرکەوت) بە شایەتی چاکەکارانی پیاوانو ئافرەتان بۆ خاتو عائیشە، (زینب ی کچی جحش) دەڵێت: (يَا رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، أَحْمِي سَمْعِي وَبَصَرِي وَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ إِلا خَيْرًا).

واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گوێو چاوم دەپارێزمو سوێند بەخوا بێجگە لە خێر هیچم نەزانیوە).

- (خۆشەویستی سەرکەوت)و بوو بە ئایەتی قورئانی پیرۆزو تا ڕۆژی قیامەت دەخوێندرێتەوە، (عروةی کوڕی زبیر) دەڵێت: (ئەگەر هیچ چاکەو فەزڵێك بۆ خاتو عائیشە نەبووایە بێجگە لە ڕووداوی (الافك) ئەوا بەسی دەبوو بۆ فەزڵو چاکەو سەربەرزی، بەڕاستی دەربارەی ئەو قورئان دابەزی کە تا ڕۆژی قیامەت دەخوێندرێتەوە).

- (خۆشەویستی سەرکەوت) بەڵکو (خۆشەویستی دامەزراو جێگیربوو) کاتێك وەك خاتو عائیشە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە: (خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالْبَيْدَاءِ أَوْ بِذَاتِ الْجَيْشِ انْقَطَعَ عِقْدٌ لِي فَأَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَى الْتِماسِهِ وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ فَأَتَى النَّاسُ إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ فَقَالُوا أَلَا تَرَى مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ أَقَامَتْ بِرَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَالنَّاسِ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَرَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَاضِعٌ رَأْسَهُ عَلَى فَخِذِي قَدْ نَامَ فَقَالَ حَبَسْتِ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَالنَّاسَ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ فَقَالَتْ عَائِشَةُ فَعَاتَبَنِي أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ وَجَعَلَ يَطْعُنُنِي بِيَدِهِ فِي خَاصِرَتِي فَلَا يَمْنَعُنِي مِنْ التَّحَرُّكِ إِلَّا مَكَانُ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَى فَخِذِي فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حِينَ أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ فَأَنْزَلَ اللَّهُ آيَةَ التَّيَمُّمِ) (رواه البخاري).

واته: (لە هەندێك لە سەفەرەكاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) دەرچوین ملوانكەكەم لەو سەفەرەدا لێ ونبوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خۆی بە شوێنیدا دەگەڕا لەگەڵ موسڵمانەكاندا، ئینجا دواكەوتن‌و ئاویان پێ نەبوو، ئینجا (أبو بكر) گلەیی‌و گازندەی لێ كردم‌و، قسەی پێ وتم، خۆش خۆشیش بە سەرە سیخورمە دەیكوتایە كەلەكەم، منیش هەرچەندە ئێشم پێ گەیشتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی كە سەری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەسەر ڕانم بوو، جووڵەم پێ نەكرا! جا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەو شەوە خەوت تا بەیانی، كاتێك كە بەیانی هەستا، ئاو نەبوو بۆ دەستنوێژ، جا خوای گەورە ئایەتی (تیمم)ی دابەزاند).

ئینجا (أبو بكر) هات‌و بە عائیشەی وت: (وَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ يَا بُنَيَّةُ إِنَّكِ لَمُبَارَكَةٌ مَاذَا جَعَلَ اللَّهُ لِلْمُسْلِمِينَ فِي حَبْسِكِ إِيَّاهُمْ مِنْ الْبَرَكَةِ وَالْيُسْرِ)(رواه أحمد).

واته: (سوێند بەخوا ئەی كچم نەمزانیوە كە هێندە موبارەك‌و بە بەرەكەتیت، كە خوای گەورە تۆی كردە هۆكاری ڕاگرتنی موسڵمانان، لە بەرەكەت‌و ئاسانكاری بۆیان).

- (خۆشەویستی دامەزراو جێگیربوو) كاتێك ئایەتی: (التخيير) دابەزی، هەڵوێستی خاتو عائیشە ڕەزامەندی‌و قەناعەتی لێ دەباری، بێگومان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە پرسیاركردن لەو دەستی پێكرد، فەرمووی: (إِنِّي ذَاكِرٌ لَكِ أَمْرًا فَلاَ عَلَيْكِ أَنْ لاَ تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَأْمِرِي أَبَوَيْكِ)(متفق عليه).

واته: (من فەرمانێكت پێ دەڵێم، بەڵام پێویستە پەلە نەكەیت هەتا داوای مۆڵەت لە دایك‌و باوكت دەكەیت).

(فَقُلْتُ: أَوَفِي هَذَا أَسْتَأْمِرُ أَبَوَيَّ فَإِنِّي أُرِيدُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ)(متفق عليه).

عائیشە دەڵێت: (منیش پێم وت: (لەچی ئەم کارەدا من داوای مۆڵەتو فەرمان لە دایكو باوكم بکەم؟ بەڕاستی من فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیو ڕۆژی قیامەتم دەوێت).

## ئێوەش وەك خاتو عائیشە بن

### ١- لە دونیانەویستیدا:

ئەو ماڵو سامانەی کە بەدەستی ئەوەوە بوو، وای دانەدەنا کە موڵکی خۆیەتی، بەڵکو موڵکی هەژارانە، بەڕاستی لە ڕۆژی جەنگی بەدردا سەد هەزار درهەمی دابەشکردو بەخشی کە خۆی بەڕۆژوو بوو، درهەمێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە، هەتا خزمەتکارەکەی پێی وت: خۆزگە لەو درهەمانە بایی درهەمێك گۆشتت بۆمان دەکڕی، ئەویش وتی: پێش ئەوەی جیام کردەوەو بەخشیم قسەت بکردایە دەمکڕی.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (مَا نَحَلَ وَالِدٌ وَلَدًا أَفْضَلَ مِنْ أَدَبٍ حَسَنٍ)(رواه الترمذي).

واتە: (ئەوەی باوك دەیبەخشێت بە کوڕی لە سەروەتو سامان باشترینیان بریتییە لە ئەدەبی جوانو چاك).

ئەوە باشترین سەروەتو سامان بووە کە (أبو بكر) بۆ خاتو عائیشەی جێهێشتووە، کە خۆی لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە هەموو ماڵو سامانەکەی بەخشی.

(عروةی کوڕی زبیر) باسی بەخشینو دونیا نەویستی خاتو عائیشەمان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت: (بەڕاستی من خاتو عائیشەم بینی حەفتا هەزاری دابەش

دەکرد، بەڵام زرێکەی خۆیی پینە دەکرد).

## ٢- لە عیبادەتو خواپەرستیدا:

خاتو عائیشە سوودی زۆری وەرگرت بەهۆی نزیکییەوە لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم)، بە ڕۆژو بە شەو پەرستشەکانی پێغەمبەری دەبینیو ئاگای لێبووە، خۆیشی شەونوێژی زۆر دەکردو، بەردەوام بەڕۆژوو دەبوو، هەمیشە بەدوای ڕەزامەندی خوای گەورەدا دەگەڕا، خۆی دەڵێت: (من یعمل بسخط الله یعد حامده من الناس ذاما).

واتە: (هەرکەس کارێك بکات جێگەی توڕەیيو خەشمو ڕقی خوا بێت، ئەوا ئەو کەسەی کە سوپاسی ئەوی کردوە دێتەوە زەمی دەکات).

هەمیشە دەگەڕا بە شوێن زیاتر ئەنجامدانی پەرستشو گوێڕایەڵیو، تێکۆشانو هەوڵدان لە پەرستشەکاندا، دەڵێت: (من سرہ أن یسبق الدائب المجتهد فلیکف عن الذنوب).

واتە: (هەرکەس حەزدەکات پێش ئەو کەسانە بکەوێت کە ڕاهاتوون لەسەر هەوڵو تێکۆشان با خۆی لە ئەنجامدانی تاوان بگرێتەوە).

## ٣- لە بەشداری کردنی لە کاروباری ماڵەکەیدا:

- لەگەڵ مێردەکەیدا باشترین یارمەتیدەر بووە، بەڕاستی ڕۆژێکیان چاوی کەوت بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نێوچەوانی عەرەقی دەردەدا، پاشان عەرەقەکە نوورو ڕووناکی لێ دەردەچوو، عائیشەیش بە شیعرێکی (أبي بکر الهذلي) شاعیری ناسراو نمونەی بۆ دێنێتەوە دەڵێت:

فَإِذا نَظَرْتَ إِلى أَسِرَّةِ وَجْهِهِ          بَرَقَتْ كَبَرْقِ العارِضِ المُتَهَلِّلِ

ئینجا خۆشیو شادومانی چوو بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم).

- ئەوەی کە (عروةی کوڕی زوبیر) پێی سەرسام بوو لە خاتو عائیشەدا، شارەزایی بوو لە پزیشکیدا، کاتێك (عروة) پێی وت: (سەرم سوڕدەمێنێت لە زانستی تۆ بە پزیشکی، ئەوە چۆن بووەو لە کوێوە هێناوتە؟ هەر (عروة) دەڵێت: کێشای بەناو شانمداو فەرمووی: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە کۆتایی تەمەنیدا نەخۆش کەوت‌و، وەفدەکانی عەرەب لە هەموو لایەکەوە هاتن بۆ لایو، زۆر باس‌و شتیان بۆ باسکرد، منیش بەو شتانە چارە سەریم بۆ دەکرد، زانستەکەم لەوێوە بووە.

## ٤- لە زانست‌و زانیاریدا:

خاتو عائیشە بەتەنها بریتی بووە لە قوتابخانەیەك لە زانستی فەرموودەو ڕیوایەتکردنی، تەنها گێڕانەوەکانی لە ئافرەتانی وەك ڕەگەزی خۆی نەبووە، بەڵکو لە ڕاوییەکانی هاوەڵانی پیاوو شوێنکەوتوانیشی وەرگرتووە، ژمارەی ئەو فەرموودانەی کە خاتو عائیشە گێڕاونێتییەوە (٢٢١٠) فەرمودە بووە، کە پێشەوایان (البخاريو مسلم) ڕێك کەوتوون لەسەر (١٧٤) فەرمودەیو بە (متفق علیه) ڕیوایەت کراوە، هەروەها پێشەوا (البخاري) بەتەنها (٥٤) فەرمودەی هێناوەو، پێشەوا (مسلم)یش بە تەنها (٦٩) فەرمودەی هێناوەو، بەڕەها زاناترین ئافرەتی ئوممەت بووە لە زانستی فیقەو شەرعداو، هاوەڵان (عمری کوڕی خطاب)و (عثمانی کوری عفان) دەیاننارد بە شوێنیداو دەربارەی (سنن) سوننەت پرسیاریان لێی دەکرد.

خاتو عائیشە بە یەکێك لەو حەوت گەورە ڕاوییە دەژمێردرێت کە

فەرمودەیان لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەرگرتووەو گێڕاویانەتەوە، کە حەوت کەس بوون لە هاوەڵان، ئەوانیش بە دوای یەکدا بریتین لە: (أبو هريرة، عبدالله ی کوڕی عمر، أنس ی کوڕی مالك، عائيشه، عبدالله ی کوڕی عباس، جابری کوڕی عبدالله، أبو سعيدی الخدري) بوون (خوا لێیان ڕازی بێت).

## ٥- لە جیهادو تێکۆشانیدا:

خاتو عائیشە بەشداری دەکرد لە جەنگ‌و جیهاددا بەبێ ئەوەی جیاواز بێت لە غەیری خۆی، چونکە هاوسەری پێغەمبەر بوو (صلى الله عليه وسلم)، بەڵام لە بازنەی ئەو کارە لەبارو گونجاوانەدا کە شیاو بوو بۆی، لەوانە: ئاوهێنان‌و ئاوگێڕان، چارەسەرکردنی برینداره‌کان‌و، ئامادەکردنی خواردن.

لەگەڵ ئەوەی لە جەنگی (ئوحود)دا کە تەمەنی بچووك بوو، بەڵام بە شانەکانی ئاوی هەڵدەگرت‌و دەیبرد بۆ تێکۆشەرو جەنگاوەرەکان‌و، شارەزایی پێشتری نەبووبوو لە کاروباری جەنگدا، ئەوەیش یەکەم جەنگ بووە کە ئەو بەشداری تیادا بکات.

(أنس ی کوڕی مالك) دەگێڕیتەوە دەڵێت: (لَقَدْ رَأَيْتُ عَائِشَةَ بِنْتَ أَبِى بَكْرٍ وَأُمَّ سُلَيْمٍ وَإِنَّهُمَا لَمُشَمِّرَتَانِ أَرَى خَدَمَ سُوقِهِمَا تَنْقُلَانِ الْقِرَبَ عَلَى مُتُونِهِمَا ثُمَّ تُفْرِغَانِ فِى أَفْوَاهِ الْقَوْمِ ثُمَّ تَرْجِعَانِ فَتَمْلَآنِهَا ثُمَّ تَجِيئَانِ فَتُفْرِغَانِهِ فِى أَفْوَاهِ الْقَوْمِ) (متفق عليه).

واتە: (بەڕاستی من خاتو عائیشەی کچی (أبي بكر)و (أم سليم)م بینی کە بە خێرایی‌و گورج‌و گۆڵی دەڕۆیشتن‌و، خاڵ خاڵ‌و پاوانەکانی قاچیانم بینی(واتە هەڵیانکردبوو) بەسەر پشت کونە ئاویان دەهێناو دەیان برد بۆ

برینداره‌کانو ئاویان پێ ده‌دانو به‌تاڵیان ده‌کرده‌وه‌، پاشان ده‌گه‌ڕانه‌وه‌و پڕیان ده‌کرده‌وه‌و پاشان ده‌هاتنه‌وه‌و ده‌یاندا به‌ قه‌ومه‌که‌و به‌تاڵیان ده‌کرده‌وه‌).

پاش ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌م شاره‌زاییانه‌ی به‌ده‌ست هێنا، به‌شداری کرد له‌ جه‌نگی (خندق)دا، (عمر)(خوا لێی ڕازی بێت) له‌ ڕۆژی جه‌نگی (خندق) دا ده‌رباره‌ی ده‌ڵێت: کاتێك ڕیزه‌کان به‌ره‌و پێش ڕۆیشتن وتم: (چی تۆی هێناوه‌ بۆ ئێره‌، سوێند به‌خوا زۆر بوێرو زیره‌كو ئازایت). پاشان به‌شداری کرد له‌ جه‌نگی (بني المصطلق)داو، له‌و که‌سانه‌ بوو له‌و کاته‌دا تیره‌که‌ی خۆی ده‌رهێنا.

## خاتو عائیشه‌و ساته‌ کۆتاییه‌کانی له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا (صلى الله عليه وسلم)

خاتو عائیشه‌ ده‌فه‌رموێت: (إِنَّ مِنْ نِعَمِ اللَّهِ عَلَيَّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) تُوُفِّيَ فِي بَيْتِي وَفِي يَوْمِي وَبَيْنَ سَحْرِي وَنَحْرِي وَأَنَّ اللَّهَ جَمَعَ بَيْنَ رِيقِي وَرِيقِهِ عِنْدَ مَوْتِهِ دَخَلَ عَلَيَّ عَبْدُ الرَّحْمَنِ وَبِيَدِهِ السِّوَاكُ وَأَنَا مُسْنِدَةٌ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَرَأَيْتُهُ يَنْظُرُ إِلَيْهِ وَعَرَفْتُ أَنَّهُ يُحِبُّ السِّوَاكَ فَقُلْتُ آخُذُهُ لَكَ فَأَشَارَ بِرَأْسِهِ أَنْ نَعَمْ فَتَنَاوَلْتُهُ فَاشْتَدَّ عَلَيْهِ وَقُلْتُ أُلَيِّنُهُ لَكَ فَأَشَارَ بِرَأْسِهِ أَنْ نَعَمْ فَلَيَّنْتُهُ فَأَمَرَّهُ وَبَيْنَ يَدَيْهِ رَكْوَةٌ أَوْ عُلْبَةٌ يَشُكُّ عُمَرُ فِيهَا مَاءٌ فَجَعَلَ يُدْخِلُ يَدَيْهِ فِي الْمَاءِ فَيَمْسَحُ بِهِمَا وَجْهَهُ يَقُولُ: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ إِنَّ لِلْمَوْتِ سَكَرَاتٍ ثُمَّ نَصَبَ يَدَهُ فَجَعَلَ يَقُولُ: فِي الرَّفِيقِ الْأَعْلَى حَتَّى قُبِضَ وَمَالَتْ يَدُهُ)(رواه البخاري).

واته‌: (به‌ڕاستی له‌ نازو نیعمه‌ته‌کانی خوای گه‌وره‌ له‌سه‌ر من ئه‌وه‌ بوو که‌ پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) له‌ ماڵه‌که‌ی مندا وه‌فاتی کردو، له‌ سه‌ره‌ ڕۆژی مندا بوو، پشتی دابوو به‌ سنگو به‌رۆکمه‌وه‌)و له‌و سه‌مه‌ره‌

پڕ لە نهێنیو سامو شکۆیەدا، تەڕاییو لیکی دەمی منو تەڕاییو لیکی دەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێکەوە ئاوێتە بوون، لەسەر ئەم شێوەیە (عبدالرحمن)ی برام هات بۆ سەردانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و سیواکی بە دەستەوە بوو، منیش پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) هەڵسپاردبوو بە باوەشی خۆمەوە، سەرنجمدا پێغەمبەر بە شێوەیەکی تایبەت چاوی بڕیوەتە سیواکەکە، زانیم کە حەزی لە سیواك کردنە، پێم وت: بۆت وەربگرم لە (عبدالرحمن) سیواکی پێ بکەیت؟ بە سەری ئاماژەی کرد (بەڵێ)، منیش وەرم گرت بۆی، ویستی سیواکی پێ بکات، لەو کاتەدا نەخۆشییەی زۆری بۆ هێنا، پێم فەرمو: بۆتی نەرم بکەمەوە؟ بە سەری ئاماژەی کرد (بەڵێ)، منیش نەرمم کردەوە بۆی. بەم شێوەیە سیواکەکەم تەواو جوی بە دەمی خۆمو نەرمم کرد بۆیو دامەوە دەستی، ئەویش سیواکی پێ کردو هێنای بەسەر ددانەکانیدا، ئا لەسەر ئەم شێوەیە لیکی منو لیکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەم کاتە پڕ سامو شکۆیەدا پێکەوە ئاوێتەو تێکەڵ بوون، جەوەنە، یان کاسەیەك ئاوی لەبەر دەستدا بوو، (عومەری کوڕی سعید) گومانی بۆ پەیدا بووبوو کە عائیشە جەوەندەی فەرمو یان کوچەڵە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆش خۆش دەستی دەکرد بە جامە ئاوەکەداو دەیهێنا بە ڕوخساری خۆیدا، تا هاڵاوی (تا)کەی پێ فێنك بکاتەوەو، هەموو جارێك دەیفەرمو: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی حاڵەتی گیانەڵا سەختو زەحمەتە، شاڵاوی مەرگ بە زەبرو زەنگە. لە پاشان دەستی ڕاست دەکردەوەو هەر دەیفەرمو: (في الرفيق الاعلى)(شادم بکە بە کاروانی ئازیزان کە وان لە بەهەشتی باڵادا). هەتا خوا گیانی پیرۆزی وەرگرتەوە ئەمە حاڵی بوو، ئیتر بەرەبەرە لە گل‌وگۆ کەوت، دەستی شل بوو لار بووەوە، مەرگ بوویە میوانی).

هەر چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ماڵی عائیشەدا مرد، بە هەمان شێوە هەر لەوێ دفن کرا، پاشان لە تەنیشتی ئەویشەوە (أبوبكر)و (عمر) (خوا لێیان ڕازی بێت) دفن کران، ئەوە جێبەجێ بوو کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاواتی پێ دەخواست، کاتێك کە دەیفەرمو: (لا يقبض النبي إلا في أحب الامكنة إليه).

واتە: (پێغەمبەر ڕۆحی ناکێشرێت مەگەر لە خۆشترین شوێن لای خۆی).

بەڕاستی پێش وەفاتی لەناو خێزانەکانیدا دەگەڕا بۆ نۆرە ڕۆژی خاتو عائیشەو دەربارەی دەیفەرمو: (سبەینێ من لە کوێ دەبم)؟

کاتێك بە نۆرە ڕۆژی خاتو عائیشەی دەزانی، دڵی زۆرخۆش دەبوو دەگەشایەوە.

تا ڕۆژی سێ شەممەی (١٧)ی (رمضان)ی ساڵی (٥٨)ی کۆچی هاتە پێش، خاتو عائیشە وەفاتی فەرمو، کە تەمەنی پیرۆزی (٦٦) ساڵ بوو، لە گۆڕستانی (بقيع) دفن کرا، (أبو هريرة) نوێژی لەسەر کردو، کۆتا وشەکانی بۆ (ابن عباس) کە باسی چاکەکانی خاتو عائیشەی کرد بریتی بوو لە: (ئەی (ابن عباس) واز لە من بێنە، سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بە دەستە، بەڕاستی حەزم دەکرد هەر بە تەواوی لە بیرچومایەتەوە)(طبقات أبن سعد).

## یاد بکەرەوە:

١- کچی چاکەکار، شانازی دەکات بە خێزانەکەیەوەو، فەخرو شانازی دەکات بە باوكو دایكو خوشكو براکانییەوە.

٢- کچی چاکەکار، کاتێك پابەند بێت بە ڕاستگۆییەوە لەگەڵ پەروەردگاریدا، ئەوا بە باشترین ژیان ڕێزی لێ دەگرێت.

٣- کچی چاکەکار، تەنها پشت بە پەروەردگاری دەبەستێت‌و، هاوکاری‌و یارمەتی لەوەوە وەردەگرێت، بە تایبەت کاتێك تووشی مەترسی هات.

٤- کچی چاکەکار، ژیان بەسەر دەبات‌و تەمەن زیندوو ڕادەگرێت لە خۆش‌و شادومانی‌و گەشانەوەدا، لەبەر ئەوەی کە کاتەکانی لەگەڵ خوای گەورەدایە.

٥- کچی چاکەکار، سوور دەبێت لەسەر خۆشەویستی خواو گوێڕایەڵی ئەوو کارکردن بۆ چوونە ناو بەهەشت‌و، ڕاکێشان‌و ڕازی کردنی دڵی هاوسەرەکەی، ئیتر بەخششەکانی ئاسمانی بۆسەر دادەبەزێت.

٦- کچی چاکەکار، ئەو کچەیە کە ئارامگرو خۆڕاگر دەبێت لەسەر تاقیکردنەوەکانی دونیاو، تەنها پشت بە خوای گەورە دەبەستێت‌و خوای گەورەیش سەری دەخات.

٧- کچی چاکەکار، ئەو کچەیە، لە ڕووی زانستییەوە پێشکەوتوو سەرکەوتوو دەبێت‌و، بەخشندەو بەڕێزو دونیا نەویستەو، تێکۆشەرو بەشدارە هەموو کاتێك.

٨- کچی چاکەکار ئەو کچەیە لەگەڵ مێردەکەیدا ڕادەوەستێت، لە ژیانی‌و کاتی نەخۆشیدا، تا کۆتا ساتەکانی لە دونیادا.

## پەیڤی خاتو عائیشە:

ئەی کچان: داهاتوی خۆتان دروستبکەن‌و بونیات بنێن لە کاتی گەنجێتیتاندا، بە ڕاستگۆیی‌و خواپەرستی‌و زانست‌و دونیا نەویستی‌و خۆشەویستی بۆ مێرد، ئیتر بارو دۆخەکان هەر چۆنێك بێت.

# عائیشەی کچی سعدی کوڕی أبي وقاص

## (کۆتا کۆچکردوو)

### ١. قوتابییە بە نرخو بە هادارەکە:

- عائیشەی خوشکی ئیمانو باوەڕ ڕێی کردو ڕۆیشت، گوێ لە فەرمودە دەگرێت لە (سعدی کوڕی أبي وقاص)ی باوکیو لە دایکانی باوەڕدارانەوەو دەیگێڕێتەوە، لە پێش هەموویانەوە دایکی باوەڕداران خاتو عائیشە (خوا لێ ڕازی بێت)و، قوتابییەکی بەنرخو بەهادار بوو کە فەرمودەی گێڕاوەتەوە، ناسرابوو بە پلەبەرزیو پێشکەوتوویيو زیرەکیو باش لەبەرکردن، لە کۆتاییەکانی جێنشینی (عثمان ی کوڕی عفان)دا، لە شاری مەدینەی پیرۆز لەدایکبووەو، شانازی دەکات بە باوکییەوەو دەڵێت: (من کچی ئەو کۆچکردووەم کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دایكو باوکی خۆیی بە فیداو قوربانی دەکرد).

لە (صحيح البخاري)دا، هاتووە، (سعیدی کوڕی المسيب) وتی: گوێم لە (سعد) بوو، دەیوت: (نَثَلَ لِي رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) كِنَانَتَهُ، أَوْ نَبَلَ لِي رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) كِنَانَتَهُ يَوْمَ أُحُدٍ، وَقَالَ: ارْمِ فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي).

واتە: (پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە تیردانەکەی خۆی تیری بۆ دەردەهێنام لە ڕۆژی جەنگی (ئوحود)داو، دەیوت: (ئەی سعد دایكو باوکم فیدات بێت بیهاوێژە).

- (عائیشەی کچی سعد) بە بەختەوەری ژییا، چونکە قوتابی دایکی

باوەڕداران خاتو عائیشە، بوو، دەیوت: (أدركت ستا من أزواج النبى (صلى الله عليه وسلم)).

واتە: (گەیشتم بە شەش لە هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)).

لەسەر پلەبەرزیو سەرکەوتوویی خۆی مایەوە تا ئەوەی کە (أبن حبان) لە (الثقات)(متمانە پێکراوان)دا باسی کردووەو، پێشەوا (البخاري) گێڕانەوەی لێ وەرگرتووەو، (العجلي) وتویەتی: (عائیشەی کچی سعد) مەدەنیو، شوێنکەوتوو خاوەن متمانەیە.

ئەوە بەسە بۆی کە بەڕاستی بووەتە مامۆستا لە زانستداو، لە زانستی زۆرێك لە زانایانی وەرگرتووە، لەوانە: (پێشەوا مالك ی کوڕی أنس) خاوەنی (مذهب)ی (مالكي) کە پێشەوا (مالك) لە غەیری ئەم ئافرەتە ڕیوایەتی لە ئافرەتی تر وەرنەگرتووە.

## ٢- زانایەکی خواناسە

- لەگەڵ فراوانی زانستەکەیدا بەناوبانگ بوو بە پارێزگاری کردنو باش ئەنجامدانی نوێژەکانی لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم)، بە تایبەتی نوێژی بەیانیو نوێژی عیشا، (حبيب ی أبي مرزوق) بەم وتەیە باسی دەکات دەڵێت: (لە شاری مەدینە گەیشتم بە ئافرەتێك، کە چەند ئافرەتێکی تری لەگەڵدا بوو، مۆمێکی پێ بوو، لە مزگەوتەکە دەچوویە دەرەوە، پرسیارم کرد دەربارەی کێیە؟ وتیان: ئەوە کچی (سعدی کوڕی أبي وقاص)ە.

- هەروەها ناوبانگی دەركردبوو بە گێڕانەوەی شیعر، بەڕاستی ئەو ڕیوایەتی كردووە كە باوكی لە یەكێك لە جەنگەكاندا وتی:

ألا هَل أتى رسولَ اللهِ أنّي ... حميتُ صَحابتي بصدورِ نَبْلي

أذودُ بها عدوَّهم ذياداً ... بكلِ حزُونةٍ وبكلِّ سهلِ

فما يعتدُّ رامٍ من مَعَدّ ... بسهمٍ يا رسولَ اللهِ قبلي

- لە متمانەی زانایان بە باش لەبەركردنو ڕەوان كردنو بەدەست خستنو گێڕانەوەكانی، پێشەوا (البخاري) ئەم (قول)ەی (سعد)ی باوكی (تخريج) كردووە: (اشْتَكَيْتُ بِمَكَّةَ فَجَاءَنِي النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) يَعُودُنِي وَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى جَبْهَتِي ثُمَّ مَسَحَ صَدْرِي وَبَطْنِي ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اشْفِ سَعْدًا)(رواه البخاري).

واتە: (لەتاو ئازار دەمنالاند لە شاری مەككەو، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هاتو سەردانی كردمو، دەستی پیرۆزی هێنا بەسەر دەمو چاوو سنگو سكمداو، فەرموی: (ئەی خوایە شیفای سعد بدەیت)، بێگومان بەردەوام هەست بە فێنكی دەستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەكەم لەسەر جگەرم تا ئەم ساتە).

- مێژونووسان پشتیان بەستووە بە گێڕانەوەكانی (عائيشەی كچی سعد) لەسەر وەفاتی باوكی، عائیشە دەڵێت: (باوكم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە كۆشكەكەی خۆی لە (عقيق) وەفاتی كرد، كە ماوەی دە (ميل) لە شاری مەدینەوە دوورەو، لەسەر شانی پیاوان هەڵگیرا بۆ شاری مەدینەو، (مروانی كوڕی الحكم) نوێژی لەسەر كرد، كە والی مەدینە بوو، ئەوە لە ساڵی (٥٥) ی كۆچیدا بوو، ئەو ڕۆژەی كە وەفاتی كرد دووسەدو پەنجا هەزاری لە

دوای خۆی جێهێشت).

له گێرانەوەکەیدا هەموو مەرجە نمایشکراوەکانی مێژووی تیا هات، پێش دابەش کردنی زاناکان.

## ٣ له قوتابخانەی پێغەمبەریدا:

له پەیوەندی بەردەوامدا بوو بە هاوسەرەکانی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم)و جوانترین ژیاننامەی بۆمان گێڕاوەتەوە له قوتابخانەی پێغەمبەریتیدا، عائیشە دەڵێت: (گەیشتووم بە شەش له هاوسەرەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و، لەگەڵیاندا بووم‌و، بەرگی سپیم بە هیچ کام لەو ئافرەتانەوە نەبینی، من دەچوومە لایان‌و خشڵ‌و زێرم پێوە بوو، ئەوان عەیبەیان لێ نەدەگرتم لەسەری، پێی وترا: ئەو شتە چی بوو پێتەوە؟ وتی: ملوانکەی ئاڵتون.

هەر لەوێ هەمیشە پەیڕەوی دایکی باوەڕداران خاتو عائیشەی دەکرد (خوا لێیان ڕازی بێت) له نوێژە فەرزەکان یان له سوونەتەکانیدا، پێشەوا (أحمد) له (مسند)ەکەیدا، له (عائیشەی کچی سعد)ەوە ئەویش له (أم ذرة)ەوە (تخریج)ی کردووە کە فەرمویەتی: (رَأَيْتُ عَائِشَةَ تُصَلِّي الضُّحَى وَتَقُولُ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلی الله علیه وسلم) يُصَلِّي إِلَّا أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ).

واتە: (خاتو عائیشەی هاوسەری پێغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم) بینی‌و نوێژی (ضحی) چێشتەنگاوی دەکردو دەیفەرمو: نەم بینیوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نوێژ بکات لەو کاتەدا تەنها چوار ڕکات نەبێت).

## ٤- دوا کۆچکردوو

دوای ئەوەی کە خاتو عائیشە کەمێکی مابوو بگاتە نەوەد ساڵانو، بڕیارەکانی ڕاستو چەسپاو بوو لەسەر زانستو بڵاوکردنەوەیو، لە ساڵی (١١٧)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە، لە کچە کۆچکردووەکان تەنها ئەو مابوویەوە، تا ئەوەی کە خۆی دەفەرمویێت: (سوێند بە خوا کچی کۆچکردوو ئافرەتی کۆچکردوو نەمابوو بێجگە لە خۆم).

عائیشە کۆتا کۆچکردوو بوو، وەك دەفەرمویێت: بە حەقو ڕاستی لەسەر ڕووی زەویدا بە تەواوەتی، بەوەیش بوویە: (پێشەنگی دامەزراوان).

## کۆتایی... یاد بکەرەوە

- کچە چاکەکارەکە بەتەنگەوەبوو لەسەر پێشکەوتنو پلەبەرزیو بەدەست خستنی زانستەکان، دەیکاتە ناونیشانی فەخرو شانازیو بەختەوەریو فێرکردنی نەوەکانو، بڵاوکردنەوەی بۆ زانست ئاسان دەبێتو دەبێتە یەکێك لە خاوەن پسپۆڕییەکان.

- ئافرەتی چاکەکار بەتەنگەوە بوو لەسەر ڕۆشنبیریو فیکرو ئەدەبو، دەبێت جێگەی متمانە بێت لە زانستەکەیو خوێندنیدا کە ئیسلام هاندەر بووە لەسەری.

- ئافرەتانی چاکەکار پێشەنگیان تیابووە لە هاوەڵان بە تایبەت دایکانی باوەڕداران، لە گوێڕایەڵیو پەرستشو زانستو ئەخلاقدا.

- ئافرەتە چاکەکارەکان گوێڕایەڵی خوانو سوورن لەسەر بەجێ هێنانی فەرزەکانو، چوونە ناو مزگەوتو هاوەڵی کردنی ئافرەتە چاکەکارەکان.

- ئافرەتە چاکەکارەکان دامەزراوو خۆڕاگرن لەسەر ئایینەکەیانو پابەندی ئەخلاقو ئاکاریانن، تا کۆتا سات لە ژیانیاندا.

## پەیڤی عائیشە

دامەزراویو دامەزراوی... و بۆ ئەوەی فێربیت خۆشەویستەکەم کە بەڕاستی سەرکەوتن لە بەدەست خستنی کارو جێبەجێ کردنیدا نییە، بەڵکو لە دامەزراویدایە لەسەری‌و بەردەوامییە لەگەڵی، تا کۆتایی ژیانمان لە دونیادا، بەوە دەبمە خۆم، بە دامەزراویم لەسەر زانستو پەرستشەکانو پەیرەوی کردنی دایکانی باوەڕداران، (پێشەنگی دامەزراوان)و (کۆتا کۆچکردوو) بووە.

# أسماءی کچی یزید

## (وتاربێژی ئافرەتان)

### ١- وتەی کاریگەرو جوان ڕوونکردنەوە:

(أسماء) ناسرا بوو بە بەهێزی لە ڕوونکردنەوەداو دەربڕینی وتەی جوانو کاریگەر، بەڕاستی ئەم بەهرەیەشی لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەوە وەرگرتبوو، وای لێ کرد کە بە (وتاربێژی ئافرەتان) نازناوی دەرکرد، چونکە بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و دەچوو بۆ خزمەتیو گوێی لە فەرمودەکانی دەگرت، بەڕاستی لەبەردەم پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) وتارێکی کاریگەری خوێندەوە، ئامادەبووەکان شایەتیان بۆدا بە بەلاغەتو زمانپاراوی، هەتا لەناو کتێبی مێژونووساندا ناسرا بە (خطبة أسماء البليغة)، بۆ نمونە لە هەردوو کتێبی (الاستيعاب)و (أسد الغابة)دا. بوارەکە بەجێ دەهێڵین بۆ خاوەنانی کتێبی مێژوو، کە ئەم (خطبة) وتارە کاریگەرەمان بۆ بگێڕنەوە: (باسیان کرد کە بێگومان هات بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە لەناو هاوەڵە بەڕێزەکاندا بوو، (أسماء) وتی: (ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دایكو باوکم بە فیدات بێت، بەڕاستی من نوێنەرێکمو، ئەو کۆمەڵەی لە پشت منەوەن ئافرەتانی موسڵمانانن. هەمویان قسەکەی من دەڵێنو، لەسەر هەمان بۆچوونی منن، بەڕاستی خوای گەورە تۆی بە پێغەمبەر بۆ پیاوانو ئافرەتان ناردووە، باوەڕمان پێ هێناویتو شوێنت کەوتووین، ئێمە کۆمەڵی ئافرەتانین، پابەندین بە ماڵەکانمانەوەو، لە ماڵەکانمان نایەینەدەر بۆ پێویستی نەبێتو لە ماڵەوە دانیشتووینو شوێنی

ئارەزووی پیاوانو هەڵگری منداڵەکانیانین، بەڕاستی پیاوان فەزڵو ڕێزیان پێدراوە بە ئامادەبوونی نوێژی جومعەو جەماعەتو ئامادە بوونی تەرمو جەنازەو جیهادو تێکۆشان لە ڕێگەی خواداو، کاتێك دەرچوون بۆ جیهاد،ماڵو سامانەکەیان بۆ دەپارێزینو، منداڵەکانیان بۆ پەروەردە دەکەین، ئایا لە ئەجرو پاداشتدا بەشداریان دەبین ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاوڕی دایەوە بەلایداو فەرموی: (ئەی (أسماء) بڕۆرەوە هەرکەس لە پشت تۆوەیە لە ئافرەتان فێریان بکەو پێیان بگەیەنە کە بەجوان هەڵسوکەوت کردنو سەرجێگەیی هەر یەکێکتان لەگەڵ مێردەکەیو جێبەجێ کردنی داواکانی لەبەر ڕەزامەندیو شوێنکەوتنیان لەسەر داوایان، بەرامبەر دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە تۆ دەربارەی پیاوان باست کرد).

## ٢- بوێرو ئازاو پەروەرشیارە

پیشەوا (البخاري) لە (أدب المفرد)ەکەیو پێشەوا (أحمد) لە مەسنەدەکەیدا دەگێڕنەوە کە (أسماءی کچی یزید) دەڵێت: (مر بی رسول الله (صلی الله علیه وسلم) وأنا فی جوار أتراب فقال: إیاکن وکفر المنعمین وکنت أجرأ علی مسالته من غیری فقلت: یا رسول الله وما کفر المنعمین؟ فقال: لعل إحداکن تطول أیمتها عند أبویها ثم یزوجها یرزقها زوجا ویرزقها ولدا فتغضب الغضبة فتکفره تقول: والله ما رأیت منك خیرا قط).

واتە: (پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەلامدا تێپەڕی من لەناو کۆمەڵێك ئافرەتی هاوڕێمدا بووم لە تەمەنی خۆمدا، سڵاوی لێ کردین. فەرموی: (ها ئاگاداربن خۆتان بپارێزن لە ناشکوری خاوەن نازو نیعمەتەکان) منیش لە بوێرو ئازاترینیان بووم لەسەر پرسیارکردن، وتم: ئەی پێغەمبەر خوا (صلی الله علیه وسلم) کوفرو ناشکوری خاوەن نازو نیعمەتەکان چییە؟) فەرموی:

(ڕەنگە یەکێکیان درێژە بە تەمەنی کچێتی خۆی بدات لای دایكو باوکیو شوو نەکات، پاشان خوای گەورە مێردی پێ بداتو، منداڵی پێ بدات. ئینجا توڕە ببێتو ناشکوری بکاتو، بڵێت: قەت خێرم لە تۆ نەدیوە).

چی دەبوو ئەگەر (أسماء) وەك هاوشێوەکانی ڕەگەزی خۆی بێدەنگ بوایە، ئایا ئەمە فێرکردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو؟ ئەم ئاوڕدانەوە پەروەردەییە لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) ئەمڕۆ دەبێت لە نێوانماندا بێت؟

## ٣- لە کەسە سەرەتاکان بوو کە بەیعەتیاندا:

(أسماء) تەنها وتابێژی ئافرەتان نەبوو، لە هەمویان بوێرترو زیرەکتر بێت، بەڵکو لە پێشەوە بوو بۆ هەموو خێرو چاکەیەكو، لە کتێبی (الاوائل)ی پێشەوا (العسكري)دا باسی وتەیەکی (عمروی کوڕی قتادة) کراوە کە دەڵێت: یەکەمینەکان کە بەیعەتیاندا بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بریتی بوون لە: (دایکی سعدی کوڕی معاذو، أسماءی کچی یزیدو، حواءی کچی یزید)و، (أبن سعد) لە (الطبقات)دا باسی شانازی (أسماء) دەکات بەم پێشبڕکێیەو بەم سەرکەوتنە، بەو شێوازە کچی چاکەکار ڕازی نابێت بەوە نەبێت کە لە هەموو شتێکدا یەکەم بێت، (أسماء) دەڵێت: (من لە سەرەتاو یەکەمەکان بووم کە بەیعەتمدا بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

وشەی (أنا) واتە: (من) لەو بابەتانەیە کە شەرع ڕێگەی پێ داوە، لەم شوێنانەدا. کچێکی چاکەکار بوو لە: چاکەکاریو پابەندیو پۆشتەییو حیجابو زانستو بانگەوازیدا. حەقی خۆی دەبێت کە (أسماء) دەڵێت: من یەکەم بوومو، سوپاسو ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

وشەی (من) شانازی نەبووە لە پێناو شانازی کردندا، بەڵکو پێشبڕکێیە لە قوربانیداندا، کاتێك (أسماء) دێت بەیعەت بدات دەڵێت: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تا بەیعەتی پێ بدەم، لێی نزیکبوومەوەو، دوو بازنگی ئاڵتونم لە دەستدا بوو، چاوی بە بریقەکەی کەوت، فەرموی: (ئەی أسماء ئەو دوو بازنگە فڕێ بدە، ئایا ناترسیت کە خوای گەورە بۆت بگۆڕێت بە بازنگی ئاگراوی؟!).

أسماء وتی: (فڕێمدان)، بەو شێوازە أسماء لە یەکەم تاقیکردنەوەیدا لە بەردەم پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) سەرکەوت، ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕەزامەندی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیی بەس دەبێت لە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم).

## ٤- کەسایەتییەکی تایبەت بوو

خاتو عائیشەی دایکی باوەڕداران بە یەکێك لە ئافرەتانی پشتیوان مەدحو ستایشی کردبوو، دەڵێت: (نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الْأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ)(رواه مسلم).

واتە: (باشترین ئافرەت، ئافرەتانی پشتیوانن‌و، شەرم کردن ڕێی لێ نەدەگرتن کە پرسیار بکەن دەربارەی ئایین‌و تیایدا شارەزا بین).

لەسەروی ئافرەتانی پشتیوانیشەوە وتاربێژی ئافرەتان خاتو (أسماءی کچی یزید) بوو، خاتو عائیشەی دایکی باوەڕداران دەربارەی دەفەرموێت: بەڕاستی (أسماءی کچی یزید) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی خۆشۆردن لە بێنوێژی ئافرەتان (حيض)، ئەویش لە وەڵامدا فەرموی: (با سیدر -کە ڕوەکێکە یارمەتی پاك بوونەوە دەدات-و

ئاوەكەی بەرێتو سەری پێ بشواتو باش دەستی تێ بخات تا ئاوەكە دەگاتە هەموو بەشەكانی سەری، پاشان پارچەیەك قوماشی خاوێن بێنێتو خۆی پێ پاك بكاتەوە، (أسماء) وتی: چۆن خۆمی پێ خاوێن بكەمەوە؟ ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: (سبحان الله العظيم!) ئیتر خۆتی پێ پاك بكەرەوە!. خاتو عائیشە فەرموی: ئاماژەی كرد بۆ شوێنی هاتنی خوێنی بێنوێژی واتە داوێنی).

بەم شێوازە (أسماء) نەخشەرێگای كێشا بۆ هەموو كچێك كە چۆن هۆشیاربن دەربارەی ئایینەكایانو، سووربوو لەسەر ووردەكاری لە زانستداو، دڵنیایی لە هەموو كاروبارێكی تایبەت بە ئافرەتاندا.

## ٥- وەك أسماءی كچی یزید، بن:

### لە بەشداریكردنیدا:

أسماء دوور لە كۆمەڵگا نەژیاوە وەك ئێمە بۆی چوین، ئەوەیش لە پێشبڕكێو سووربوونی لەسەر یەكەمی بوون، بەڵكو بەڕاستی بەشداری كردووە لە خۆشییەكانو ناخۆشییەكاندا، ئەو كچە بوو كە خاتو عائیشەی ڕازاندەوە لە ڕۆژی بوكێنیدا بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و بردییە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، تا بووبە ئەوەی پێی بوترێت: أسماء قژ داهێنەری خاتو عائیشە بوو، كە ئافرەتی لە ڕۆژی بوكێنیدا دەڕازاندەوە.

أسماء دەڵێت: من خاتو عائیشەم ڕازاندەوەو قژیم داهێنا بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەرو بانگم كرد بۆ شەوی چوونە ناوپەردە، ئەویش تەشریفی هێناو لە تەنیشتی خاتو عائیشەوە دانیشت،

ئینجا پەرداخێك شیر هێنرا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خواردییەوە، پاشان دای بە عائیشە، ئەویش سەری نزم کردەوەو شەرمی کرد.

## لە ڕێزو بەخشندەییدا:

أسماء دەڵێت: لە مەغریبدا پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) بینی لە مزگەوتەکەماندا، منیش هەندێك گۆشتم بە ئێسقانەوە لەگەڵ کولێرەیەك بۆ هێناو وتم: دایكو باوكم بە فیدات بێت بیخۆ، ئەویش بە هاوەڵانی فەرمو: (بەناوی خواوە بخۆن).

خۆیو هاوەڵەکان کە هاتبوون لەگەڵی لێیان خواردو، ئەوانەیش کە ئامادەبوون لەو شوێنەدا، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە، بەڕاستی هەندێك لە گۆشتو ئێسقانەکەم بینی کە نەکرێنرابویەوە لەگەڵ هەموو نانەکەو، خەڵکەکە چل پیاو بوون، پاشان لەو ئاوەی خواردەوە کە لامبوو لە کونەیەکدا، پاشان ئەوێی جێهشتو ڕۆیشت، منیش کونەکەم هێناو تەڕم کردو پێچامەوەو، بەشی نەخۆشمان لێ دەداو لێما دەخواردەوە تا ماوەیەك بەهۆی بەرەکەتەوە.

## لە جیهادو تێکۆشانیدا:

لە جەنگی (ئوحود)دا باوکی شەهید کرا، واتە: (یزیدی کوڕی السکن)، هەروەها براکەی (عامری کوڕی یزید)و مامیشی (زیادی کوڕی السکن)و ئامۆزاکەیشی (عمارەی کوڕی زیاد)، هاواری نەکرد یان نرکەوناڵەی لێوە بێت، بەڵکو پرسی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چی بەسەرهات؟ پێیان وت: ئەو باشە، وتی: پیشانم بدەن، دەرچوو ڕۆیشت سەردانی سەلامەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکات، کە ئەویش لە (ئوحود)ەوە دەهات،

کاتێك بینی سەلامەتە، وتی: هەموو ناڕەحەتییەك دوای تۆ ئاسانە ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

پاش شەهیدبوونی کەس‌و کارەکەی کۆڵی نەدا لە جیهادو تێکۆشان، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم). لە جەنگی (خندق)دا بەشداری کرد بە پێشکەش کردنی خواردن بۆ تێکۆشەران‌و، لە ڕۆژی پەیمانی حودەیبییەدا ڕۆیشت بۆ بەیعەتدان (بیعة الرضوان)و بەشداری کرد لە جەنگی (خيبر)داو، تا لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەرچوو بۆ جەنگی (یەرمووك)و ئاوی دەدا بە تینووەکان‌و، بریندارەکانی تیماردەکرد، پێشەوا (الطبراني) دەگێڕێتەوە کە لە جەنگی (یەرموك)دا چووینە ناو ڕیزی جەنگاوەرەکانەوەو، لەو ڕۆژەدا بە ستونی خێمەکان نۆ کەسی لە ڕۆمەکان کوشت.

## ٦- أسماء گەشتی کرد بۆ بەهەشت

(ألذهبي) هێناویەتی کە (أسماءی کچی یزید) لە (دمشق) نیشتەجێ بوو، گۆڕەکەی لە گۆرستاننی (باب الصغير)ە، ماوەیەك پاش جەنگی (یەرمووك) ژییا، تا سەردەمی دەوڵەتی (یزیدی کوڕی معاوية).

کاتێك کە خەڵکی دەمردن، (أسماء) گەشتی کرد بۆ بەهەشت، بە موژدەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، ئەو لە یەکەمینە بەیعەتدەرەکان بوو لە ڕۆژی حودەیبییەداو بە یەکێك لە هاوەڵانی (الشجرة الرضوان) دەژمێردرێت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (لا يدخل النار أحد ممن بايع تحت الشجرة)(رواه الترمذي).

واتە: (هیچ یەکێك لەوانە ناچێتە ئاگرەوە کە بەیعەتیاندا لەژێر درەختەکەدا).

## ٧- یاد بكەرەوە.

١- كچی چاكەكار ئەو كچەیە كە گوزارشت دەكات لە ئاوات‌و خۆزگەو بۆچوونەكانی ئافرەتان، لە زمانپاراوی‌و ڕەوانبێژی‌و ڕوونكردنەوەداو، دەپرسێت‌و گفتوگۆ دەكات لەپێناو ئەوەدا كە ڕاستییەكان‌و حەقیقەتیان پێ بگەیەنێت.

٢- كچی چاكەكار، بوێرو ئازایە لە حەقدا، بە تایبەت لە بواری بانگەوازو پەروەردەو بڵاوكردنەوەی فیكرەو بۆچووندا.

٣- كچی چاكەكار هەمیشە تێدەكۆشێت، كە لە پێشەوە بێت لە خێرو چاكەداو، لە یەكەمەكان بێت لە ئەهلی قوربانیدان‌و بەرگە گرتندا.

٤- كچی چاكەكار، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی كە هۆشیار بێت بە كاروباری ئایینەكەی‌و، سورە لەسەر زانینی وردەكارییەكانی زانستی فیقە، تا باش خواپەرستی دەكات لەسەر زانست‌و تێگەیشتن.

٥- كچی چاكەكار ئەو كچەیە بەشدار دەبێت لە خۆشی‌و ناخۆشییەكانداو، ڕێزدارو بەخشندەیەو، تێكۆشەرو ئارامگرە.

## پەیڤی أسماء

ئەی خوشكانم: بوێرو ئازابن لە حەق‌و ڕاستیدا، بانگەواز ئاشكرا بكەن‌و، قوربانییەكان پێشكەش بكەن، ڕازی مەبن بەوە نەبێت كە لە یەكەمەكان بن بۆ بەهەشت.

# کچانی شوێنکەوتووان

١- معاذةی کچی عبدالله، ماموٚستای ئارامگر.

٢- نائلةی خێزانی (عثمانی کوڕی عفان)، وەفادارێکی کاریگەر.

٣- حفصةی کچی عبدالرحمن، هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو.

# معاذةی کچی عبدالله

**مامۆستای ئارامگر.**

## ١- لەگەڵ پەروەردگاریدا

## هیمەتی نەفس‌و دەروون

- پێش هاوسەرگیری بە هیممەتبەرزی ناسرابوو لە پەرستش‌و پاڕانەوەکانی لەگەڵ پەروەردگاری خۆشەویستیداو، پێڵوەکانی پڕ بووبوون لە خۆشەویستی خوای گەورە، هیچ بە خەیاڵ‌و بیریدا نەدەهات تەنها ئەو زاتە نەبێت، ناوبانگی دەرکرد بە کچی ئیمان‌و باوەڕ، بە موناجات‌و پاڕانەوەو پەرستش‌و دڵسۆزی‌و ملکەچی بۆ خوای گەورە.

- ئەمە فەرمانێکی ئاساییە کاتێك زانیمان کە لە قوتابخانەی تەقواو لەخواترسان دەرچووەو، مامۆستاکانیشی: (عائیشەی دایکی باوەڕداران)و (علي کوڕی أبي طالب)و (هشامی کوڕی عمار) بوون، بەڕاستی گێڕانەوەی لەوان وەرگرتووەو هەموویانی بینیوەو، لە سەرچاوەی زانستی خاوێنی ئەوانی وەرگرتووە.

- زانستی بڵاوکردۆتەوەو هەستاوە بە ئامادەکردنی چەندین قوتابی چاك‌و بەهادار، لەوانە: (أبو قلابة الجرمي)و (أسحاق کوڕی سوید)و (أیوب السختیاني)و، خاوەن متمانە بووە لە فەرمودەداو، بەڵگەی پێ هێنراوەتەوە، وەك (یحیی کوڕی معین) دەربارەی وتویەتی: (معاذة) جێی متمانەو خاوەن بەڵگەیە.

- بە تەنیشت زانستەکەیەوە کاری بووە، بەڕاستی ئاسۆ پڕبووە لە ناوبانگی ئەو بە قورئان خوێندنی بەیانیان کە فریشتەکان شایەتی بۆ دەدەن، تەنانەت لە ڕۆژی بوکێنیشیدا.

## ٢- لەگەڵ مێردەکەیدا:

## غەریبترین شەوی هاوسەرگیری:

مێردە گەنجە خواپەرستە شوێنکەوتووە بەڕێزەکەی کە (صلةی کوڕی أشیم) بوو، لە جوانترین شێوەدا خۆی ئامادەکردو، لە ماڵێکدا کە پڕی کردبوو لە بۆنو بەرامەی خۆش، کاتێك هەردوو هاوسەر پێکەوە بوون لە ماڵەکەیاندا (صلة) سڵاوی کرد لە (معاذة)ی خێزانی، پاشان هەستا نوێژ بکات، ئەویش لە پشتییەوە نوێژ دەکات، هەردووکیان ڕۆچوون لەناو نوێژەکەدا هەتا ڕۆژ بوویەوەو، لەبیریان چوویەوە کە لەشەوی هاوسەرگیریدان. بەڕاستی غەریب بوو شەوی هاوسەری.

لە بەیانیدا کەسێکی نزیکیان هات بە (صلة)ی وت، کچە مامەکەتم پێشکەش کردیت ئەمشەو، کەچی تۆ هەستایت نوێژت کردو وازت لەو هێنابوو؟

(صلة) وتی: چوومە ماڵێك ئاگریان بیرخستمەوە، پاشان چوومە ماڵێك بەهەشتیان بیرخستمەوە، بەردەوام بیرم لای ئەو دوانە بوو تا ڕۆژم کردەوە.

## ٣- لەگەڵ ماڵەکەیدا

## ماڵی پەرستش:

(معاذة) دەربارەی مێردەکەی دەڵێت: نوێژی دەکرد، تا ئەو کاتەی کە

نەیئەتوانی بێتە ناو جێگەکەی مەگەر بە چنگەخشێ، ئەم ئافرەتە سکاڵای دەرنەدەبڕی، بەڵکو شانازی پێوە دەکرد، (معاذة) ڕێزی لە هاوڕێکانی دەگرت کاتێك بەیەك بگەیشتنایە، دەستیان دەکردە ملی یەکتری، لەم کەش‌و هەوا خواپەرستی‌و خۆشەویستییەدا، (معاذة) بە نمونە دێنینەوە لە خواپەرستی‌و گوێڕایەڵیدا.

## ٤- لەگەڵ خۆیدا

## چاکەکارو گوێڕایەڵ بوو:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ﴾النساء:٣٤

واتە: (ئافرەتانی ژیرو ديندارو گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن‌و، نهێنی نێوان خۆیان‌و مێردەکانیان دەپارێزن (بە تایبەت ئەو نهێنیانەی کە خوا دەیەوێت پارێزراو بن) بەهۆی ئەوەی کە خوا مافەکانی ئەوانی پاراستووە).

بەڕاستی (معاذة) نمونە بوو لە جێبەجێ کردنی ئەم سیفەتانەدا، کاتێك ڕۆژ دادەهات، دەیوت: ئەمە ئەمڕۆی منە کە تیایدا دەمرم، ئیتر نەدەخەوت، ئەو ڕۆژەی دەکردە خزمەتی ماڵەکەی‌و، گوێڕایەڵی پەروەردگاری لەوەدا بیتوانیایەو بۆی بکرایە.

کاتێك شەو دادەهات دەیوت: ئەمە شەوی منە، کە تیایدا دەمرم، نەدەخەوت تا ڕۆژ دەبوویەوەو مێردەکەیشی لەگەڵیدا تێدەکۆشا لە خواپەرستیدا، تا نمونە بە هەردووکیان هێنراوەتەوە، (أبو السوار العدوي) دەڵێت: ئەمە (أبو الصهباء) ە، شەو ناخەوێت‌و ڕۆژەکەیشی بەڕۆژو دەبێت‌و نایشکێنێ، خێزانەکەیشی

(معاذة) ماوەی چل ساڵە سەری بۆ ئاسمان بەرز نەکردۆتەوە.

## ٥- لەگەڵ جیهادو تێکۆشانیدا

## ئارامگریو دامەزراوی:

لە جەنگی (سجستان) لە تورکیا، مێردی خواپەرست (صلةی کوڕی أشیم) شەهید دەبێتو کوڕە جگەرگۆشەکەیشی بە نمونە هێنراوەتەوە لە ئارامگریو چاوەڕوانی پاداشتدا، ئەم ژنە زللەی نەداوە لە ڕوخسارێکو جلێکی نەدڕاندووە، کاتێك ئافرەتان لە دەوری کۆدەبوونەوە پێی دەوتن: (سڵاوو مەرحەباتان لێ بێت ئەگەر بۆ خۆشیو شادی هاتوون، ئەگەر بۆ غەیری ئەوە هاتوون بگەڕێنەوە).

پاش شەهیدبوونی مێردەکەیو کوڕەکەی، بە یەکێك لە خوشکەکانی خۆی دەڵێت: (سوێند بەخوا ئەی خوشکم حەزم بە مانەوەو چێژی ژیان نییە لە دونیادا، بەڵام ئەم جارەیش سوێند بەخوا حەزم بە مانەوە نییە تەنها ئەوە نەبێت کە نزیك ببمەوە لە پەروەردگارم بە هۆکارەکان، بەڵکو خوای گەورە منو مێردەکەمو کوڕەکەم لە بەهەشتدا پێکەوە کۆبکاتەوە).

لەسەر عەهدو پەیمانی خۆی مایەوە، پشتی نەدایەوە لەناو جێگادا، لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەو پەیمانەی داویەتی بە خوا لەبیری بچێتەوە.

بەم شێوازە ئەم ژنە تێکۆشەرە پاڵنەری مێردەکەیو کوڕەکەی دەبێت بۆ جیهادو شەهیدبوونو، بەوە دڵخۆش دەبێتو پیرۆزبایی وەردەگرێتو لەسەر عەهدو پەیمانی خۆی دەمێنێتەوە تا دەگاتەوە بەوان لە بەهەشتدا.

## ٦- لەگەڵ بانگەوازەكەیدا

### حیكمەتێكی بێ هاوتا:

لەبەر دڵسۆزی بۆ پەروەردگاریو بەردەوامی لە كاروانی ئافرەتانی باوەڕدارو خواناسدا، بەهۆی ڕووكردنە گوێڕایەڵیو پەرستشی خوای گەورە بە شەوو بە ڕۆژ، خوای گەورە حیكمەتو زمانپاراویو ڕەوانبێژی پێدابوو، بانگەوازی ئافرەتانی دەكرد بۆ زیندووڕاگرتنی شەوەكانیان لەگەڵ پەروەردگاریاندا، دەیوت: (سەیرم لێ دێت لە چاوانێك دەخەون كە دەزانن بە درێژایی كات بەخەبەر دەبن لەناو تاریكی گۆڕەكاندا).

ئای چەندە لە دونیادا خوشكەكانی ئاگادار دەكردەوەو، مەیلی نەبووە بەلای دونیاداو نەكەوتۆتە ناو داوەكانی، دەڵێت: (ئەی كچان ئەی خوشكەكانم ئاگاتان لە گەیشتنەوە بێت بە خوای گەورە تكاو ڕجاتان لێ دەكەم ئاگاداربن).

بەڕاستی بە حكیمەتو دانایی تەمەنی خۆیی كورتو پوخت كردبویەوە بۆ هاورەگەزەكانی خۆی لەم وتەیەیدا: (حەفتا ساڵ لە دونیادا بووم، هەرگیز سۆماو دیدەی چاوانم تیا بەدی نەكرد).

## ٧- لەگەڵ گەیشتنەوەی بە پەروەردگاری

### زەردەخەنەی مەرگ:

لە ساڵی (٨٣)ی كۆچیداو پاش بیست ساڵ لە وەفاتی مێردەكەی، هەموو هیوا خواستنی ئەو ئەوە بوو كە خوای گەورە لەگەڵ مێردەكەیو كوڕەكەیدا لە بەهەشتدا كۆی بكاتەوە. هەموو ڕۆژێك خۆی ئامادە دەكرد

بۆ گەیشتنەوە بە پەروەردگاری.

كاتێك ئامادەی مەرگ دەبێت دەگری، پاشان پێدەكەنێت، پێی دەوترێت: گریان لەچیو پێكەنین لەچی؟

وتی: (ئەو گریانەی كە ئێوە بینیتان بەڕاستی ئەوە بەهۆی جیابوونەوەیە لە ڕۆژووگرتنو نوێژو (ذكر)ەكان.

بەڵام زەردەخەنەو پێكەنینەكە، بەڕاستی ڕوانیم بۆ (أبي الصهباء) كە بینیم هاتە حەوشەكەوە دوو بەرگی سەوزی لەبەردا بوو، لەناو كۆمەڵێكدا بوو، سوێند بەخوا لەو شێوانەم نەدیوە لە دونیادا، بۆ ئەوە پێكەنیم، دوای ئەوە نابینن من فریای فەرزێكی تر بكەوم).

بەو شێوەیە بوو، ئیتر وەفاتی كرد پێش ئەوەی بگات بەكاتی نوێژ.

## كۆتایی.. یاد بكەرەوە

- كچم پێش هاوسەرگیری پێویستی بە هیمەت بەرزی هەیە لە عیبادەتو دوعاو پارانەوەدا، وەرگرتنی زانست لە خاوەن متمانەكانو، بڵاوكردنەوەیو كاركردن پێی تا خوشكەكانی تری پەیڕەوی بكەن

- سوور بە لەسەر ئەوەی كە شەوی هاوسەرگیری شەوی گوێڕایەڵیو پەرستش بێت پاش هەڵبژاردنت بۆ مێردێكی چاكەكارو ڕوو لە خوا، ئەوە بنەمای كارە.

- ماڵەكەت بكەرە ماڵێكی بەختەوەر كە فریشتەكان شایەتی بۆ بدەن بە نوێژو خوا پەرستیو پێشوازی كردن لە كەسانی تر لە خۆشەویستیو پاكیداو بەتایبەت هاوڕێیانی مێردەكەت.

- پاڵنەری مێردو کوڕەکانت بە بۆ جیهادو تێکۆشانو کارکردن بۆ ئیسلام، ئیتر قوربانیدانەکان هەر چۆنێك بێت، ئارامگربەو بەتەمای پاداشت بە لەو ناڕەحەتییانەی کە توشت دێت.

- کۆڵ مەدەو دامەنیشە لە بانگەواز کردنی ئافرەتانی غەیری خۆت بەنەرمو نیانیو سۆزو عاتیفەوەو، پەیوەندیان لەگەڵ ببەستە بە خۆشەویستی خواو پشت لە دونیا بکەنو ئەو شتانەی کە گومڕاکەرن.

- هەوڵ بدەو تێبکۆشە لە خۆئامادەکردنی بەردەوامدا بۆ گەیشتنەوە بە خوای گەورەو داوا لە خوا بکە کە بتگەیەنێت بە مێردو منداڵەکانت لە بەهەشتدا، ئەوەیش سەرکەوتنو بردنەوەی هەرە گەورەیە.

## پەیڤی (معاذة).

ئەی خوشکە خۆشەویستو بەسۆزەکانم ئەمە سیفەتی منە (مامۆستای پیاوان) ئیسلام هاندەر بووە لەسەر بەدەست هێنانی زانستو پلەبەرزیو جیاوازی لە نێوان ئافرەتو پیاودا نییە، بەڵکو داواکراوە بڵاوبکرێتەوەو نەوەکانی پێ فێرکرێت، ڕێگری نەبووە کە ئافرەت خۆی هەڵبنێت بۆ بەرزترین پۆستەکانی زانستو مامۆستایەتی بەدەست بهێنێت، ئیتر بۆچی فراوان تەسكو تەنگ بکەینەوە بە دەرچوون لەم تێگەیشتنەوە ئەی خوشکی خۆشەویستم هەوڵ بدەو تێکۆشە لە بەدەستهێنانی زانستو پلەی مامۆستاییو پسپۆری وەرگرتندا، با چەند قوتابیەکی چاكو بەنرخت هەبێت لە ئافرەتانو پیاوان.

# نائلەی خێزانی عثمانی کوڕی عفان

## (وەفادارێکی کاریگەر)

### ١- کچی (فرافصة)یە:

(الفرافصة) ناوی باوکی (نائلة)یە، نائیلە ئەو کچەیە کە بەهاری تەمەنی لە بیاباندا ژیاوەو بەسەربردووە، لە نزیکی شاری کووفە، (الحافظ أبن عساکر) لە (تأريخ دمشق)دا دەگێڕێتەوە کە (سعیدی کوڕی عاصی الاموي) ئەمیری کووفە بوو لە لایەن (عثمانی کوڕی عفان)ەوە، (سعید) ژنێکی هێنا لە (بني کلب) ناوی (هندی کچی الفرافصة) بوو، ئەم هەواڵە گەیشت بە (عثمان) (خوای لێ ڕازی بێت) نامەی نووسیو بە (سعید) -کە خاوەن ژیریی‌و قسەی بەجێ بوو- وت:

(پاش سوپاس‌و ستایش بۆ خوا، بەڕاستی پێم گەیشتووە کە تۆ ژنێکت لە (بني کلب) خواستووەو، هەواڵم بدەرێ دەربارەی حەسەب‌و جوانییەکەی).

(سعید)یش بە کورتترین وشە بۆی نووسی: حەسەب‌و نەسەبی ئەو کچی (الفرافصة)یە، بۆ جوانییەکەشی سپییەکی درێژەو، ئیتر سڵاو.

لەو کاتەدا (عثمان) بۆ (سعید)ی نووسی: ئەگەر خوشکی هەیە بۆم خوازبێنی بکە.

(سعید) وەڵامی دایەوە، کە (الفرافصة) مەسیحییە، داوای کرد لە برای ژنەی کە موسڵمان بوو، کە وەلی بێت‌و ناردی بۆ لای (عثمانی کوڕی

عفان) لە شاری مەدینەی پیرۆز.

بەو شێوازە کچی بیابان گوێزرایەوە بۆ شاری مەدینە، بە دیاریکراویش بۆ خەلیفە (عثمانی کوڕی عفان).

کاتێك گەیشتە لای خەلیفە، خەلیفە پێی سەرسام بوو بە زمانپاراویەکەی‌و ئەدەبی جوانی، بە هاوسەرگیرییەکەیشیان بەرهەمدار بوون بە منداڵێکی کچ بە ناوی (مەریەمی کچی عثمان)، وەك لە (عیون الأخبار)دا هاتووەو کچەکەی (الفرافصة) بوو بە دایکی (مەریەم)، لە تەنیشتی خەلیفە (عثمان) دەژی وەك مەدحی دەکات کە (الزمخشري) هێناویێتی دەڵێت: (عثمان) وتی: نەچوومەتە لای ئافرەتێك کە لە عەقڵ‌و ژیریدا لەو زیاتر بووبێت‌و، شیاوو گونجاو نابێت کە زاڵ بێت بەسەر عەقڵ‌و ژیریی مندا.

## ٢- ژنە هاوسەرێکی کاریگەرە

ژنە هاوسەری کاریگەر ئەو ژنەیە وەڵامی داواو ئامۆژگاری کەسە خاوەن شارەزاییەکان دەداتەوە لەپێش هاوسەرگیریدا، بەڕاستی نائیلە ئامۆژگاری باوکی هەڵگرتبوو پاراستبووی پێش ئەوەی بڕواتە ناوماڵی هاوسەرییەوە کە وتبووی: (ئەی نائیلە بەڕاستی تۆ دەچیتە لای ئافرەتانی قوڕەیش، ئەوان بە تواناترن لە چاکی‌و پاکیدا لە تۆو، دوو سیفەت لە منەوە ڕەوان بکەو بیپارێزە (چاوڕشتن‌و ئاو).

وەك ئەوە بوو کە باوکی ئامۆژگاریی کردبوو، کاری دەکرد لەسەر پاك‌وخاوێنی تەواوو سووربوو لەسەر جوانی خۆی‌و بەهاداری‌و، کاریگەریی هەبوو لەسەر خەلیفە (عثمان)، وەك (ابن سعد) لە (طبیقات)دا ڕیوایەتی کردووە دەڵێت: بەڕاستی (عثمان) خۆی بۆ ئامادە دەکرد بە شێوەیەکی چاك

لە جل‌وبەرگدا، بەرگێکی لەبەر دەکرد کە نرخەکەی دوو سەد درهەم بوو، دەیوت: ئەمە بۆ نائیلەیە، من بۆیە لەبەری دەکەم تا دڵی ئەوی پێ خۆش بکەم.

لە کاتی بوون بە هاوسەری (عثمان) (خوا لێی ڕازی بێت) نائیلە دەستی کرد بەوەی کە شوێنی خۆی کردەوە لە ناو ئافرەتە بەناوبانگەکاندا، بە تایبەتی لە ساڵی (٢٨) بیست‌و هەشتەمی کۆچیدا، ئەو ساڵە بوو کە (عثمان) (خوای لێ ڕازی بێت) نائیلەی خواست.

## ٣- بانگخوازێکی بەرچاوڕوون بوو:

لە شاری مەدینەی پیرۆزدا نائیلە هیچ هەل‌و فرسەتێکی نەفەوتاند کە تیایدا زانست وەرگرێت‌و گوێ لە دایکانی ئیمانداران بگرێت، پابەند بوو بە دایکی باوەڕداران خاتو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، دەستی کرد بە چوونە ناو کۆڕەکانی زانستەوە، تا خوای گەورە سەرکەوتووی کردو ڕێسازی بۆ کرد ببێتە ڕاوی لە خاتو عائیشەو لە (عثمانی کوڕی عفان)ی مێردی‌و لە کەسانی تریشەوە.

لە (طبقات)دا چەندین گێڕانەوەی نائیلەی تیایە لە بواری زانستی فیقهدا، وتوویەتی: (خاتو عائیشە پێشنوێژی بۆ دەکردین‌و لە ناوەڕاستماندا هەڵدەستاو قامەتی دەکرد).

بەم کارە هاوەڵیی ئافرەتە چاکەکارەکانی هەڵبژاردو، لەناو کۆڕەکانی زانستەوە دەرچوو، بوو بە بانگخوازی خوا لەسەر بەرچاو ڕوونی‌و زانست‌و فیقە.

## ٤- وەفادارێكی بەهادار بوو:

## هەڵوێستی یەكەم:

(أبن كثير) لە (البداية والنهاية)داو (الذهبي) لە (تأريخ الأسلام)دا زۆرترین هەڵویستەكانی وەفاداریو خۆشەویستی ئەم ئافرەتەیان هێناوە كە خۆشەویست بووە لای مێردەكەیو، بە ڕۆحی خۆی فیدای مێردەكەی كردووە، ئەویش لە ڕۆژی فیتنەو ئاژاوەكەی ساڵی (٣٥)ی كۆچی. ڕووداوە خوێناوییەكان لەو ڕۆژەدا چی بوون؟

و ئەو سوودانە چی بوون كە ژنە هاوسەرە چاكەكارەكان لە خاتو نائیلەوە دەستیان كەوت؟

و چۆن پەیڕەوی ئەو دەكەن كە ململانێی دەكرد لەگەڵ فیتنەو ئاژاوەداو ڕووبەڕوو دەبوویەوە لەگەڵ ناڕەحەتییەكاندا؟ لە شاری مەدینە خراپەكاران پەلاماری (عثمان ی كوڕی عفان)ی مێردیانداو، شمشێری زۆر ڕووی تێكرد، لەم كاتەدا خاتو نائیلە خۆیدا بەسەر (عثمان)دا، تا ببێتە پارێزەر بۆی لە مردن، بەڵام یەكێكیان شمشێرێكی لێدا، كە بەر نائیلەو دەستی (عثمان) كەوتو لەبەر دەستیشیدا كتێبێكی قورئانی لێ بوو، ئینجا خەلیفە (عثمان) فەرموی: سوێند بەخوا ئەمە یەكەم دەستە كە قورئانی بە تەواوی نوسیبێتەوە، یەكەم دڵۆپە خوێنی كەوتە بەردەم خاتو نائیلەی خێزانیو كەوتە سەر ئەم ئایەتە: ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ البقرة:١٣٧

## هەڵوێستی دووەم:

كاتێك پیاوێكی تر هات كە شمشێرەكەی بەناوبانگ بوو، نائیلە

ڕووبەڕووی وەستا تا ڕێگری لێ بکات بۆ سەر مێردەکەی‌و، شمشێرێرێکی هەڵگرت بەڵام کابراکە لێی سەندو، پەنجەکانی نائیلەی بڕی تا لە دەستی جییا بوویەوە، پاشان شمشێرێکی دا لە خەلیفە (عثمان)و کوشتی‌و، بە شەهیدی مرد، کە ستەملێکراو بوو لە ڕۆژی هەینیدا، بەڕاستی خوێنی خێزانە وەفادارەکەی تێکەڵ بوو بە خوێنی بەنرخی خۆی کە شەهید بوو.

## هەڵوێستی سێیەم:

(الذهبي) لە (تاريخ الاسلام)دا هێناویەتی، کاتێك نەیانتوانی بە ڕۆژ دفنی بکەن لەتاو دەنگەدەنگ‌و ژاوەژاو، لە شەوی دفن کردنەکەیدا نائیلە دەرچوو چرایەکی پێ بوو هاواری دەکرد: (وای بۆ عثمان، وای بۆ پێشەوای باوەڕداران).

(جبیری کوڕی مطعم) پێی وت: چراکە بکوژێنەرەوە تا پێمان نەزانن، بەڕاستی هەستم بە ژاوەژاو کرد لای دەرگاکەدا، چراکەی کوژاندەوە، پاشان گەیشتنە گۆڕستانی (البقيع)و (جبير) نوێژی لەسەر کردو چەند پیاوێکی تریشی لەگەڵدا بوو، هەردوو هاوسەرانی عثمان کە (نائیلەو أم البنين) بوون، یارمەتیان دەدان بۆ شۆڕکردنەوە بۆ ناو گۆڕەکەی.

## هەڵویستی چوارەم:

پاش شەهیدکردنی (عثمان)، نائیلە لە ماڵەکەی خۆی جیانەبوویەوە بۆ ماڵی باوکی، وەك وەفایەك بۆ خۆشەویستی دڵی (عثمان کوڕی عفان)و، ڕواڵەتی ئەم وەفادارییەش لە باسکردنی سەروەری‌و سیفەتەکانی (عثمان)دا بوو لە هەموو شوێن‌و جێگەکاندا، تەنانەت ڕۆژی کوشتنەکەیشی، دەڵێت: (بەڕاستی کوشتیان کە بێگومان ئەو شەوەکانی بە قورئان‌و نوێژ زیندوو

ڕادەگرت).

## هەڵوێستی پێنجەم:

وەفاداری نائیلە بۆ (عثمان)ی مێردی بە جۆرێك بوو کە ڕەتی کردەوە (عثمان) بگۆڕێت بە مێردێکی تر، لەگەڵ ئەوەی کە بنەماکانی ئیسلام ڕێگری ناکات لەوەو، ویستی وەك یادەوەری لە ناو دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە، ئەوەیش کارێکی تاكو بێهاوتایە لە وەفاداریدا، لە نائیلەی چاکەکارەوە.

## ٥- زمانپاراوێکی کاریگەر بوو

- سەرەڕای ئەوەی کە دووان لە پەنجەکانی بڕابوون لە بنداو نیوەی پەنجە گەورەیشیو بەشێکیش لە لەپی دەستی، نائیلە بە زمانپاراویو ڕەوانبێژییەوە نوسراوی نوسی بۆ (معاوية):

- (لە (نائیلەی کچی الفرافصة)ەوە بۆ (معاویەی کوڕی أبي سفیان)، لە پاشان... بەڕاستی من خوای گەورەتان یاد دەخەمەوە کە نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون ئیسلامی فێرکردوونو لە گومڕاییەوە هیدایەتی داونو لە بێباوەڕی ڕزگاری کردوونو بەسەر دوژمندا سەری خستوونو، نیعمەتە ئاشکراو شاراوەکانی خۆی بەسەردا ڕژاندوونو، سوێندتان دەدەم بە خوای گەورەو حەقی ئەوتان یاد دەخەمەوەو، حەقی ئەو خەلیفەیەش کە پشتیوانیتان نەکردو سەرتان نەخستو، یادی مەبەستی خواتان دەخەمەوە لە سەرتان). پاشان باقی نامەکەی تەواوکرد بە شێوازێکی کاریگەرو کورتو ڕەوان. ئا بەو شێوەیە نائیلە بوویە خاوەنی وشەسازی جوانو نووسینی چاك.

- لە تەنیشت نوسینەکەوە سەرکەوتوو بوو لە ڕەوانبێژیدا لە هونەری

وتاربێژیدا، لە کاریگەرترینی ئافرەتان بوو لە ڕۆچوونی لەسەر دەروونی گوێگران، هەروەها لەسەر بەتوانایی لەسەر وتاردان، بەڕاستی ڕووی دەکردە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و چەند ئافرەتێکیشی لەگەڵدا بوو، ڕووی دەکردە قیبلەو پارچە قوماشێکی دەدا بە سەرسەریدا هەتا مۆڵەتیان دەدا بە کۆبوونەوەی خەڵکەکە، ئیتر لەوێ سوپاسی خوای دەکردو درودو سڵاوی بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەنارد، پاشان وتی: (عثمان ی (ذو النورين) بە ستەملێکراوی کوژرا لەناو ئێوەدا، لە دوای پۆزش هێناوە، ئەگەر ئاشتیو قایل بوونی بە ئێوەیش دابێت. ئەی کۆمەڵی دەستەی باوەڕدارو ئەهلی ڕێگەو ڕێبازی خوا، ئینکاری پلەوپایەی من مەکەنو، ئینکاری وتەو قسەکانم مەکەن) پاشان لە کۆتاییدا وتی: (ئەی خەڵکینە) ئێوە لە فیتنەو ئاژاوەیەکی کوێرو کەڕدا بوون کە لە ئاسمانەوە دادەباری.

ئارەزووکاری بۆ شەڕ دەمی کردبوویەوە.

نیشانەکانی خراپەکاری دانیان ڕیچ کردبوویەوە.

ئەگەر ئێوە کارو فەرمانی (عثمان) ئینکاری بکەن، ئەوا غەیری ئەوەیش ئینکاری دەکەن لە کەسی ترەوە، ئیتر سزادان سوود بە ئێوە ناگەیەنێتو، گوێتان لێ ناگیرێت بۆ ئاشت بوونەوە).

پاشان ڕووی کردە گۆڕەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و وتی: (ئەی خودایە تۆ شایەت بە).

خەڵکەکە بڵاوەیان لێکردو بێدەنگ بوون، وتارەکەی کاری تێکردبوونو، نیگەرانو خەفەتبار بوون بەو بەڵاو ناڕەحەتییەی کە تووشی هاتبوو.

هەروەها (نائيلە) شاعيريش بووەو خەرمانێك لە شيعری جێهێشتوە، لە (فراق) جيابوونەوەو (الرثاء) شيوەن، كاتێك لە كەس‌و كارەكەی جيابوويەوە بۆ مەدينە بۆ (ضب)ی برای نووسی:

ألست ترى يا ضب بالله أنني مصاحبة نحو المدينة أركبا

اذا قطعوا حزنا تحت ركابها كما زعزعت ريح يراعا مثقبا

هەروەها لە جوانترين هۆنراوەكانی كە لە شيوەنی (عثمان)ی مێرديدا وتويەتی‌و (الذهبي) لە (تأريخ دمشق)دا باسی كردووە دەڵێت:

ألا ان خير الناس بعد ثلاثة قتيل التجيبي الذى جاء من مصر

ومالي لا أبكي و تبكى قرابتي وقد غيبت عنا فضول أبي عمرو

## لە كۆتاييدا

ئەمە نائيلەی كچی (الفرافصة)يە، خێزانی (عثمانی كوڕی عفان)ی پێشەوای باوەڕداران‌و خەليفەی موسڵمانانە، وەفادارو بانگخوازێكی كاراو كاريگەر بووە.

## ياد بكەرەوە

١- جوانی كچانی چاكەكار بريتييە لە ژيريی‌و ڕەوانبێژی‌و ئەدەبی جوان‌و، تەنها لە جوانی ڕوخساردا نييە.

٢- كچی چاكەكار ئەو هاوسەرەيە سووردەبێت لەسەر پاك‌و خاوێنی تەواوو جوانی‌و بەهاداری‌و، بەوەيش كاريگەريی لەسەر مێردەكەی دەبێت.

٣- ئافرەتی چاكەكار هەڵدەستێت بە پەيام‌و كاری خۆی لە ژياندا،

ڕۆشنبیرە ئایینەکەی فێر دەبێت‌و خەڵکانی تر بانگەواز دەکات بۆ پاپەندبوون پێوەی.

٤- لە سیفەتەکانی هاوسەری چاکەکار، وەفادارییە بۆ مێردەکەی‌و ڕاوەستانە لە تەنیشتییەوە لە کاتی بەڵاو نارەحەتییەکانداو قوربانییەکان پێشکەش دەکات ئیتر هەرچۆنێك بێت.

٥- ئافرەتی چاکەکار خۆی بەدوور نەگرتووە لە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و فیکریدا، ئەو نوسەرو وتاربێژو ئەدیب‌و شاعیرە، کاریگەری دەبێت لەسەر دڵی خەڵکی.

## پەیڤی نائیلە

ئەی خوشکانی خۆشەویستم:

وەفاداری بۆ مێردو جوان مامەڵەکردن لەگەڵی‌و سوور بوون لەسەر پاك‌و خاوێنی ماڵ‌و جوان خۆئامادەکردن، کاریگەری لەسەرت نابێت کە بەشدار نەبیت لە کایەی ژیانداو، دەتوانیت پەیامی خۆت لە کۆمەڵگادا ئەدا بکەیت.

# حفصةی کچی عبدالرحمن

## (هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو هەرچەندە بە تۆپزی بوو)

### ١- لە ماڵی سەربەرزیدا:

### باوکی:

(عبدالرحمن کوڕی أبي بکری الصدیق) بوو، کوڕی یەکەم خەلیفەی ڕاشیدەکانو برای خاتو عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و باوکیشی یەکێك بوو لە سوارچاکە ئازاکان، خۆی گەورەترین کوڕی (أبو بکری الصدیق)ە.

### دایکی:

(قریبەی کچی أمیة) بوو، خوشکی (أم سلمة)ی دایکی باوەڕدارانە، لەم ماڵەدا (حفصة) گەشەی کردو، بوو بە یەکێك لە ئافرەتە بەناوبانگەکانو، خاتو عائیشەی دایکی باوەڕداران پووری بوو، هەروەها (أم سلمة)ی دایکی باوەڕدارانیش کە کۆتا هاوسەری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بوو لە دایکانی باوەڕداران، وەفاتی کرد (خوا لێیان ڕازی بێت)، بەڵام باپیرەی ئەو (الصدیق) بوو، کە یەکەم کەس بوو لە پیاوان موسڵمان بوو، یەکەم خەلیفەی ڕاشیدەکانیش بوو، دووەم کەسی دوو کەسەکە بوو لەگەڵ پێغەمبەردا چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە.

## ٢- هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو هەرچەندە بە تۆپزی بوو

لە (طبقات)ی (أبن سعد)دا هاتووە: بەڕاستی خاتو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت)، (حفصة)ی برازای دا بەشوو بە خوشکەزایەکی خۆی کە ناوی (المنذری کوڕی عوام) بووو، لە چیرۆکی هاوسەرگیرییەکەدا بەسەرهاتێکی خۆش هەیە: (عبدالرحمن ی کوری أبي بكر)ی باوکی (حفصة) لە دەرەوەی شاری مەدینە بوو، کاتێك لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، خێرا هەواڵی ئەم هاوسەرگیرییەی پێدرا، ئەویش ڕەخنەی گرتو مارەکردنەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام ئیسلام (ولي أمر) سەرپەرشتی داناوە تا ڕاوێژ بە بووکەکە بکات، کاتێك بۆچوونی وەرگیراو قبول بوو، ئیتر لەو کاتەدا (المنذر)ی بانگکردو کردییە هاوسەری، کە بە هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو ناسراو، (حفصة) دوو کوڕو کچێکی بوو، بە ناوەکانی: (عبدالرحمن‌و أبراهیم‌و قرنية).

## ٣- کچێکی باڵاپۆش بوو

(حفصة) قوتابییەکی بەنرخ‌و بەهاداری پووری بوو، واتە (عائیشەی دایکی باوەڕداران) بەڕاستی پابەندی ئەو بوو، هەرچی پێویست بێت بۆ ماڵ لە کاروباری ئافرەتان لەوەوە فێربوو، بە تایبەت ئەو کاروبارانەی کە شەرع فەرمانی پێ کردووە، ئەمەیش دروشمی کچانی چاکەکارە، بەڕاستی خاتو (حفصة) فێری حەقیقەت‌و ڕاستی حیجاب‌و باڵاپۆشییەکی دروست‌و تایبەت بە ئافرەتانی موسڵمان بوو.

لە (طبقات)ی (أبن سعد)دا: (حفصة) چووە لای خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت)و لەچکێکی تەنکی بەسەرەوە بوو کە سنگی لێیەوە

دەردەکەوت، خاتو عائیشە بۆی دڕاندو، وتی: ئایا تۆ نازانیت کە خوای گەورە لە سوورەتی (النور)دا چی دابەزاندووە؟

پاشان داوای کرد سەرپۆشێکی هێنا دای بەسەریدا کە ئەستورو چڕ بوو، خاتو عائیشە بووەتە پێشەنگی باڵاپۆشەکان کە سەرپۆشێکی (جیشان) ی چڕی دەدا بەسەر خۆیداو، وشەی (الخمار) وەك (أبن منظور) لە (لسان العرب)دا دەڵێت: ئەوەیە کە ئافرەت دەیدات بە سەریداو پێی دادەپۆشێت.

لە فەرمودەیەکدا هاتووە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە کچەکەیی فەرمو: (خمري عليكِ نحركِ). واتە: (فەرمانی پێکرد کە بەسەرپۆش سەرو سنگی خۆی داپۆشێت).

لە لایەکی ترەوە (حفصة) چاوی دەکەوت بە (أسماء ی کچی أبي بكر) دایکی (منذر)ی مێردی، واتە (خەسوو)ی، ئەویش پابەند بوو بە باڵاپۆشییەوە، وەك ئەوەی کە ئیسلام فەرمانی پێکردبوو، بەڕاستی (منذر) پۆشاکێکی تەنکی پێشکەش کرد کە جەستەی لێوە دیاردەبوو، ئەویش ڕەتی کردەوە، ئینجا (منذر) وتی: ئەی دایکە بەڕاستی ئەوە تەنك نییە، دایکی وتی: بەڕاستی ئەگەر تەنك نەبێت ئەوا شێوازی جەستە وێنادەکات، واتە دەنوسێت بە جەستەوە.

بەو شێوازە کچی ئیسلامی باڵاپۆش پێشەنگە بۆ کچانی هاوڕەگەزی خۆی لە چاکەکاران، وەك (حفصةی کچی عبدالرحمن).

## ٤- مامۆستایەکی بە متمانە بوو

(أبن حبان) دەربارەی دەڵێت: بەڕاستی لە خاوەن متمانەکانە، (العجلي)

دەڵێت: (حفصةی كچی عبدالرحمن) شوێنكەوتووی خاوەن متمانەیە.

نهێنی ئەمەیش ئەوەیە كە فەرمودەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لە باوكیو لە خاتو عائیشەی پورییەوە گێڕاوەتەوە، كە خاتو عائیشە (٢٢١٠) فەرمودەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە. هەروەها لە (أم سلمة)ەوە فەرمودەی گێڕاوەتەوە، كە ئەویش (٣٧٨) فەرمودەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە.

گەورە شوێنكەوتووەكان فەرمودەیان لە (حفصة) گێڕاوەتەوە وەك: (عراك ی كوڕی مالك) كە (العجلي) بە خاوەن متمانەی داناوەو، وتوویانە: خاوەن متمانەیەكە لە پیاوە چاكەكانی شوێنكەوتوان، وەك لە (تهذيب التهذيب: ١٧٢/٧)دا هاتووە، فەرمودەكانی (حفصة) لەلایەن پێشەوا (مسلم)ەوە گێڕراونەتەوە لە (صحيح)ەكەیدا. هەروەها لە (سنن)ی (أبو داود)و (الترمذي)و (ابن ماجة)دا.

## ٥- ژنە هاوسەرێكی تاقیكراوە بوو:

(منذر)ی مێردی لە ساڵی (٧٣)ی كۆچیدا كوژرا، لەگەڵ (عبدالرحمن ی كوڕی الزبير)ی برای (منذر)دا، (منذر) لە تەمەندا لە چل ساڵی نزیك بووبویەوە، لە (معاوية) دابڕابوو، ئامۆژگاری نارد بۆ (معاوية) كە ئامادەی شۆردنی (منذر) بێت، پاشان كۆچی كرد بۆ لای براكەی لە مەككە.

(منذر) یەكێك بوو لەوانەی كە غەزای (قسطنطينية)یان كرد لەگەڵ (يزيد)داو، لە كوفە بوو، كاتێك هەواڵی پێ گەیشت بۆ جێگرتنەوەی (عبدالله)ی برای بەسەر (يزيد)دا، بە خێرایی چوو بۆ لای براكەی لە مەككە لە ماوەی هەشت شەودا، كاتێك شامییەكان گەمارۆی (ابن الزبير)

یان دا، لە ساڵی (٦٤)ی کۆچیدا، ئا لەو ڕۆژانەدا (منذر) (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) کوژرا.

## لە کۆتاییدا... یاد بکەرەوە

١- کچی چاکەکار سەربەرزییماڵەکەی دەقۆزێتەوە بۆ بەدەست هێنانی چاکەکاریو ئەدەبو، بەوە خۆی بە گەورە دانانێت.

٢- کچی چاکەکار مێردی خۆی هەڵدەبژێرێت لەبەر چاکیو ئیمانو باوەڕیو خۆشەویستی بۆ جیهادو تێکۆشان.

٣- کچی چاکەکار خۆی فێردەکاتو فێردەبێتو نەوەکان فێر دەکاتو تایبەتمەندیو پسپۆری لە زانستەکەیدا وەردەگرێت.

٤- کچی چاکەکار فێری کارو بارەکانی شەرعەکەی دەبێتو پابەندی حیجابو باڵاپۆشی ڕاستو دروست دەبێت.

٥- کچانی چاکەکار بەرگەی ناڕەحەتی دەگرنو ئارام دەگرن لە ناڕەحەتییەکانیانداو ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەکان دەبنەوە بە دامەزراویو ئازایەتییەوە.

## پەیڤی حفصة

### خۆشەویستانم:

چاکەکاری ئەدەبو سەرمایەی کچانە، ئەوانەیە وات لێ دەکات کە هاوسەری خۆت هەڵبژێریت، لە ڕێسازی کردنی خواییو ڕێی ڕاستی گرتنەوە. پابەندی حیجابو باڵاپۆشیت بە، ئەوە نهێنی سەرکەوتنە لە ژیاندا،

ئيتر ناڕەحەتىو تاقيكردنەوەكان هەر چۆنێك بێت، بزانە كە تۆ سەركەوتوو دەبيت بە ئارامگرتنو بەرگە گرتنتو قوربانى دانەكانت لەگەڵ مێردەكەتدا.

# کچە زاناکان

١- (عمرةی کچی عبدالرحمن) زانایەکی فەقیهە

٢- (صفیةی کچی أبي عبید) زانایەکی پێشەنگە

٣- (ست الرکب) کچێکی ئەرێنییە

# (عمرةی کچی عبدالرحمن)

# زانایەکی فەقیهە

## ١- فەرمودەی (عمرة):

(عمری کوڕی عبدالعزیز)ی خەلیفەی پێنجەمی ڕاشیدین نامەی نووسی بۆ (أبو بکری کوڕی محمد) لە شاری مەدینە:

(هەرچی لە فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان سوننەتی پێشوو یان فەرمودەی (عمرة) هەیە سەیری بکەو بینوسەوە، بەڕاستی من ترسم هەیە لە وانەکانی زانستو ڕۆیشتنی کەسەکانی).

## فەرمودەی (عمرة) چییە؟

ئەم کچە ناوی (عمرةی کچی عبدالرحمن ی کوڕی سعدی کوڕی زرارەی (الانصاري)یە)، زاناو فەقیهەو ئەوەی بەسە کە باپیرەی یەکێکە لە هاوەڵە پێشینە (أنصار)ییەکانو، برایەکی (أسعدی کوڕی زرارە)یش یەکێکە لە سەرمەشقە بەناوبانگەکان.

لە ناوبانگی ئەوەیە کە زانراوە لە مێژووی ئیسلامدا بە فەرمودەی (عمرة). (أبن سعد) ئەم هەواڵەی لە (الطبقات)دا هێناوەو، (الخطیب البغدادي) لە (تقیید العلم)و (الفسوي) لە (المعرفةو التاریخ)داو، پێشەوا (أحمد) ئەم هەواڵەی بە وتەیەکی تر گێڕاوەتەوە، بە جۆرێك کە دەربارەی خەلیفە (عمری کوڕی عبدالعزیز) دەڵێت: (لە فەرمووده بۆم بنوسە بەوەی کە چەسپاوە لای تۆ لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم)و فەرمودەی

(عمرة)یش. ئا بەو شێوەیە خاتو (عمرة) بە تاك دەرچوو بە قوتابخانەیەکی زانستی تاك، دەبێت نهێنی لەوەدا چی بوو بێت؟

## ٢- نهێنی فەرمودەی (عمرة)

ئەم تاکیو بێ هاوتایی یە دەگەڕێتەوە بۆ چەند نهێنییەك کە تایبەتمەند بووە بە (عمرة)ەوە، وەك ئەوەی (باسێکی سیحریو کاریگەر)ی پێشکەشی هەر کچە چاکەکارێك کردبێت، بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی زانستی، کە لەم بڕگانەدا کورتی دەکەینەوە.

### - گەشەکردنی زانستی:

بەڕاستی (عمرة) لە ماڵی خاتو عائیشەی دایکی باوەڕداراندا گەشەی کردووە، ئەم کارە وای لێکردبوو کە پسپۆری وەرگرێت بەم داواکارییە لە خەلیفە (عمری کوڕی عبدالعزیز)ەوەو، لە بەرو بوومی ئەم گەشەکردنە ئەوەبوو کە ئەو بەتەنها بەهرەدار بوو بە فەرمودەی دایکی باوەڕداران خاتو عائیشە کە لە هەموو کەس شارەزاتر بوو بە ژیانو ماڵی پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم).

بەڵگە لەسەر ئەم نهێنییە، کاتێك (قاسمی کوڕی محمد) پرسیاری کرد لە پێشەوا (الزهري): دەتبینم بە تەنگی زانستەوە دێیت، ئایا ڕێنماییت بکەم بۆ لای دەفرەکەی؟

وتی: بەڵی، وتی: پێویستە پابەندی (عمرةی کچی عبدالرحن) بیت، بەڕاستی ئەو لە ماڵەکەی خاتوو عائیشەدا بوو، ئینجا (الزهري) وتی: چوومە لایو بینیم دەریایەکە خاڵی نابێتەوە.

## - سیفەتەكانی (عمرة):

هەروەها خاتو (عمرة) چەند سیفەتێكی تری هەبوو كە تاكو بێ هاوتا بوو تیایدا لەسەر هێزی لەبەركردن گەشەی كردبوو، بە تەنگی قوتابییە زانستییەكانییەوە بوو، ئەمە وای لێ كردبوو كە ئامادەی كردبوو بۆ هەڵگرتنی زانستو فیقەو، وردەكاری لە گێڕانەوەی فەرمودەدا، كە توانی لە زۆرێك لە هاوەڵًە ئافرەتەكانەوە فەرموده بگێڕێتەوە. وەك لە: (أم سلمة)و (حبيبةی كچی سهل)و (أم حبيبة)و (حمنةی كچی جحش).

لەوەی كە پێشەوا (البخاري) (تخريج)ی كردووە: (يحيی ی كوڕی سعيد) باسی فەرمودەی (عمرة)ی دەكرد، بۆ (قاسمی كوڕی محمد) كە یەكێك بوو لە حەوت فەقیهەكە، پێی دەڵێت: (سوێند بەخوا فەرموودەت وەك خۆی بۆ دێنێت)و (قاسم) هەمیشە پرسیاری دەكرد لە (عمرة) دەربارەی فەرمودەی دایكی باوەڕداران خاتو عائیشە، كە دەیزانی زۆر فێربووە لە زانستەكان لە دایكی باوەڕدارانەوە.

## - شایەتیدانی زاناكان:

- (يحيی ی كوڕی معين) دەڵێت: (عمرةی كچی عبدالرحمن) خاوەنی متمانەو بەڵگەیە.

- (علي كوڕی المديني) دەڵێت: (عمرة) یەكێكە لە زانا خاوەن متمانەكان بە خاتو عائیشە.

- (سفيان كوڕی عيينة) شایەتی بۆ داوە بە زانستو دەڵێت: زاناترین كەس بە فەرمودەكانی خاتو عائیشە سێ كەسن: (قاسم ی كوڕی محمدی

کوڕی أبي بکری الصدیق)و (عروةی کوڕی الزبیر)و (عمرةی کچی عبدالرحمن).

- (محمدی کوڕی شهابی الزهري) دەربارەی دەڵێت: (بەڕاستی دەریایەکە لە زانست کە کۆتایی پێ نایەت).

## ٣- مامۆستاو داهێنەر بووە.

پێشەوایان (البخاريو مسلمو أبو داودو الترمذيو النسائيو ابن ماجة) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) فەرمودەیان لە خاتو (عمرة)ەوە گێڕاوەتەوە.

لە قوتابییەکانیشی بریتی بوون لە: (عروةی کوڕی الزبیر)و (سلیمان ی کوڕی یسار)و پێشەوا (أبن شهاب الزهري)و پێشەوا (عمروی کوڕی دینار).

لە داهێنانەکانی لە بۆچوونو زانستو بەرچاو ڕوونیدا: نامەو پەیامی بۆ (حسین ی کوڕی علي کوڕی أبي طالب) دەنووسی، بەڕاستی پێشەوا (أبن کثیر) نامەکەی (نقل) کردووە دەڵێت:

(عمرةی کچی عبدالرحمن) نامەی نووسی بۆ (حسین ی کوڕی علي) با ئەو کارەی کە دەیکات لای گەورەو مەزن بێتو، فەرمانی پێ کرد بە گوێڕایەڵیو پابەندبوونی جەماعەتو، هەواڵی پێدا کە بێگومان ئەو بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێتو دەڵێت: شایەتی دەدەم کە بەڕاستی عائیشە پێی وتم: لە پێغەمبەری خوام (صلى الله علیه وسلم) بیستووە، دەیفەرمو: (یقتل الحسین بأرض بابل). واتە: (حسین لە خاکی بابل دەکوژرێت). کاتێك نوسراوەکەی خوێندەوە، وتی: کەواتە هەر دەبێت من مەرگم لەپێش بێت؟).

## ٤- زانا بوو لەکۆتا ساتەکانیدا

(عمرة) هەمیشە خۆی بۆ مەرگ ئامادە دەکردو حەزی بە گەیشتنەوە بوو بە خوای گەورەو بارودۆخی ئارامی شاری مەدینەیش شایەتی لەسەر ئەوە دەدا، کاتێك ساتی مەرگی نزیك بوویەوە بە براکەیی وت کە باخو بێستنانێکی لە نزیك (بقيع)دا هەبوو:

لە باخەکەدا شوێنی گۆڕێکم پێ بدە، بەڕاستی لە خاتو عائیشەم بیستووە دەیفەرمو: (كَسْرُ عَظْمِ الْمَيِّتِ كَكَسْرِهِ حَيًّا)(رواه أبو داود).

واتە: (شکاندنی ئێسکی مردوو وەك شکاندنێتی بە زیندوویی). خاتو (عمرة) لە ساڵی (٩٨)ی کۆچیدا وەفاتی کردو، کرا بەژێر گڵەوە، وەك خۆی ویستی کە دفن بکرێت لە نزیك (بقيع)ی شاری مەدینەی پیرۆزو، زانستەکەی بە درێژایی کاتو زەمان مایەوە، تا ئێستا.

# صفیەی کچی أبي عبید

## (ژناو پێشەنگ بوو)

### ١- قوتابی مێردەکەی بوو:

ناوی (صفیەی کچی أبي عبید)ە، باوکی لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) موسڵمان بوو، لە ساڵی (١٣)ی کۆچیدا خەلیفە (عمر) کاری پێ سپاردو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە (عیراق)یان فەتح کردو، پردێك لەوێ بەناوی ئەوەوە ناونرا: (جسر أبي عبید) ڕووداوو کارەساتێك لای پردەکەدا ڕوویدا، لەو ڕۆژەدا شەهیدکرا کە هەشت سەد کەس لە موسڵمانەکانی لەگەڵدابوو.

خاتو (صفیة) خێزانی (عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی خطاب)ە، پێشەوای پێشەنگ، کە (صفیة) ئەخلاق‌و ئاکارو ڕێنمایی لەوەوە وەرگرتووە، کە بووەتە گەورەترین ئافرەتی شوێنکەوتووان، بەوەیش خاتو (صفیة) بە قوتابی مێردەکەی لە قەڵەم دەدرێت‌و، شانازی پێوە دەکات‌و، زانست‌و بەدەستهێنانی زانستی لا خۆشەویست بووە، بەڕاستی پێشەوا (عمری کوڕی خطاب)ی بینیوەو فەرمودەی لێوە ڕیوایەت کردووە. لە (موسی ی کوڕی عقبەی کوڕی نافع)ەوە وتویەتی: (صفیەی کچی أبي عبید) هەواڵی دا پێم، وتی: گوێم لە پێشەوا (عمری کوڕی خطاب) بوو، کە لە نوێژی بەیانیدا سوورەتی (الکهف)ی دەخوێند).

هەروەها فەرمودەی لە سیان لە دایکانی باوەڕدارانەوە گێڕاوەتەوە،

کە ئەوانیش: خاتو عائیشەو (حفصةی کچی عمر)و (أم سلمة) بوونو، پێشەوایان (مسلمو أبو داودو النسائي) فەرمودەیان لێ گێڕاوەتەوەو، لە گەورە پیاوانی شوێنکەوتوانیش فەرمودەیان لێ گێڕاوەتەوە، لەوانە: (سالم ی کوڕی عبدالله)و (نافع ی مولای عبدالله)و (عبدالله ی کوڕی دینار)و (موسای کوڕی عقبة)ی خاوەنی کتێبی (المغازي) بەناوبانگ.

## ٢- مارەیی نهێنی

پێشەوایان (أبن کثیر)و (الطبري) چیرۆکی شوکردنیمان بۆ دەگێڕنەوە کە ناونیشانی (المهر السري)(مارەیی نهێنی)مان بۆ دەردەخات. بەڕاستی (عمری کوڕی خطاب)(خوای لێ ڕازی بێت) نمونەیەکی چاك بوو لەسەر پارێزگاری کردن لەماڵو سامانی موسڵمانانو، خەڵکی ڕوویان دەکردە خێزانو کەسو کارەکەی ئەو، ئەمە وای کرد لە (عبدالله) کە بە نهێنی دووسەد درهەم بۆ (مارەیی)یە کەمەکە زیاد بکاتو، جێتان دەهێڵین بۆ لای گێڕانەوەکان:

- (عبدالله ی کوڕی عمر)(خوایان لێ ڕازی بێت)،(حفصةی کچی أبي عبید)ی خواست لە سەردەمی ژیانی (عمر)ی باوکیدا، لە ساڵی (١٦) ی کۆچیدا، (عبدالله ی کوڕی عمر) دەڵێت: (باوکم لەباتی من چوارسەد دەرهەمی دا بۆ مارەیی (صفیة)و منیش بە نهێنی دووسەدم بۆ زیادکرد).

(نافع)یش بە درێژی ئەم دیمەنە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (أبن عمر) خاتو (صفیة)ی خواست، لەسەر مارەیی چوارسەد درهەم، (صفیة) ناردی بە شوێنیدا وتی: ئەمە کەمە بەشمان ناکات، ئەویش بە نهێنی دووسەد درهەمی تری بۆ زیاد کرد.

## ٣- خێزانێکی عومەری

ئەمە نیسبەت دانە بۆ (عمری کوڕی خطاب)، (صفية) پێنج کوڕی بوو هەموویان لە زانا شارەزاکان دەرچوون‌و، دوو کچی چاکەکاریش. لەم خێزانەدا دوو فەرمان بەدەست هات:

یەکەم: جوان پەروەدەکردنی (صفية) بۆ منداڵەکانی.

دووەم: خۆشەویستی مێردەکەی بۆی، پێشەوا (أبن کثير) شایەتی لەسەر ئەمە دەدات‌و دەڵێت: ((صفیەی کچی أبي عبيد) لە ئافرەتە چاکەکارە خواپەرستەکانەو، خێزانی (عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی خطاب)ە)و، (عبدالله) لە ژیاندا ڕێزو خۆشەویستی بۆی هەبوو).

پێشەوا (عمر)یش ڕێزی زۆری لە خاتو (صفية) دەگرت، لەگەڵ ئەوەیشدا دادپەروەر بوو، خاتو (صفية) هەڵوێستێکی لەگەڵیدا هەبوو کە لەیاد ناچێت، لە ساڵی (١٦)ی کۆچیداو سەرەتای هاوسەرگیرییەکەیدا، پێشەوا (عمر) چەند بەرگێکی وەك (عەبا) دابەشکرد، کە ئافرەتان لەم بەرگەیان دەپۆشی، کە بەرگێکی نەدوراو بوو لە خوری دروستکرابوو، کە لە کەمەرەوە دەبەستراو، هەندێك لە ئامادەبووان کە سەرسام بوون بەو بەرگە، دەیانوت:

بەڕاستی نرخەکەی ئەوەندەو ئەوەندەیە، ئەگەر بنێردرێت بۆ (صفية) ی خێزانی (عبدالله ی کوڕی عمر)(کە یەکەم هاوسەرگیری بوو)، ئەوا ناچێتە لای (أبن عمر). ئینجا (عمر) فەرموی: دەینێرم بۆ کەسێك کە لەو شیاوتربێت، (أم عمارة)(نسیبەی کچی کعب)، (عمر) فەرموی: لە ڕۆژی جەنگی (ئوحود)دا لە پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم) بیست، دەیفەرمو: (بەلای ڕاست یان چەپدا ئاوڕم دەدایەوە ئەو ئافرەتەم دەبینی کە

دەجەنگا).

لەم خێزانە عومەرییەدا، خاتو (صفية) فێربوو کە ببێتە پێشەنگ بۆ غەیری خۆی، بە هەڵوێستو ڕەفتارو کارکردن.

## ٤- ڕاوێژکارو خزمەتکاری مێردەکەی بوو

خاتو (صفية) تەنها قوتابی مێردەکەی نەبوو، کە لە کەسایەتی ئەودا بتوێتەوە، بەڵکو مێردەکەی لە چەندین هەڵوێستی گەورەدا ڕاوێژی پێ دەکردو، باشترین ڕاوێژکار بوو بۆ مێردەکەی، ئەوەیش لەم دیمەنەدا ڕەنگ دەداتەوە کە پێشەوا (الذهبي) لە کتێبی (سير أعلام النبلاء)دا هێناویێتی:

(عبدالله ی کوڕی جعفری کوڕی عمر) دەهەزار درهەمی دا بە (نافع)ی خزمەتکاری (عمر)و (أبن عمر) خۆشیدەویستو ڕێزی لێ دەگرت، ئینجا (أبن عمر) چوویە لای خاتو (صفية)و ئەمەی بۆ باسکرد، ئەویش وتی: تۆ چاوەڕێی چی دەکەیت؟ وتی: چی لەوە زیاتر خێرو چاکەیە؟ ئەو ئازادە لەبەر خاتری خوای گەورە).

خاتو (صفية) بۆ مێردەکەی لەگەڵ ڕێزی بۆیو کە ڕاوێژکاریشی بوو، باشترین خزمەتکاریش بوو بۆی، بە تایبەت لە کاتی نەخۆشیدا، (نافع) دەگێڕێتەوە کە (أبن عمر) نەخۆش بوو حەزی لە ترێ بوو، خێرا (صفية) ناردی بە درهەمێك هێشویەك ترێی بۆ بکڕێو، ئەگەر کەسێك داوایەکی هەبوایە، ئەوا (أبن عمر) پێی دەدا، ئەم هەڵوێستە سێ جار دووبارە بوویەوە، تا خاتو (صفية) ناردی بە شوێن داواکارێکدا، وتی: سوێند بەخوا ئەگەر بگەڕێیتەوە ئەوا خێرت لای من دەست ناکەوێت، پاشان ناردی بۆ کڕینی ترێیەکە، ئینجا (أبن عمر) لەوێ (ترێ)کەی خوارد.

## ٥- خۆشەویستییەك بۆ هەتاهەتا

لەبەر خۆشەویستی بۆ مێردەکەی ئارامی دەگرت لەسەر سروشتو خوی ئەو، بەڕاستی (أبن عمر) دەستکراوەو بەخشندە بوو، لەگەڵ هەژاراندا نەبوایە نانی نەدەخوارد، جەستەی لاواز بوو بوو، ئەمەیش دیمەنێکە کە (أبو نعیم) لە (الحلیة)دا (تخریج)ی کردووە، دەڵێت: بەڕاستی (أبن مطیع) چوو لە کاتی نەخۆشیدا سەردانی (أبن عمر)ی کرد، بینی کە جەستەی لاواز بووە، ئینجا بە (صفیة)ی وت: بۆ نەرمو نیانو باش نابیت لەگەڵی؟ بەڵکو قەڵەو ببێتەوەو خواردنی باشی بۆ دروست بکەیت؟

(صفیة) وتی: بەڕاستی ئێمە ئەوە دەکەین، بەڵام ئەو واز ناهێنێت لە هیچ یەکێك لە کەس‌وکاریو لەوانەی کە ئامادە دەبن، مەگەر بانگیان دەکات بۆ لای خۆی، تۆ دەربارەی ئەوە قسەی لەگەڵدا بکە!

ئینجا (ابن مطیع) وتی: (ئەی أبا عبدالرحمن)، خۆزگە خواردنت دەخواردو، جەستەت بۆ دەگەڕایەوە.

ئینجا (ابن عمر) وتی: (ئەوە بەڕاستی ماوەی هەشت ساڵم بەسەردا دێت، بۆ ژەمێکیش تێرم نەخواردووە، ئێستا تۆ دەتەوێت تێربخۆم، کە شتێکی وا لە تەمەنم نەماوە؟!).

لەو ڕێگاو نەخشانەی کە خاتو (صفیة) گرتبوویە بەر لەسەر ئەم کارە، ئەوە بوو کە خواردن بنێرێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو بانگی دەکردن، تا کاتێك نەخشەکەی سەرکەوت، ئیتر (ابن عمر) یەك کەسی بە دەورەوە نەمایەوە، (ابن عمر) وتی: ویستتان ئەمشەو شێو نەکەمەوە. ئەو شەوە شێوی نەکردەوە.

## ٦- ماڵ ئاوا ئەی پێشەنگەكە

پاش مردنی (عبدالله ی كوڕی عمر)ی مێردی، سكاڵاو هاواری كرد لەدەست چاوی، وەك پێشەوا (مالك) لە (الموطأ)دا دەڵێت: ((صفية) تیژبوو لەسەر مێردەكەی، كلی نەدەدا لە چاوی، تا چاوەكانی ڕیپۆقیان دەركرد)و كلیش بۆ چارەسەر دەبێت، كاتێك ئافرەت ترسی لە چاوەكانی هەبوو، نەك بۆ جوانیو ڕازاندنەوە، ئافرەت لە ماوەی خەمو پەژارەدا نەهی لێكراوە لە خۆڕازاندنەوە.

(أبن سعد) لە (الطبقات)دا (تخريج)ی كردووە كە: (صفية) پیربوو، لەسەر سواری وڵاغ لە نێوان (صفاو مروة)دا دەسوڕایەوە.

مردنەكەی لە دوای ساڵی (٧٣)ی كۆچی بوو، واتە پاش مردنی خۆشەویستی دڵی، كە فێری زانستو فیقهی كردبووو، بوویە مامۆستایەكی شوێنكەوتووی بەڕێز.

# ست الركب

## (کچە ئەرێنییەکە)

### ١- مامۆستای براکەی بوو

(الحافظ أبن حجر العسقلاني)(ت ٨٥٢ هـ) دەربارەی (ست الركب)ی خوشکی وتویەتی: (هۆکاری ناونانی بەم ناوە) بریتییە لە: لە مانگی (رجب)ی ساڵی (٧٠)ی کۆچیدا لە ڕێگای حەج لەدایکبووەو، خوێندەوارو نووسەری وەڵامەکان بووە لە زیرەکیدا).

کەواتە مامۆستای پێشەوای (حفاظ)(ئەو کەسانەی شتیان ڕەوان‌و لەبەردەکرد) بووە: (الحافظ أبن حجر)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کاتێك باسی (ست الركب)ی خوشکی بکردایە، دەیوت: (لە دوای دایکم ئەو دایکمە)و شوێنەوارێکی کاریگەری چاك‌و جوانی هەبوو لەسەری، وتی: (بۆ من زۆر چاك بووەو، هاوڕێیەکی زۆر چاك بووە). بەڕاستی براکەی پەروەردەو گۆش کردووەو فێری زانستی کردووە.

(ست الركب) وەفاتی کرد، کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوویە (٢٨) بیست‌و هەشت ساڵان، بەڵام ئەرێنی بوو، پلەی خاوەنەکەیی بەرزکردەوەو پایەداری کرد لە دونیاو قیامەتدا.

ئەو شانازییەی بەسە کە یەکێك لە قوتابییەکانی (أبن حجر)ە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

## ٢- پەروەرشیاری براکەی بوو

(ست الركب) هەستا بە پەروەردەکردنی براکەی، واتە (ابن حجر العسقلاني)و خوشکی ئەو بووە، باوکی زۆر بایەخی دابوو بە گەشەکردنو پەروەردەو پێگەیاندنی ئەم کچە چاکەکارەو دەیبرد بۆ کۆڕەکانی زانستو، زانست وەرگرتن لە گەورە زانایانو، کردی بە هاوڕێی خۆی بۆ حەجو قورئانی لەبەرکردو، زۆر دەیخوێندەوەو، باوکی مۆڵەتی پێداو، هەروەها کەسی تریش مۆڵەتی پێدا لەوانە: (أبن المعطي) لە شاری مەککەو، (الحافظ العراقي) لە (مصر)و (شمس الدين ی کوڕی مرزوق) لە (تونس)و کەسانی تریش.

بەڕاستی (ست الركب) زۆر بایەخو گرنگی دا بە براکەیو، ئەخلاقو ئاکارە جوانەکانو چاکەکاریو تەقوای لێوە وەرگرت.

براکەیشی (أحمدی کوڕی محمدی کوڕی علي کوڕی أحمدی العسقلاني)یەو، کونیەکەیشی (أبو الفضل)ەو نازناوەکەیشی (شهاب ألدّين) ە، وشەی (حجر)یش نازناوی یەکێکە لە باوكو باپیرانی، وەك (السفاوي) قوتابی باسی کردووەو، (العسقلاني) مەبەست گوندێکە لە (فلسطين) کە بنەچەی باپیرانی لەوێوەیەو، کە (صلاح الدّين ی ئەیوبی) خەڵکەکەی لێ گوێزرایەوە، کاتێك وێرانیان کرد لەبەر لاوازی موسڵمانەکان بۆ پارێزگاری کردن لە دژی فەرەنجییەکانو، نیسبەتی زیاد دەبێت بۆ (المصري القاهري) بە نیسبەت بۆ میسر، چونکە لەوێ لەدایکبووەو، بۆ (قاهرة)یش کە شوێنی نیشتەجێ بوونی بووە، لە (٧٧٣/٨/٢٢ ی کۆچی) لەدایکبووەو لە (٨٥٢/١٢/٢٨ ی کۆچی) وەفاتی کردووە.

# کچە بانگخوازەکان

١- (سودةی کچی عمارة) (وتاربیژێکی ئەدیبە)

٢- (فاطمةی کچی علي) (بچووکە کۆچەرییەکە)

٣- (حفصة ی کچی سیرین) (قورئانیو خاوەن تەقوا)

# (سودةی کچی عمارة)

## (وتاربێژێکی ئەدیبە)

### - شاعیرێکی زمنپاراو:

(سودةی کچی عمارة)، بە تێڕوانینی ڕێزو شکۆداری سەیری (علي کوڕی أبي طالب) دەکات‌و، لەگەڵ براکەیدا بەشداری جەنگی (صفين) دەکات، ئەو جەنگەی کە براکەی تیایدا ناسرا بە بەرەوپێش چوون‌و ئازایەتی‌و سەرکەوتوو، بەڕاستی خاتو (سودة) ئەم ڕەوانبێژی‌و زمانپاراوی‌و شیعرەی لە (بنی هاشم)ەوە وەرگرتووە، ئەوانەی کە باشترین ڕوونکردنەوەیان لابوو.

(سودة) لە یەمەن دادەنیشت، بەڕاستی قورسی‌و ناڕەحەتی ڕێگای چەشت بۆ دیمەشق، تا چاوی بە خەلیفە (معاوية) بکەوێت، تا سکاڵای (والي) یەمەنی لا بکات‌و، ئەو ستەمانەی کردویەتی بەرزی بکاتەوە بۆ لای، بەڕاستی گوێی لە ڕەوانبێژی وتەکانی گرت، لەگەڵ ڕوونی هۆنراوەکەی، ئەمە وای لێکرد کە ستەمی لەسەر لابەرێت‌و، ستەم لەسەر خەڵکی یەمەن لابەرێت‌و، ڕێزی لێگرت‌و بە نوسراوێکەوە گەڕاندییەوە، کە لابردنی (والي) یەمەنی تێدابوو.

### بوێری‌و ئازەیەتی لە حەقدا:

(سودة) مۆڵەتی بۆ لای خەلیفە (معاوية) داواکرد، مۆڵەتی پێدا، چوویە لای‌و سڵاوی لێکرد، وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، پاشان خەلیفە پێ وت: تۆ چۆنیت، حاڵت چۆنە؟ وتی: باشم سوپاس بۆ خوا ئەی پێشەوای باوەڕداران.

خەلیفە پێی وت: ئایا تۆ نەبوویت لە ڕۆژی جەنگی (صفین)دا بە براكەتت وت:

فقد الجيوش وسر أمام لوائه قدما بأبيض صارم وسنان

بەبێ دوودڵی یان ترس وەڵامی دایەوە:

من ئەمەم وتووە ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئەوە نمونەی من نییە كە پشت لە حەق بكاتو، بە درۆیش پۆزش داوا ناكەم.

خەلیفە وتی: چی پاڵی نایت لەسەر ئەوە ؟

وتی: خۆشەویستی (علي)و شوێنكەوتنی حەق.

(معاوية) وتی: دوورە دوورە! ئەمە لە كوێ! هاوشێوەی پایەی براكەت لەیادناچێتەوە، من نەگەیشتوم بەكەس، وەك ئەوەی كە گەیشتووم بە براكەتو قەومی براكەت.

(سودة) وتی: قسەكەت ڕاستە ئەی پێشەوای باوەڕداران، سوێند بەخوا براكەم پلەوپایەی ناپەسەند نەبووەو، شوێنی شاراوە نەبووە.

پاشان هەر (سودة) فەرمووی: سوێند بەخوا داوای لێبوردن دەكەم لە پێشەوای باوەڕداران لەوەدا كە پێویستە داوای بكەم، (معاوية) وتی: بەڕاستی كردم، ئەوەیش لەبەر خۆشەویستیو ڕێز.

## سیاسیەكی شارەزا بوو:

كاتێك ویستی (والي) یەمەن لابەرێت لەسەر ستەمەكانی، چیرۆكی خۆی لەگەڵ (علي كوڕی أبي طالب) بۆ (معاوية) خستەڕوو، وتی: ڕۆژێك

چوومە لای دەربارەی پیاوێك کە کردبووی بە سەرپەرشت بەسەر خێرو بەخشینەکانمانەوە، بینیم نوێژ دەکات، کاتێك تەماشای منی کرد، لە شوێنی نوێژەکەیدا سوڕی خوارد، پاشان بە نەرمو نیانییەوە بە منی وت: ئایا کارێکت هەیە؟ منیش هەواڵی پیاوەکەم پێدا، ئەویش (خوا لێی ڕازی بێت) دەستی کرد بە گریان، پاشان دەستەکانی بەرزکردەوە بەرەو ئاسمانو وتی: (ئەی خوایە تۆ شایەتیت بەسەر منو ئەوانەوە. بەڕاستی من فەرمانم پێ نەکردوون بە ستەم کردن لە دروستکراوەکانتو بەجێهێشتنی مافەکانی خۆت).

پاشان لەگەڵ خاتو (سودة)دا نامەیەکی نووسی، کە لابردنی پیاوەکەی تیابوو، (سودة) دەڵێت: (نامەکەم لێ وەرگرت، سوێند بەخوا بە قوورِ مۆری نەکردبوو، بە ئەڵقە نەیهۆندبۆیەوە، بەوە لەسەر کار لامبرد).

پاش ئەوەی کە (معاوية) گوێی لێگرت، بە نوسەرەکەی وت: بە دادپەروەریو داوای خۆی بۆی بنوسن، پاشان ماڵو سامانو دادپەروەری بۆ گێڕایەوە.

(سودة) وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئایا ئەمە تایبەتە بە من یان بۆ گشت قەومەکەم؟

وتی: نە تۆو غەیری تۆ.

(سودة) وتی: سوێند بەخوا کەواتە ئەوە خراپەو لۆمە دەبێت، ئەگەر دادپەروەری تەواو نەبێت، ئەگەر نا ئەوا سوێند بەخوا من وەك سەرجەمی قەومەکەمم!.

ئینجا (معاوية) وتی: ئادەی پێویستی خۆیو قەومەکەیی بۆ بنوسن، پاشان

بەڕێزو سەربەرزییەوە گەڕاندییەوە بۆ یەمەن.

## یاد بکەرەوە:

- كچانی چاكەكار فێری ئەدەبو هۆنراوەو زمنپاراویو وتاربێژی دەبن، ئەوانە كۆمەڵە هۆكارێكن بۆ بانگەواز كردنی خەڵكی بۆ لای خوا.

- كچانی چاكەكار تایبەتمەندن بە بوێریو ئازایەتی لە حەقو ڕاستیداو لەبەر خوا لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسنو، هەمیشە حەقو ڕاستی سەردەكەوێت.

- كچانی چاكەكار هەڵدەستن بە نوێنەرایەتی كردنی قەومەكەیان بە باشترین شێوازی نوێنەرایەتی لە داواكاری مافەكانو دادپەروەریو یەكسانیدا.

- كچانی چاكەكار بەرژەوەندی گشتی زاڵ دەكەن بەسەر بەرژەوەندی تایبەتو كەسێتیداو، سوور دەبن لەسەر ئەوە، ئیتر قوربانیدانەكان هەرچۆن بێت.

## پەیڤی (سودە)

### خوشكانی خۆشەویست:

جیاوازو تایبەتمەند بن لەناو كۆمەڵگاكەتاندا، لە ڕووی: ڕۆشنبیریو فیكریو زانستیو كردارییەوەو بەرگری لە حەق بكەنو ئاشكرای بكەن بە ئازایەتیو بوێری، ئیتر تۆو كۆمەڵگاكەت بە خێرو چاكەوە سەركەوتوو براوە دەبن.

# (فاطمةی کچی علي)

## (بچووکە کۆچەرییەکە)

### • کچە پاكو خاوێنەکە:

ئەم کچە خاتو (فاطمةی کچی علي کوڕی أبي طالب)ەو، نازناوی دەرکردووە بە (فاطمة الصغرى)، چونکە بچوکترین کچی (علي کوڕی أبي طالب) بووە، بەڕاستی لەبەر ئەوە ناوی ناوە (فاطمة) چونکە زۆر لێکچوون هەبووە، لە نێوان ئەوو (فاطمةی کچی محمد) پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، بە ژیانێکی پاكو جوان لەگەڵ باوکیدا ژییاو، (فاطمةی الزهراء)ی خێزانی بیری باوکی دەخستەوە کە هاوسەرە پاکەکەی بوو، خۆی لە ساڵی (٣٠)ی کۆچیدا لەدایکبووە، هەر لە منداڵیو بچووکییەوە لە ژینگەیەکی زانستیدا ژییاوەو گەشەی کردووە، قوتابی (أسماءی کچی عميس)ی خێزانی باوکی بوو، کە زۆرێك لە فەرمودەکانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەوەوە گێڕاوەتەوەو، کاتێك خاتو (فاطمة) گەیشتە تەمەنی هاوسەرگیری، (محمدی کوڕی أبو سعيدی کوڕی عقيل ی کوڕی أبي طالب) خواستیو، (حميدةی کچی محمد)ی لێبوو.

### • گەشەکردنێکی بوێرو ئازایانە:

حەزی بە ڕاستیو ڕوونی بوو لە وتەو کرداراداو، ڕقی لە ڕییاو ڕووپامایی بوو، ڕێگاکەی ڕەتدەکردەوە، (عيسى ی کوڕی عثمان) لەوەدا دەڵێت: (من لای فاطمةی کچی علي بوومو، پیاوێك هاتو ستایشی باوکی کرد لای،

ئەویش هەندێك خۆڵەمێشی هەڵگرت‌و دای بە دەم‌و چاویدا).

چەند گەشت‌و گەڕانێکی هەبوو لەگەڵ (محمدی کوڕی علي)ی برایدا (کە برایەکی ڕاست بوو لەسەر ئایینداری)، کە (فاطمة) سکاڵای ئەوەی لاکرد بێداری زۆرە، براکەی پێی وت: بێداری‌و بیرکردنەوەکەت با بۆ یادی مردن بێت). (فاطمة) دەڵێت: (منیش ئەو کارەم کرد کە براکەم فەرمانی پێکردم، ئیتر بێداری‌و بیرکردنەوە لای من نەما). ئەمەیش شایەتە لەسەر زانستی فیقهی (فاطمة)و (محمد)ی برای، (أبن جریر) لە (عبدالله ی کوڕی مسعود)ەوە گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ﴾الأنعام:١٢٥

فەرمویەتی: (کاتێك نوورو ڕووناکی بچێتە ناو دڵەوە، ئەوا ئەو دڵە دەکرێتەوەو فراوان دەبێت).

وتیان: ئایا ئەوە نیشانەیەکی هەیە پێی بناسرێتەوە؟ فەرموی: (گەڕانەوەیە بۆ خانەی هەتا هەتایی‌و خۆلادانە لە خانەی غرورو لەخۆبایی بوونێ خۆ ئامادەکردنە بۆ مردن پێش گەیشتن بە مردن).

لە نهێنییەکانی گەشەکردنی تایبەتی ئەو، بێگومان بریتی بوو لە: ڕقی لە خۆ شوبهاندن بوو بە پیاوان، لە کتێبی (السمط الثمين)دا، (عروةی کوڕی عبدالله) دەدوێت، دەڵێت: (چوومە لای خاتو فاطمة، (عروة) دەڵێت: چەند بازنگێکم لە دەستێکیدا بینی، مستیلەیەکیشم لە دەستەکەی تریدا بینی‌و، پەتێکیش لە ملیدا کە مووروی پێوە بوو، منیش دەربارەی پرسیم، وتی: بەڕاستی ئافرەت ناشوبهێت بە پیاوان.

## خزمەتكارێكی بچووك بوو:

كاتێك خێزانەكەی كۆچیان كرد بۆ عێراق، (فاطمة) لەگەڵ (حسين)ی برايدا بوو لە (كربلاء)، كاتێك (حسين)ی برای كوژراو شەهيدبوو، خۆیو براكانی هێنران بۆ (دمشق)، (يزيدی كوڕی معاوية) لەوێ بوو، پياوێك لە مەجليسەكەدا هەستاو وتی: (ئەمەم پێ ببەخشە، واتە -فاطمة-)، (فاطمة) يش دەڵێت: من خزمەتكارێكی بچووك بووم، ترسم لێ نيشت لە قسەكەی دەستم گرت بە جلەكانی (زينب)ی خوشكمەوە، كە لە من گەورەترو ژيرتر بوو، دەيزانی كە ئەو كارە ڕێگە پێدراو نييە) بە پياوەكەی وت: (سوێند بەخوا تۆ درۆزنو لۆمەكراويت، ئەوە بۆ تۆ نييە).

(يزيد)يش بە پياوەكەی وت: بەڕاستی سەير بوو، خوا مەرگت پێ بدات، ئيتر (فاطمة)و خوشكەكانی چوونە ماڵی (يزيد)، پاشان پياوێكی ئەمينو دەستپاكی لەگەڵ ناردن، تا گەياندييە مەدينەی پيرۆز، (فاطمة)يش ويستی خەڵاتی بكات لەسەر ئەمينييەكەی، پياوەكە وتی: تەنها ئەو كارەم لەبەر خوای گەورە كردووەو، لەبەر نزيكی ئێوە لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم)و، ڕەتی كردەوە كە هيچ شتێك وەربگرێت.

- ## خۆشەويستو ڕێز لێگيراو بوو:

بەهۆی فەزڵو چاكەو تەقواو خواپەرستیو زانستييەوە، تايبەتمەندی وەرگرتبوو لە گەشە كردنێكی تايبەتدا، (عمری كوڕی عبدالعزيز) والی شاری مەدينەی پيرۆز بوو، ڕێزی لە (فاطمة ی كچی علي) دەگرت، با (فاطمة) خۆی بۆمان باس بكات -وەك لە (الطبقات)دا، هاتووە- ئەم ڕێزگرتنە لە (والي) مەدينەی ئەو كاتەوە بوو (عمری كوڕی عبدالعزيز)، كە (فاطمة) دەڵێت: (چوومە لای (عمری كوڕی عبدالعزيز) كە لەو كاتەدا

پێشەوای مەدینە بوو، هەموو پاسەوانەکانی لای من ناردە دەرەوە، تا ماڵەکە کەسی تیانەما منو ئەو نەبێت، پاشان فەرمووی: ئەی کچی (علي)... سوێند بەخوا لەسەر زەویدا خانەوادەیەك نییە بە هێندەی ئێوە خۆشەویست بێت لای منو، ئێوە لای من لە کەسو کارەکەی خۆم خۆشەویستترن).

لەبەر ئەوەی (فاطمةی کچی علي)، هەر کاتێك باسی (عمری کوڕی عبدالعزیز)ی دەکرد، زۆر لە خوای گەورە بۆی دەپاڕایەوە تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، لە شاری (دمشق) دفنکرا لە گۆڕستانی (باب الصغیر).

## یاد بکەرەوە

- کچی چاکەکار هەمیشە پارێزگاری دەکات لە پاكو خاوێنی خۆیو هەر لە منداڵییەوە لە زانستەکان وەرگرێت.

- کچی چاکەکار حەزی بە ڕاستو ڕوونییەو ڕقی لە ڕییاو ڕووپامایییەو، خۆی بۆ مردن ئامادە دەکاتو خۆی ناشوبهێنێت بە پیاوان.

- کچی چاکەکار خێزانەکەی خۆی خۆشدەوێتو لە شیرینیو تاڵی ژیاندا لەگەڵیاندا دەبێتو بەرگەی قوربانیدانەکان دەگرێت لەو پێناوەدا.

- کچی چاکەکار بە تەقواو لە خواترسانو زانستەکەیو ئەدەبی جوانی، بە خۆشەویستیو ڕێزدارییەوە دەژی لەناو کۆمەڵگاکەیداو لەناو خەڵکدا.

## پەیڤی (فاطمة)

خوشکی خۆشەویستم: ڕاستو ڕوون بە، بوێرو ئازا بە لە حەقداو، خۆت بۆ مردن ئامادە بکە، بە تەقواو ئیمانەکەت ئەوە جێبەجێ بکەو، خۆشەویستی خەڵکیو ڕێزی خەڵك بۆخۆت دەستبخە.

# (حفصةی کچی سیرین)

## (قورئانیو خاوەن تەقوا بوو)

### ١- ماموٚستای براکەی بوو:

(سیرین) باوکی بوو، (صفیة)یش دایکی بوو، لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیدا سیان لە هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامادە بوونو، (أبي کوڕی کعب) دووعای خێری بۆ دەکردنو هەژدە کەس لە (بدر) ییەکانی هاوەڵانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵدا بوو.

لە بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە پیرۆزە (حفصة) لەدایکبوو، کە لە سەردەمی خەلافەتی (عثمانی کوڕی عفاندا) بوو لە ساڵی (٣١)ی کۆچیدا، بەڕاستی خاتو (حفصة) لەماڵێکی ڕێزداردا گەشەی کرد، کە هاوەڵی بەڕێز (أنس ی کوڕی مالك) چاودێری دەکردنو، لەسەر دەستی ئەودا گەورە بوو پێگەیشتو، لەژێر چاودێری ئەودا پێگەیشتو، لەبەر نزیکی لە خاتو عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە توانی لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەربگرێتو بەهرەدار بێتو، ژمارەیەك لە هاوەڵە شوێنکەوتووەکان فەرمودەیان لێ گێڕاوەتەوە، لەوانە: (محمدی کوڕی سیرین)ی برای، کە ئەگەر گرفتی لە شتێکی قورئاندا هەبوایە، دەیوت: (بڕۆنو پرسیار بکەن لە خاتو (حفصة) کە چۆن دەخوێندرێتەوە). بەو شێوەیە خاتو (حفصة) بەهرەدار بوو لە زانستەکانی قورئان.

## ٢- کچی قورئانی:

چاك شارەزایی ئەو لە زانستەکانی قورئاندا، تەنها لەبەر ئەوە بوو کە بە خوێندنەوەی قورئانو لەبەرکردنیو چاك تێگەیشتنی دەستی پێکرد، کچێکی دوانزە ساڵان بوو، بە فراوانی لە سێبەرو سایەی قورئاندا ژییا بە شەوو بە ڕۆژ، هەر لەم تەمەنەیەوە (حفصة) ڕاهاتبوو لەسەر خوێندنی ویردە قورئانییەکانو، ئەوەی یارمەتی دابوو لەسەر ئەمە پەیوەندی دڵی بوو بە خوای گەورەوەو، لە هەموو شەوێکدا سوور بوو لەسەر خوێندنی نیوەی قورئان، ئەم ویردە پیرۆزی واز لێ نەهێنا تا کۆتایی تەمەنی.

بەڕاستی ئەم ویردە قورئانییە یارمەتیدا لەسەر تێگەیشتن لە کتێبی خوا، (أبن الجوزي) لە کتێبی (صفة الصفوة)دا، دەگێڕێتەوە: (ئێمە چووینە لای (حفصةی کچی سیرین) بەڕاستی جلوبەرگی پانو پۆڕی پۆشیبوو پەچەیشی بۆ کردبوو، پێمان دەوت: (ڕەحمەتی خوات لێ بێت)، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَٱلۡقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرۡجُونَ نِكَاحٗا فَلَيۡسَ عَلَيۡهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعۡنَ ثِيَابَهُنَّ غَيۡرَ مُتَبَرِّجَٰتِۭ بِزِينَةٖ ﴾النور: ٦٠

واتە: (ئەو ئافرەتە پیرو پەك کەوتانەی کە بەتەمای شووکردن نین، قەیناکات ئەگەر هەندێك لە پۆشاکیان دابنێن لە کاتێکدا جوانی خۆیان دەرنەخەن).

ئەویش بە ئێمەی دەوت: ئەی چی دوای ئەوەیە؟ دەمانوت: ﴿ وَأَن يَسۡتَعۡفِفۡنَ خَيۡرٞ لَّهُنَّ ﴾النور: ٦٠

واتە: (خۆ ئەگەر پۆشتەبن ئەوە چاکترە بۆیان).

پاشان دەیوت: جلی پانو پۆڕ جێگیرو چەسپاو بووە.

## ٣- خواپەرستی ژیانی بوو:

خزمەتکارەکەی کاتێك پرسیاری لێکرا دەربارەی (حفصة) کە چۆن دەیبینیت؟

وتی: بەڕاستی ئەو ئافرەتێکی چاکەکارە، وەك ئەوەی تاوانێکی گەورەی کردبێت، ئەو هەموو شەو دەگریو نوێژ دەکات. لە (صفة الصفوة)دا (هشامی کوڕی حسان) دەربارەی خواپەرستی ئەو دەڵێت: دەچوویە ناو مزگەوتەکەیو نوێژی نیوەڕۆو عەسرو ئێوارەو عیشاو بەیانی تیا دەکرد، بەردەوام تیایدا دەمایەوە تا ڕۆژ بەرزدەبوویەوەو، ڕکوعی دەبردو پاشان دەردەچوو بۆ دەستنوێژ گرتنو خەو تا کاتی نوێژ، پاشان دەگەڕایەوە ناو مزگەوتەکەی.

مزگەوت لە ژیانی ئافرەتانی چاکەکاردا بریتی بووە لە ژیانیانو، لەوێدا دەستیان دەکرد بە نزیکبوونەوە لە خواو، دڵیان خۆشدەبوو بە خۆشەویستو، لە شەوو ڕۆژدا تیایدا دەحەوانەوە، ئەوە توێشوو بوو بۆیان لە ژیاندا، لەوێوە دەڕۆیشتن بۆ بانگەواز کردنی خەڵك بۆ لای خواو، ئەم وزە ڕۆحییەیان دەگوێزایەوە بۆ دڵی خەڵکی.

## ٤- بانگەواز کردن خوو نەریتی بوو:

بەم توێشووە ڕۆحییەوە (حفصة) دەڕۆیشتو، هانی خەڵکی تری دەدا لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە، بە تایبەتی لە قۆناغی گەنجیدا، وەك ئەوە بووە کە پسپۆری وەرگرتبێت لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو ئاستی تەمەنەدا،

بە جۆرێك کە هێز لە گوێرایەڵیو گەرمو گوڕیدایە، بۆ پەرستشو، دەدوا لەگەڵ گەنجانی هەردوو ڕەگەزەکە، بەم وتە بەناوبانگەی:

(ئەی گەنجان، سوود لە خۆتان وەرگرن ئێوە گەنجن، بەڕاستی من کارم لە گەنجدا بینیوە).

بەو شێوەیە کچانی چاکەکار بەم بانگەوازەوە دەردەچوون، حەزیان لای غەیری خۆیان بۆ گوێڕایەڵی دروستدەکردو، مەرجی سەرکەوتنیان لەوەدا بووە، کە وەك (حفصةی کچی سیرین) بن، لە پەرستشو زانستو ڕۆشنبیریو گوێڕایەڵیو نوێژو قورئان خوێندنیدا. بە مانایەکی تر: ببنە پێشەنگێکی چاکەکار بۆ غەیری خۆیان.

## ٥- گەورە ئافرەتی شوێنکەوتوان بوو:

بەم لێهاتوویيو خۆئامادەکاریيانەوە حەقی خۆیەتی کە خاتو (حفصة) ببێتە هەڵگری نازناوی (سيدة التابعيات)(گەورە ئافرەتی شوێنکەوتووان)، (أبن أبي داود) دەڵێت: گەورە ئافرەتانی شوێنکەوتووان بریتی بوون لە: (حفصةی کچی سیرینو عمرةی کچی عبدالرحمنو أم الدرداء الصغرى).

ئەوەی بەڵگە دەدات لەسەر ئەمە بریتییە لە: سووربوونی لەسەر ڕۆژووگرتن، بەڕاستی (الهذیل)ی کوڕی شیری لە وشترە شیردەرەکەی پێشکەش کرد، ئەویش وتی: ئەی کوڕی خۆشەویستم خۆ بێگومان دەزانێت من نایخۆمەوە، من بەڕۆژووم، ئەویش وتی: ئەی دایکی خۆشەویستم بەڕاستی پاکترین شیر ئەوەیە لە گوانی وشترەکەدا مابێتەوە، بیدە بە کەسێك کە خۆت دەتەوێتو، (حفصة) بە شیرەکەوە دەگەڕا بۆ هەژاران، تا بەوە ڕازامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنێت.

بەڕاستی زانایانی سەردەمی خۆی شایەتییان لەسەر داوە بە ژیری زۆری، (أياس ی كوڕی معاوية) دەڵێت: كەسێكم شك نەبردووە كە بەباشتری بزانم بەسەر (حفصة)داو، (هشام ی كوڕی حسان) دەڵێت: (كەسێكم نەبینیوە لە خاتو (حفصة) ژیرتر بووبێت).

## ٦- دایكێكی ئارامگر بوو:

خاتو (حفصة) هەستا بە پەروەردەكردنی (هذيل)ی كوڕی بە شێوازێكی چاك، بەڕاستی كاتێك وەرزی زستان دەهات، سووتەمەنییەكی دروست دەكرد كە دوكەڵەكەی زیانی نەبوو، تا دایكی هەست بە گەرمو گوڕی بكاتو، لە تەنیشتی دایكییەوە دەمایەوەو ئەوەی خوا بیویستایە ئەوەی دەكرد، بە چاكەی دایكی زانیبوو، چاكەی زۆری لەگەڵ دەكرد.

بەڵام ئەوە بوو كە (هذيل) هەر بە بچووكی وەفاتی كردو، خوای گەورە ئارامی دا بە دایكی. با (حفصة) خۆی بۆمان بگێڕێتەوە كە چۆن سوودی وەرگرتبوو لە قورئان كە هەڵگری بوو، كە تەمەنی دوانزە ساڵان بووە، لە ئارامگرتنی لەسەر (هذيل) دەڵێت:

(كاتێك (هذيل)ی كوڕم وەفاتی كرد، خوای گەورە لەسەر ئەوە ئارامی پێدابووم خۆی چۆن بیەوێت بەو شێوەیە، بەڵام ئەوە نەبێت كە تووشی خەمو خەفەتێك هاتم لەسەرم لانەدەچوو، بەڵام شەوێكیان سوورەتی (النحل)م دەخوێند، كاتێك گەیشتمە سەر ئەم ئایەتانە: ﴿ وَلَا تَشْتَرُواْ بِعَهْدِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٩٥﴾ مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ ۗ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾النحل:٩٥-٩٦

واتە: (پەیمانی خوا مەشکێنن)و بە هەڵوەشاندنەوەی، بە نرخێکی کەم مەیگۆڕن، (ئەو نرخە هەرچەندە بێت هەر کەمە) چونکە بێگومان ئەو بەشەی لای خوایە لە بەهەشتدا هەر ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن. ئەوەی لای ئێوەیە بە ئێوە بەخشراوە، تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەی لای خوایەو، (لە پێناوی ئەودا دەیبەخشن) هەر دەمێنێتەوە (کە پاداشتی بەهەشتی بەرین و نەبڕاوەیە) سوێند بەخوا بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە خۆگرو ئارامگربوون بە جوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد).

منیش دەموتەوەو دووبارەم دەکردەوە، ئیتر خوای گەورە تاڵی و ناڕەحەتی لەسەر لابردم.

## ٧- قوتابی خاتو عائیشە بوو

تەنانەت لە خۆئامادەکردنیدا بۆ مردن و، خۆشەویستی بۆ گەیشتنەوەی بە خوای گەورە، جوانترین نمونەی دەهێنایەوە، بەڕاستی لە وەرزی حەج و عەمرەدا کفنەکەی لەبەردەکردو، ئەگەر بگەڕایەتەوە لە نزیکی خۆیەوە دایدەنا، تا (١٠) دەی کۆتایی مانگی (رمضان)، لە شەودا هەڵدەساو کفنەکەی دەپۆشییەوەو، نوێژی بۆ پەروەردگاری دەکرد.

هەروەك چۆن بە قوتابێتی لای خاتو عائیشە دەستی پێکرد، ویستی لە کۆتا ساتەکانی ژیانی دونیاشیدا وەك خاتو عائیشە بێت، ئەمەیش لە (فقه)ی (حفصة) بوو، بەڕاستی خاتو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە، کە پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی (طاعون)، ئەویش فەرموی: (أَنَّهُ عَذَابٌ يَبْعَثُهُ اللَّهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَأَنَّ اللَّهَ جَعَلَهُ رَحْمَةً لِلْمُؤْمِنِينَ)(رواه البخاري).

واتە: (بەڕاستی ئەوە سزایە خوای گەورە دەینێرێت بۆ هەر کەسێك بیەوێت لە بەندەکانیو، بەڕاستی خوای گەورە کردویەتی بە ڕەحمەت بۆ باوەڕداران).

(حفصة) ویستی ئەم ئاواتو خۆزگەیە جێبەجێ بکات، (أبو سعد) لە (حفصة)ەوە گێراویەتییەوە کە وتویەتی: (أنس ی کوڕی مالك) پرسیاری لێ کردم. بە چ شتێك حەز دەکەیت کە بمریت؟

وتم: بە (طاعون)، وتی: بەڕاستی ئەوە شەهیدییە بۆ هەموو موسڵمانێك).

(الشیخان) لە (أنس)ەوە، ئەم فەرمودەیان گێڕاوەتەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: (الطاعون شهادة لکل مسلم).

واتە: (مردن بە طاعون شەهیدییە بۆ هەموو موسڵمانێك).

هەروەها پێشەوا (البخاري) ڕیوایەت دەکات کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: (فَلَيْسَ مِنْ عَبْدٍ يَقَعُ الطَّاعُونُ فَيَمْكُثُ فِي بَلَدِهِ صَابِرًا يَعْلَمُ أَنَّهُ لَنْ يُصِيبَهُ إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ إِلَّا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ الشَّهِيدِ).

واتە: (هیچ بەندەیەك نییە بکەوێتە شوێنێك کە (طاعون)ی تیا بێت، بە ئارامگرییەوە لە شارەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو، بزانێت کە هیچی تووش نایەت ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەری نوسیوە، ئەوا ئەو کەسە هەمان پاداشتی وەك شەهیدی دەبێت).

لە ساڵی (١٠١)ی کۆچیدا، کاتێك کچی قورئانی تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵ، خوای گەورە هەڵی دەبژێرێت بۆ لای دراوسێکانیو، ئەو کەسانەی کە لە پێشەوە ئامادەی جەنازەکەی دەبن (محمدی کوڕی سیرین)ی برایو

(حسن البصري) بوون.

## ٨- یاد بكەرەوە

١- به زانست پلەو پایەی كچی چاكەكار بەرز دەبێتەوەو، دەبێتە مامۆستا بۆ هەموو تاكێكی خێزانەكەی، گەورەو بچووك، لە هەردوو ڕەگەزەكە.

٢- كچی چاكەكار هەر لە سەرەتای تەمەنی بچوكییەوە دەست دەكات بە لەبەركردنی قورئانو تێگەیشتن لێیو كاركردن پێیو، بە درێژایی تەمەنی قورئان لەبەردەكاتو دەیلێتەوە.

٣- كچی چاكەكار ئەو كچەیە كە گوزارشت دەكات لە چاكەكانی خۆی بە پەرستشو خۆڕاهێنان لەسەر نوێژو پاپەندبوون بە مزگەوتەوە.

٤- كچی چاكەكار ئەو كچەیە كە تێكەڵی كچە گەنجەكان دەبێتو خوایان بیردەخاتەوەو بانگەوازیان دەكات بۆ گوێڕایەڵی بە پێشەنگییەكی كاریگەر.

٥- ناوبانگی حەقیقیو ڕاست بۆ كچی چاكەكار لە زانستو پەرستشو قورئان خوێندنیدایە، بەوە شیاوی ئەوە دەبێت كە هەمیشە سەركەوتوو بێت.

٦- كچی چاكەكار داوای یارمەتی لەخوا دەكات بە قورئانو تێگەیشتن لێی، تا خۆی بڕازێنێتە بە ئارامگری لەبەردەم تەنگژەو قەیرانەكانو ناڕەحەتییەكانو لەدەستدانی خۆشەویستانی.

٧- كچی چاكەكار ئەو كچەیە بەردەوام دەبێت لەسەر گوێڕایەڵی، تا كۆتا ساتەكانی ژیانیو، خۆی ئامادە دەكات بۆ مردنو حەزی بە گەیشتنەوەیە بە خوای گەورە.

## پەیڤی (حفصة):

ئەی خوشکی خۆشویستم: کتێبی خوا لەبەربکەو بیپارێزەو قورئان بخوێنە، خوای گەورە بە درێژایی تەمەنت دەتپارێزێتو خۆت چەکدار بکە بە زانستو پەرستشو گوێڕایەڵی، بە تایبەت لە کاتی گەنجێتدا، گەنجێتی کاتی کارکردنە.

## کۆتایی

## پاشان چی ئەی کچان؟

بەڕاستی لە سەرتای کتێبەکەوە پرسیمان: کچانی چاکەکار بۆچی؟ پاش ئەوەی کە ئەم گەشتەمان بڕی بە ژیانو بەسەرهاتیاندا، بەڕاستی هەر یەکێك لە کچان بەرو بوومی دۆزییەوە لە هەر قۆناغێکدا بە پێی قۆناغەکە، لە گەشتەکەماندا هیچمان بۆ نەمایەوە ئەی کچان تەنها کارکردن نەبێت، دەبێت هەڵسو کەوتەکانمان لە ژیاندا وەك هەڵسو کەوتی کچانی سەرکەوتوو یەکەمینەکان بێت، بەڵکو خوای گەورە ئێوە لە چاکەکارەکان بنوسێت ئەی کچانو، پێکەوە بچنە ناو نازو نیعمەتەوە لە بەهەشتدا، کە هەموویان (إن شاء الله) موژدەی بەهەشتیان پێدراوە.

ئەی کچان هەمووتان پەیڤەکانتان بۆ ئەو گرێبەستە بێت کە دەیڕازێننەوە، با هەمیشە لەبەر چاوتاندا بێتو، ڕێنماییکار بێت بۆ ژیانتان، ئەوانە کۆمەڵە پەیڤێکن لە زێڕ بەنرخترن.

هەمیشە پوختەی ژیانی هەر یەکە لە کچانی چاکەکارتان لەیاد بێتو، بیکەنە بەرنامەی ڕۆژانەتانو، بیکەنە خشتەیەك، وتەکانو کارەکانتانی

پێ ڕێك بخەن، تا خوای گەورە هەموومان لەسەر خێرو چاکەی دونیا کۆبکاتەوە، هەروەها لە بەهەشتەکەی قیامەتدا. اللهم آمین.

لەبەر ئەوە پرسیاری کۆتاییمان دێت: پاشان کچانی چاکەکار بۆچی؟

باوکی خۆشەویستتان

جمال ماضي

## ناوەرۆك

بابەت لاپەڕە

١- کچانی پێغەمبەران:.................................................................١١

- فاتیمەی کچی محمد (صلى الله علیه وسلم)، (دایکی باوکی)
...............................................................................١٣

- صافورای کچی شعیب (داوێنپاکی بەشەرمو شکۆ)................٢٧

- لیای کچی یعقوب (وەفادارو ئارامگر)..................................٤٠

٢- کچانی هاوەڵە بەڕێزەکان:.......................................................٤٩

- عائیشەی کچی أبی بکر (خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویست) ...................................................................٥١

- عائیشەی کچی سعدی کوڕی أبی وقاص (دوا کۆچکردوو)
...............................................................................٧٣

- (أسماء)ی کچی زید (وتاربێژی ئافرەتان)..............................٧٩

٣- کچانی شوێنکەوتووان:...........................................................٨٧

- (معاذة)ی کچی عبدالله (مامۆستای ئارامگر).........................٨٩

- (نائلة)ی هاوسەری (عثمان ی کوڕی عفان)(وەفادارە کاریگەرەکە). ................................................................٩٦

- (حفصة)ی کچی عبدالرحمن (هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو، هەرچەندە بە تۆپزی بوو)............................................١٠٥

٤- کچانی زانا:.......................................................................١١١

- (عمرة)ی کچی عبدالرحمن (زانایەکی فەقیهـ)...............١١٣

- (صفية)ی کچی أبي عبيد (زانایەکی پێشەنگ)...........١١٨

- ست الركب العسقلاني (کچە ئەرێنییەکە)...........................١٢٤

٥- کچانی بانگخواز:...............................................................١٢٧

- (سودة)ی کچی (عمارة) (وتاربێژو ئەدیب)...........................١٢٩

- فاتیمەی کچی علی (کچێکی پاکی کۆچەری).........١٣٣

- (حفصة)ی کچی سیرین (بانگخوازێکی قورئانی).........١٣٧